زانست

زانست

# دەریایەك لە خۆشەویستی

## پوختەیەك لە ژیاننامەی كاك ئەحمەدی موفتیزادەو بیرەوەرییەكانم لە خزمەتیدا

عمر عبد العزیز

٢٠١٧ ز

بسم الله الرحمن الرحيم


- ناوی کتێب: دەریایەك لە خۆشەویستیی..
- ناوی نووسەر: د. عومەر عەبدولعەزیز
- بابەت: مێژووی کەسایەتی
- نووسینی ناوەرۆك: ڕێکخراوی زانست
- دیزاینی ناوەرۆك: نووسەر..
- نۆبەو ساڵی چاپ: یەکەم، ٢٠١٧ ز
- جۆری خەتی کوردیی: ali- K- sahifa. خەتی عەرەبی: (ali-a-sahifa).


- ناونیشانی ئەلیکترۆنی نووسەر: omer٩٥٨@yahoo.com
- پەیجی ئەلیکترۆنیی نوسەر لە فەیسبوك: عمر عبد العزيز


- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی: ()ی ساڵی ()ی پێدراوە.

# پێڕستی تەوەرە سەرەکییەکان


تەوەرە ـــــــــــــــــــــــــــــــــــــ لاپەڕە

دەسپێکێك دەربارەی ئاشنابووم بە کاك ئەحمەد................٧

**بەشی یەکەم:** پوختەیەك لە ژیاننامەی کاك ئەحمەد.............١١

کۆنگرەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان.............................٢٥

کۆنگرەی یەکەمی شورای مەرکەزیی (شمس)....................٢٧

اسی کاك ئەحمەد لە میدیای سەرەتای شۆڕشدا............... ٣٤

کۆنگرەی دووەمی شورای مەرکەزیی (شمس)................... ٣٨

یرگرانی کاك ئەحمەدو بەسێك کاردانەوەکان................... ٤١

هەڵوێستی کاك ئەحمەد لە شکەنجەدەرانی.................... ٤٥

**بەشی دووەم:** ئەوەی بەندە لە (کاك ئەحمەد)م بینی............ ٤٧

**بەشی سێیەم:** نمونەیەك لە پەیامو هەڵوێستەکانی کاك ئەحمەد...٦٣

**بەشی چوارەم:** هەستی ئەدەبیو نمونەیەك لە بەرهەمەکانی.... ٧٧

**بەشی پێنجەم:** چەردەیەك لەوەی دەربارەی کاك ئەحمەد وتویانە١٠٣

وێنەو بەڵگەنامەکان................................. ١١٩

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ رِجَالٞ صَدَقُواْ مَا عَٰهَدُواْ ٱللَّهَ عَلَيۡهِۖ
فَمِنۡهُم مَّن قَضَىٰ نَحۡبَهُۥ وَمِنۡهُم مَّن يَنتَظِرُۖ وَمَا بَدَّلُواْ تَبۡدِيلٗا ﴾

**الأحزاب/٢٣**

## دەسپێکێك دەربارەی ئاشنابوونم

## بە کاك ئەحمەدی موفتی زادە

سالّی (١٩٨١) لە شاری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە مەرحومی کاك ئەحمەدی موفتی زادە ئاشنا بووم، بێ دوودڵیی‌و زۆرلەخۆکردن، دەڵێم: بەشێك لە شانازییەکانی خۆم لە ماوەی دە ساڵەی مانەوەمدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناسین‌و ئاشنابوونم بوو بە دوو کەسایەتی ناوازەو هەڵکەوتووی ئوممەتی ئیسلامیی، هەردوو عەللامە ئەحمەدی موفتی زادەو ناصری سوبحانی، کە هەردووکیان بە مایەی شانازیی‌و سەربەرزیی مێژووی هاوچەرخی کورد –بگرە ئوممەتی ئیسلام– دەزانم، هەرچەند تا خۆیان لە ژیاندا بوون، بەداخەوە، نە دەسەڵات‌و بەرپرسان، نە خەڵکی وڵاتەکەیان، قەدریان نەزانین.

بەندە لەسەر کاك (ناصری سوبحانی)، لە شوێن‌و کات‌و بۆنەی تردا –خوا قبوڵی کات– تا ڕادەیەك بەپێی تواناو بۆلوانم، هەندێك وەفای برایەتیم ئەنجام داوە،[١] بەڵام نایشارمەوە کە بەرامبەر خۆشەویستم

---

١ سوپاسی خوای پەروەردگار دەکەم کە یارمەتی دام ساڵی ٢٠١٣ تێزی دوکتۆراکەم لە زانکۆی ئەوزاعی (لوبنان)، تەرخان بکەم بۆ کەسایەتی مامۆستا ناصرو هەوڵ‌و بەرهەمە زانستییەکانی، بەناوی (العلامة ناصر سبحاني وجهوده الدعوية والإصلاحية).

کاك (ئەحمەدی موفتی زادە)، بەشەکەی خۆم، خۆم بە کەمتەرخەمو قەرزار ئەزانم، هەرچەند ڕەنگە هۆکاری زۆر هەبن بۆ ئەم دەرەنجامە، کە ئێرە جێی وروژاندنیان نیە.

کاك ئەحمەد، ئەو کەسایەتییە کەموێنەیەیە کە لەگەڵ بەشداریدا لە شۆڕشی ئێراندا دژی کوڕی ڕەزا شای پەهلەوی، شۆڕشێکی تری فیکریی‌و ئەخلاقیی لە ئێراندا خولقاند. بەڕاستی مامۆستا موفتیزادە –کە لەبەر خاکییەتی‌و خۆشەویستیی تایبەتیی، بە (کاك ئەحمەد) ناودەبرا– نمونەی سەرکردەیەکی پێشەنگ‌و مامۆستایەکی شارەزاو باوکێکی میهرەبان‌و پەروەرشیارێکی سەرکەوتوو، لە هەمان کاتدا مرۆڤێکی سادەو ساکارو هاوڵاتییەکی کەمئەرك‌و ئاسایی بوو.

بەندە بۆ یەکەمجار کە چوومە خزمەتی‌و خۆم پێناساند، دەرکەوت کە بەبۆنەی مەلا بەهای باپیرم‌و مەلا محەممەدی مامم –باوکی مامۆستا صلاح الدین محمد بهاء الدین–ەوە بنەماڵەکەمان دەناسێت، زۆر ڕێزی لێگرتم‌و خۆشەویستیی‌و سۆزی تایبەتیی نواند، هەرچەند بەڕێزی لەگەڵ هەموو کەس بەڕێز بوو، بۆیە لە خۆی دەوەشایەوە نازناوی (هێژا)و (بەڕێز)ی بۆ بەکار ببرێت.

مامۆستا ئەحمەد، پێشتر لەسەروبەندی پێش شۆڕشی ئێراندا، بەهۆی نامەیەکی مامۆستا صەلاحەدین‌و ئاشنابوونی بە مامۆستا

(بورهان محەممەد ئەمین)ەوە، شارەزای وەزعی باشوری کوردستانو کارو ڕابوونی هاوچەرخی ئیسلامیی بوو بوو. مامۆستا صەلاح لەو نامەیەیدا کە ساڵی (١٩٧٩) بۆی نوسی، دەستخۆشی لە هەوڵەکانی کاك ئەحمەد کردو بەڵێنی پێ دا کە وەك برایان ئامادەن هاوکاریی بکەن، بەتایبەتی لەڕێی ژمارەیەك لە برایانەوە، کە پێشتر لە باشوور خوێندبوویانو پەیوەندییەکی گەرمیان لەگەڵ مامۆستا صلاح الدين هەبوو، بە تایبەتی تر لە ڕێی مامۆستا بورهان محەممەد ئەمینەوە، کە بڕیار بوو پاش ئەو نامەیە – لەبەر کێشەیەکی تایبەت بەخۆی– سلێمانی بەجێ بێڵێو لە خۆرهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ ببێ.

بۆیە ئەو برایانەی ئاماژەم پێکردن، لە خزمەتیا بەردەوام ڕاوێژیان پێدەکردو هیچیان لێ نەدەشاردەوە، ئەویش درێغی نەدەکرد لە ئامۆژگارییو هاوکاریکردنیان لە هەموو ڕوویەکەوە..

بیرەوەریی خۆم لە خزمەتی کاك ئەحمەدی موفتی زادەدا، لە کاتی ئەو یەکەمجارەی شاری کرماشانەوە لە ساڵی ١٩٨١ دەستی پێکردو تا کاتی دەسگیرکرانی لە کۆتایی مانگی ئابی ١٩٨٢دا بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا لە شارەکانی کرماشانو تارانو هەمەدان، لە بۆنەی جیاجیادا، لە وانە تایبەتەکانیدا، لە وتارە گشتییەکانیدا، لە ماڵی خۆیدا، لە کاتی میوانداریيدا، لە سەفەرداو غەیری سەفەردا، بەتەنیاو

بەکۆمەڵ، لەکاتی نانخواردن، کاتی پشوو، کاتی شەونشینی، کاتی نووستن، کاتی نوێژی بە کۆمەڵ، لە کۆنگرەی دامەزراندنی شورای مەرکەزیی سوننەت لە تاران، لە کۆبوونەوەی داخراوو تایبەتو دانیشتنی دووقۆڵیداو.. هتد، چەندین جار لە خزمەتیدا بووم.. بۆیە پشت بەخوا لە بەشێکی ئەم نووسینەدا ئاماژە بە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی کاك ئەحمەد لە بوارە جیاوازییەکانی ژیانیدا دەکەم.

بەڵام پێش ئەوەی بەشێك لە بیرەوەرییەکانی خۆم لە خزمەتی کاك ئەحمەدداو گۆشەنیگای خۆم دەربارەی بخەمە ڕوو، باشتر وایە تیشکێك بخەمە سەر وێستگە دیارو هەستیارەکانی ژیاننامەکەی تا ئەو کەسانەی نایناسن بە پوختەیەك لە ژیانی ئاشنا ببن، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی هەندێك لە نەیارانی – لە هەردوو لایەنی چەکوشو پواز – بێ ئینصافانە ناویان بردووەو پێیان وابووە دەتوانن مێژووە واقیعییەکەی بشێوێنن.

دواجار، خوێنەری بەڕێز دەتوانێت لە ڕووی ئەو زانیارییانەی لێرەدا دەیانبینێت، ئاشنابێت بە گۆشەیەك لە ژیانو هەوڵو جێدەستەکانی کاك ئەحمەدی موفتی زادە.

# بەشی یەکەم

## پوختەیەك لە ژیاننامەو بەسەرهاتەکانی

## ژیانی کاك ئەحمەدی موفتیزادە

-١-

## پوختەی ژیاننامەی کاك ئەحمەد

کاك ئەحمەد، کوڕی مەلا مەحمودی موفتی، کوڕی عەللامە مەلا (عبد الله)ی مەلا مەحمودی دشەییە،[١] (دشە گوندێکی هەورامانی ڕۆژهەڵاتە، لە نزیك شاری پاوە). لە مانگی بەهمەنی ساڵی (١٣١١ك. هەتاوی)، بەرامبەر کانونی دووەمی ساڵی (١٩٣٣ز)، لە شاری (سنە) لە دایك بووە.

لە سەرەتاوە، ماوەیەك لای مەلا مەحمودی باوکیو مەلا ئەحمەدی حەواری نەسەبو مەلا محەممەدی ئەفشاری سالار، خوێندوویەتی. ئەم مامۆستایە دەڵێت:" بەڕاستی ئەحمەد، نابیغەو هەڵکەوتوو

---

١ مەلا عبد الله دشەیی، (١٨٥٦- ١٩٢٣ز) هەروەك خۆی هەڵکەوتوو بووە، شەش کوڕی هەڵکەوتووی هەبوون: ١- مەلا مەحمودی موفتی باوکی کاك ئەحمەد. ٢- عەللامە محەممەدی میهریی، ناسراو بە (برهان الإسلام)، کە لە ئەستەمبوڵ ژیانی بەسەر بردووەو یەکێك بووە لە کوردە چالاکەکانی تورکیا، (بەندە کتێبێکم لەسەر ئەم کەسایەتییە نووسیوە).٣- عەللامەی ناسراوی لوبنانو شام، محەممەد ڕەشیدی ناسراو بە (خالدی)، لە بەیروت کۆچی دوایی کردووە. ٤- د. عبد الرحمان موفتی. ٥- محەممەد صدیقی موفتی زادە (مەحزون)، مامۆستای زانکۆی تارانو ئەندامی دەستەی کارگێڕیی ڕۆژنامەی کوردستان بووە. ٦- مەلا خالیدی موفتی، حاکم شەرعو موفتی کوردستان بووە.

بوو... له حەوت ساڵیدا لای من دەیخوێند، له ماوەی دووساڵدا زانستەکانی کلیلی زمانو ئەدەبیاتی عەرەبییو عبد الله یەزدی له زانستی مەنتیقدا، لای من خوێند."[1]

له (١٢) ساڵیدا بۆ ماوەی چەند مانگێك چۆته شاری مەریوان. دواتر بۆ ماوەی دوو ساڵ له (١٩٤٩–١٩٥١) چۆته باشووری کوردستان، بۆ ماوەی مانگێك له مزگەوتی (بن تەبەق)ی شاری سلێمانی، لای مامۆستا مەلا مستەفای زەڵمی خوێندوویەتی، پاشان چۆته گوندی عەبابەیلیٚو شارۆچکەکانی هەڵەبجەو بیارەو خانەقین، پاشان ساڵی (١٩٥١) له شارۆچکەی (تەوێڵە)ی هەورامان گیرساوەتەوەو لای مامۆستا مەلا محەمەدی خورماڵ، کوڕی مامۆستا مەلا بەهای بیارە – باپیری نووسەر– خوێندوویەتی. ماوەیەکیش له شارۆچکەی (بیارە)ی هەورامان، لای مامۆستا مەلا کەریمی مودەرریس، کتێبی (جمع الجوامع)ی له زانستی (أصول الفقه)دا خوێندووە.

کاك ئەحمەدی موفتی زادە لەو ماوەیەدا که له باشوری کوردستان خوێندوویەتی، بڵاوکراوەیەکی مانگانەی فەرهەنگیی، سیاسی، کۆمەڵایەتیی، به خەتی خۆی نووسیوەو بەناو فەقێیانو حوجرەو

---

[1] بڕوانه وتاری فارسی: نگاهی گزرا به مبارزاتو زندگی مرد پولايين.. له سايتی (مجاهد كرد).

مزگەوتەکانی زۆرێك لە ناوچەکانی کوردستاندا، بەهاوکاریی هاوەڵەکانی، بڵاویان کردۆتەوە.[1]

هەمان ساڵی (١٩٥١) (ناسراو بە ساڵی بەفرە زۆرەکە) بنەماڵەکەی حەزیان کردووە هاوسەرگیریی بکات، بۆیە دڵی نەشکاندوون‌و (حەسیبە) خانمی پوورزای خۆیان بۆ مارە بڕیوە، بەڵام بەبیانووی خوێندنەوە لە باشووری کوردستان‌و نەپەرژانی لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی هاوسەرگیریی، بە ڕەزامەندیی هەردوولا جیابوونەتەوە.

لە کۆتایی ساڵی (١٩٥١) لەگەڵ مەلا (عبد الله)ی بانەیی، چۆتە ناوچەی پشدەری باشوری کوردستان، هەر لەو ساڵەدا نامەیەکی بەسۆزی لە باوکییەوە بۆ چووەو ناچار بووە بگەڕێتەوە بۆ شاری سنەو هەمان ساڵ لە مزگەوتی (دار الإحسان)ی سنە دەستی کردووە بە وانەوتنەوە بە فەقێیان، لە کاتێکدا کە تەمەنی (١٨ تا ١٩) ساڵ بووە.

پاش گەڕانەوەی کاك ئەحمەد بۆ شاری سنە، لەگەڵ خاتوو (خەدیجە موهتەدی) کچی ڕەحمان ئاغای بۆکانی –یەکێك لە وەزیرانی کۆماری کوردستان– واتە خوشکی سیاسەتمەدارانی ناسراو صەلاحەدینی موهتەدی‌و عبد الله موهتەدی– هاوسەرگیریی دووەمی

---

[1] هەمان وتاری سەرەوە.

دەکات، کە دایکی تاقانە منداڵی کاك ئەحمەد (حەمە ژیان)ە، (تا کاتی ئەم نووسینە)، دانیشتووی شاری سنەیە. کاك ئەحمەد ئەو هاوسەرەشی ساڵی ١٩٧١ کۆچی دوایی کردووەو دوای ئەو هاوسەرگیریی نەکردووە، بە مەرجێك ئەو کاتە تەمەنی کاك ئەحمەد لە ٣٨ ساڵی تێنەپەڕیوە.!

ساڵی (١٩٥٦) کە باوکی (واتە مەلا مەحمودی دشەیی) مامۆستای فیقهی شافعی بووە لە زانکۆی تاران، کاك ئەحمەدیش چۆتە تاران‌و کەم کەم تواناى زانستیی دەرکەوتووەو بۆتە مامۆستای فیقهی شافعی، لە کۆلیژی ئیلاهیاتی هەمان زانکۆ.

هەمان کات لە تاران دەستی کردووە بە چالاکی سیاسی‌و دژایەتی ڕژێمی شای ئێران‌و لەگەڵ هەردوو مامی: محەممەد صدیق موفتی زادەو عبد الرحمن موفتی زادەو کەسانێکی دیکە، لە ڕێکخراوێکی سیاسیدا بە ناوی (بزوتنەوەی خوێندکارانی کورد) چالاکیی کردووە، بۆیە دەزگای (ساواك) لەسەر کار لایانبردووە.

لە ساڵی ١٩٥٩ تا ١٩٦٣ لە شاری تاران، لەگەڵ مەلا صدیق‌و (د.عبد الرحمن)ی مامی، ڕۆژنامەی (کوردستان)یان دەرکردووەو لە (ڕادیۆی کوردیی تاران)یش بەرنامەی بە زمانی کوردیی پێشکەش

کردووە. کاک ئەحمەد لەو ڕۆژنامەیەدا دەیان وتاری ئاینیو ئەدەبییو کۆمەڵایەتیی بەبایەخی نووسیون، کە شایانی گرنگیی پێدانن.[1]

لە ساڵی (١٩٦٢) لە تاران، بۆتە بەرپرسی کۆمیتەی تارانی (حزبی دیموکراتی کوردستان– ئێران)و بەرپرسی دۆسیەی پەیوەندییەکانی حزبی ناوبراو لەگەڵ تورکیا.[2] هەمان کات بۆ دابینکردنی بژێویی خۆی، لە دەفتەرخانەیەکی ئەسنادی ڕەسمیی شاری تاران، کاری ڕۆژانەی دەکرد.

---

١ بەندە لە هەنگاوێگی سەرەتاییدا تەواوی ئەو وتارانەی کاک ئەحمەدم دەستنیشان کردوونو ئێستە لە (ڕێکخراوی زانست) خەریکی تایپکردنەوەیانین، ئەگەر خوا تەمەنو تەوفیق بدات بەتەماین لە هەلێکدا چاپو بڵاویان بکەینەوە، لە بەشێکی تایبەتی ئەم کتێبەدا تیشکێك دەخەمە سەر باسی ئەو وتارانە.

٢ ڕۆشنبیری ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (صلاح الدین موهتەدی)، سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی ئایدیۆیۆژییەوە، بیرکردنەوەی زۆر جیاوازە لە کاک ئەحمەد، بەڵام لە چەندین شوێن ڕۆڵی کاک ئەحمەد زۆر دەنرخێنێت. کە هەندێکیم لەم بەرهەمەدا هێناوە. لە باسی چالاکیی کاک ئەحمەد لە تاران دەڵێت: "جارێکیان کاک ئەحمەدی موفتی زادە، داوای لێکردم خۆمو چەند خوێندکارێك، کۆبونەوە بکەین لەگەڵ خۆیو دوو هاوڕێی." دواتر بەدرێژیی باس لە هۆکارە شاراوەکانی دەرکردنی ڕۆژنامەی (کوردستان) دەکات، کە بایەخێکی مێژوویی گرنگی هەیەو لێرە بوار نیە هەمووی بنووسینەوە. خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ پێشەکی گۆڤاری کوردستان، چاپکراوی بنکەی ژین.

پاش دوو ساڵ چالاكیی چڕو پڕو جۆراوجۆر، كاك ئەحمەد لەگەڵ نزیكەی (١٢٠) لە چالاكوانی كورد –كە لە شاری تاران چالاكی سیاسییان كردووە– دەسگیركراوەو لە زیندانی (ئەوین) بەندكراوەو بۆ ماوەی شەش مانگ دەستبەسەر بووە، ماوەیەكیش لە زیندانی (قزڵ قەلعە) بووە. هەر ئەوكاتە لە ڕادیۆی تارانیش دەركراوەو نەشیانهێشتووە لە زانكۆی تاران دەرس بڵێتەوەو ڕۆژنامەی (كوردستان)یشیان ڕاگرتووەو قەدەغەیان كردووە لە دەرچوون..

لە ماوەی ئەو زیندانكردنەیدا ئاڵو گۆڕێكی فكریی گەورە دێت بەسەریدا، شەوێكیان پێغەمبەری خوا دێتە خەوی‌و قورئانی فێردەكات، كاتێك كە بەخەبەر دێتەوە، ئاڕاستەی ژیانی‌و هەڵس‌و كەوتی ڕۆژانەی دەگۆڕێت. كاك ئەحمەد بۆ خۆی دەربارەی ئەو خەوەی، دەڵێت:

"لە بەرەكەتی ئەو خەوەوە، ڕۆحیەت‌و ڕەوشت‌و ئەندێشەو بیركردنەوەم بە تەواویی گۆڕان. لەو كاتە بەدواوە، تێگەیشتم كە بنەڕەتیترین كار بۆ هیدایەتدان‌و ڕێنوێنیی‌و ڕزگارگرنی خەڵكیی، هێنانەكایەی برافێكی ئاینییە، بە هەڵگرتنی شوێنپێی پێغەمبەران (علیهم السلام)، كە لە قۆناغی یەكەمدا دەبێت كەسانێكی بڕوادارو خاوەن بەڵێن، پەروەردە بكات."

جارێكی تر پێشەوا شافعی دەچێتە خەوی‌و وانەی عەدالەتی فێر دەكات، ئەم خەوەش كاریگەریی زۆر بەسەر كاك ئەحمەددەوە بەجێ دێڵێ‌و تا كۆتایی تەمەنی پێوەی دیاربووە، چونكە نمونەی دادگەریی‌و داكۆكیكار لە مافخوراوو هەژاران بوو.

لە كاتی ئازادكردنیدا دەزگای ساواك داوای لێ دەكەن كە هاوكارییان بكات، تا لە بەرامبەردا بیكەنە مامۆستای (إلهیات) لە زانكۆی تاران، بەڵام كاك ئەحمەد مل ناداو بەڵێنیان ناداتێ.

ساڵی (١٩٦٣) دەگەڕێتەوە بۆ شاری سنەو وەك بانگخوازێكی ئیسلامیی دەست دەكاتە چالاكیی.

ساڵی (١٩٧٦) – سێ ساڵ پێش سەركەوتنی شۆڕشی ئێران– دەبێتە حاكم شەرعی كوردستان، (دادوەری گشتی)، تا كاتی سەركەوتنی شۆڕش، لەگەڵ ئەوەش دەبێتە (موفتی كوردستان).

هەمان ساڵ لە ماڵەكەی خۆیدا لە شاری سنە بە شێوەیەكی هاوچەرخ وانەی ئیسلامیی دەگوتەوەو ژمارەیەكی زۆر لە لاوان ڕوویان تێكردبوو.

ساڵی (١٩٧٨) كە ڕابەری شۆڕشی ئێران ئایەتوڵڵا خومەینی، چالاكییەكانی لە شاری نەجەفی عیراق، دژی ڕژێمی شای ئێران، چڕكردەوە، كاك ئەحمەد پەیوەندیی پێوە دەكات‌و بەڵێنی دەداتێ

که ئەگەر شۆڕش مافی میللەتی کورد بدات، ئەو هاوکاریی بکات لە پشتیوانی شۆڕشدا دژی ئەو ڕژێمە.[1]

لە هاوینی ساڵی (١٩٧٨)دا ژمارەیەك چالاکوانی ئیسلامیی شاری مەریوان – لەوانە بەڕێزان: ئیبراهیم مەردۆخی، عەلی ڕەحمانی، عبد الله ئیرانیی، حەسەن حوسەینی، بورهانی قانعی فەرد، ڕەحمانی حەیدەریو عیززەتی حەللاق– دامەزراوەیەکی ئیسلامیی بەناوی (مەدرەسەی قورئان) دادەمەزرێنن، بە مەبەستی پەروەردەکردنی لاوان. کاتێك کاك ئەحمەد بەوە دەزانێ، دەستخۆشییان لێ دەکاتو پاش شەش مانگ لە شەقامی (فەرەح)ی شاری (سنە)ش هەمان مەدرەسە دادەمەزرێ.[2] پاش ساڵێك لەو بەروارە، کە شۆڕش لە (١٩٧٩) سەری گرت، لە شارەکانی سەقزو بۆکانیش هەمان مەدرەسە کرایەوە.

ڕۆژی (١٩٧٩/٥/٨) کاك ئەحمەد بانگەشەیەکی بڵاوکردەوەو داوای گرێدانی کۆنگرەیەکی کوردستانیی لە شاری (سنە) کرد، کە دواتر بە (کۆنگرەی خودموختاریی سنە) ناسرا، کۆنگرەکە بە ئامادەبوونی سەدان کەس، لە (١٩٧٩/٦/١) گرێ درا.

---

١ روزهای بحران، بهزاد خوشحالی، دیدار لەگەڵ کاك ئەحمەدی موفتی زادە، لا: ٤.

٢ دیداری تایبەتی نووسەر لەگەڵ بەڕێز ئیبراهیم مەردۆخی، یەکێك لە دامەزرێنەرانی (مەدرەسەی قورئان)ی مەریوان. ساڵی ٢٠١٢ز.

سەرەتای ساڵی (١٩٨٠)، کاك ئەحمەد بە یاوەری مامۆستایان: عەلی ڕەحمانیو عبداللە ئیرانیو بورهان ئەمینی، لە بەرپرسانی (برایان)و چەند کەسێکی تر لە دۆستانی، ئاوارەی شاری کرماشان بوون، ساڵی ١٩٨١ ناوی (مەدرەسەی قورئان) یان گۆڕی بە (مەکتەب قورئان).

لە (١٩٨١/٤/١ بۆ ١٩٨١/٤/٣ ) کاك ئەحمەد، بە هاوکاری مەولەوی عبد العزیزو مامۆستا ناصر سوبحانیو بەشداریی صەدان زانای سوننەی کورد، کۆنگرەی یەکەمی (شورای مەرکەزیی سوننەت)ی لە تاران گرێ دا.

لە ساڵی داهاتووداو لە ڕۆژانی (٥و١٩٨٢/٨/٦) (١٤و١٥/مرداد/ ١٣٦١)ی هەتاوی، کۆنگرەی دووەمی شورای شەمس، لە کرماشان بەسترا، بەدوایدا صەدان کەس لە برایانی (مەکتەب قورئان) دەسگیر کران. (لەبەر بایەخی مێژوویی ئەم هەنگاوە، بەشێکی تایبەتم بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە).

لە (١٩٨٢/٨/٢٩)، (١٣٦١/٦/٨)ی هەتاوی، کاك ئەحمەد لە ماڵی بابا مەردۆخی ڕۆحانی- کە مێردی خوشکی خۆیەتی- لە شاری تاران دسگیرکراو پێنج ساڵ حوکمدرا، پاش تەواوبوونی حوکمەکە، بێ هیچ پاساوێکی شەرعییو یاسایی، پێنج ساڵی تر درێژ کرایەوەو تا حەوت ساڵ نەهێڵرا کاك ئەحمەد ببینرێت.

له ڕۆژی (١٩٩٢/٨/١٠) پاش ئەشکەنجەیەکی زۆری دەروونیی‌و جەستەیی‌و دابەزینی باری تەندروستیی، کاك ئەحمەد له زیندان ئازاد کرا.

له (١٩٩٣/٢/١٨)و پاش (٦) مانگ له بەربوونی، له تاران ماڵئاوایی له دونیا کردو له مەراسیمێکی بەشکۆدا، به ئامادەبوونی هەزاران کەس له قوتابی‌و دۆستانی‌و هاوڵاتیانی کوردستان، له شاری سنه به ڕەحمی خوا سپێررا.[1]

---

بۆ ئەو کورتە ژیاننامەیەی کاك ئەحمەد، جگه لەو سەرچاوانەی له پەراوێزدا ١ ئامازەیان پێکراوە، سوود لەم سەرچاوانەش وەرگیراوە: ١- زانیاریی‌و یاداشته تایبەتەکانی نووسەر. ٢- پێگەی ئەلیکترۆنی (الإخوان المسلمون). ٣- پێگەی تایبەتی (مەکتەب قورئان)ی کوردستان. ٤- گۆڤاری (راه ما)، ژماره ٣، وتاری: یاد أیام، نووسینی: حەسەن ئەمینی. ٥- کاك ئەحمەدی موفتی زادە، سەروەت عبد الله، بەرگی ١و٢. ٦- ژیاننامەی زانای گەورەی کوردستان، ناصری سوبحانی، عبد الله عەبدی. ٧- شریتی (ئەمانەت)ی کاك ئەحمەدی موفتی زادە.٨- پێگەی ئەلیکترۆنیی کوردستان پۆست نێت، وتاری عیسا پژمان، من شۆڕشم هەڵگیرساند، بەڵگەنامەی ٢٠١٠/٣/٥.

- ٣ -

## كۆبونەوەیەکی مێژوویی زانایانی کوردستان

لەسەر بانگێشتی کاك ئەحمەدو ڕەزامەندی زانایانو وتارخوێنانی شارەکانی کوردستان، لە ١٩ ربیع الثاني ١٣٩٩ کۆچی، ٢٧ اسفند ١٣٥٧هـ، (١٩٧٩/٣/١٨ز)، لە ماڵی مەلا عبد الله محمدی، وتارخوێنی شاری سەقز کۆبونەوەو لە سێ کۆبونەوەی چڕو پڕدا دۆخی ئێران بە گشتیو کوردستانیان بە تایبەتی تاوتوێ کرد، لەو کۆبونەوەیەدا جگە لە کاك ئەحمەدی موفتی زادە، لە کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردستان ئەم بەڕێزانەش ئامادە بوون:

شێخ عزالدین حوسەینی، کە لەو کاتەدا وتار خوێنی شاری (مەهاباد) بوو، مەلا محمدی ڕەبیعی وتارخوێنی مزگەوتی سوننیەکان لە (کرماشان)، شێخ جەلالەدین حوسەینی ( برای شیخ عزالدین) لە (بانە)وە، مەلا عبد الله محەممەدی، وتارخوێنی شاری (سەقز)، ئیبراهیم مەردۆخی، نوێنەری شاری (مەریوان)، قازی محەممەد خدری، وتارخوێنی شاری (شنۆ)، مامۆستا مەلا عەبدولعەزیزی حوسەینی لە شاری (قەسری شیرین)ەوە، ئەبوبەکری شافیعی

وتاربێژی شاری (بۆکان)، ئاغای زەرینی، نوێنەری شاری (قوروە)، مەلا صالحی ڕەحیمی، وتاربێژی شاری (نەغەدە).

ئەمانەو چەند زانایەکی تر ئامادەی کۆبونەوەکە بوون، کە دەتوانی بڵێی نوێنەرایەتی سەرجەم زانایانی کوردستانیان دەکرد، بە هەموو ڕەوتو بیرکردنەوە جیاوازەکانەوە.

ئەوەی گرنگ بوو لەو کۆبونەوەدا جەختکردنەوەی کاك ئەحمەد بوو لەسەر یەکدەنگییو پاراستنی برایەتییو هەماهەنگیی بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناغەی کە تێیدا بوون، بۆیە سەرەنجامی کۆبونەوەکە ڕاگەیەنراوێکی لێ کەوتەوە، کە ئاراستەی بەرپرسانی حکومەتی ئێرانیان کردو ڕای گشتی ئێرانیشیان لێ ئاگادار کردەوە، ڕاگەیەنراوەکە ئەم خاڵانەی تێدا بوو:

ـ لە ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسایی بنەڕەتیی (دەستوور)ی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، دەبێت زاناو بیرمەندانی ئەهلی سوننەتو شیعە، پێکەوە بنو هەر یاسایەکی بنەڕەتیی دەرچێتو ئەهلی سوننەت تیایدا بەشدار نەبێت، هیچ ئیعتیبارێکی نیە.

ـ دەبێت لە یاسای بنەڕەتیدا ڕاشکاوانە بگوترێت: هەموو نەتەوەکانی ئێران –لەوانە کورد– دەبێت مافە میللیو سیاسیو

کلتوریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و ئابورییەکانیان دەستەبەر بکرێن‌و هیچ نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەیەکی تردا لە پێشتر نەزانرێت.

ـ دەبێت سیاسەتی کۆمەڵایەتیی‌و ئابوریی ئێران بەجۆرێك ڕێکبخرێت کە هەر جۆرە پلەبەندیی‌و جیاوازییەکی چینایەتی –ماددیی، یان مەعنەویی– لەناوبەرێت‌و خۆبەزلزانین‌و زیادەڕەویی لە سەرێکەوەو چەوسانەوە لەلایەکی ترەوە دروست نەبێت."[1]

هەر لەو ڕۆژەدا کە ئەو کۆبونەوەیە کرا، کاك ئەحمەدو شێخ عز الدین حوسەینی ڕێککەوتن‌و ئاشتەواییەکیان مۆرکرد، چونکە پێشتر هەندێك لێکحاڵی نەبوون دروست بوو بوو، کە ناحەزانی کورد دەیانقۆستەوە، بۆیە بە دەسپێشخەریی کاك ئەحمەدو ئامادەیی‌و شایەتی مامۆستا مەلا محمدی ڕەبیعی‌و مەلا عبد الله محەمەدی‌و عبد الرحمن طاهري وتاربێژی سەقز، کاك ئەحمەد ڕاگەیەنراوێکی نووسی‌و هاوهەڵوێستی خۆی‌و شێخ عیزەددینی ڕاگەیاندو شێخ‌و سێ شایەتەکە واژۆیان لەسەر کرد.[2]

---

[1] بڕوانە: پاشکۆی کتێبی دەربارەی کوردستان، ئەحمەدی موفتی زادە، لا:٢٣٧

[2] بڕوانە: پاشکۆی ئەم کتێبە بۆ بینینی وێنەی ئەو ڕێکەوتنە.

## -٣-

# كۆنگرەی ئۆتۆنۆمیی كوردستان

ڕۆژی (١٩٧٩/٥/٨) كاك ئەحمەدی موفتی زادە، پاش ڕاوێژ لەگەڵ ژمارەیەك لە دۆستانی، بانگەشەیەكی بڵاوكردەوەو داوای گرێدانی كۆنگرەیەكی كوردستانیی لە شاری (سنە) كرد، بۆ تاوتوێی كێشەو گرفتەكانی كوردستان، كە دواتر بە (كۆنگرەی خودموختاریی سنە) ناوبانگی دەركرد، كۆنگرەكە بە ئامادەبوونی سەدان كەسایەتیی لە نوێنەرانی لایەنە سیاسییەكانو زاناو كەسایەتییەكانی كوردستان، لە (١٩٧٩/٦/١) گرێ درا.[١]

لەو كۆنگرەیەدا چەندین وتار خوێنرانەوە، كاك ئەحمەد وتارێكی دوورو درێژی داو تیایدا وتی:

".. پێویستە پرۆژەیەكی گشتگیر بۆ (ئۆتۆنۆمی) خودموختاری كوردستان، لە لایەن نوێنەرانی خەڵكی كوردەوە بۆ حكومەت ئامادە بكرێت، ئەمە ئامانجی سەرەكیمانە.. ئەگەر لەم كۆنگرەیەدا نەمانتوانی بگەینە ئامانجێك، لە هەر جێیەكی تری كوردستان

---

[١] بڕوانە: پاشكۆی ئەم كتێبە، بۆ بینینی وێنەی چەند دیمەنێك لە كۆنگرەی تۆتۆنۆمی شاری سنە.

ڕێکبکەوێ کۆنگرەی تر دەگرین، تا هەموو کەس بیرو دیدو پرۆژەی خۆی لە بارەی خودموختارییەوە ڕاشکاوانە ڕاگەیەنن.

دەربارەی پرۆژەو پێشنیار بۆ جۆری سیستمی دەسەڵاتو حکومەت وتی: "سروشتییە ئەم پێشنیارو پرۆژەیەی من لە سەر بنەمای فەلسەفەو سیستمی ئیسلامییە، چونکە نە سیستمی خۆرئاوایی، نە سۆسیالستی، (پرۆژەی خودموختاری) یان بە تەواویی دیموکراسی نیەو مافە نەتەوەییو خۆجێییەکان دابین نین، چونکە لەو سیستمانەدا دەسەڵات لە سەرەوە بۆ خوارەوە دادەڕێژرێ، بەڵام لە سیستەمی ئیسلامیدا ستەمی نەتەوەییو چینایەتی بوونی نیەو دەسەڵات لە دەستی شورا مەحەللییەکاندایە، دواجار ڕۆڵ دەدرێ بە (شورای باڵا)..

ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین کە پرۆژەیەکی تەواو ئامادە بکەینو تەواوی مافەکانی خەڵکی کورد دابین بنو سیستمی خۆجێی دەستەبەر ببێت، دواتر ئەمە پیشانی دەوڵەت دەدەین."[1]

---

[1] ڕۆژنامەی آیندگان، ٢١/خرداد/١٣٨٥ هەتاوی، ١٩٧٩/٦/١١ز.

زادست

-٤-

## كۆنگرەی یەكەمی شورای مەركەزیی سوننەت (شمس)

بەهاری ساڵی (١٩٨١) بوو، ئێمە لە كرماشان بووین، زۆرجار دەچووینە خزمەتی كاك ئەحمەد، سەرەڕای گرفتە جۆراوجۆرەكانی ئێران‌و ئاڵۆزیی كەش‌و هەوای سیاسی‌و ئەمنیی كوردستان، ناوەناوە دەمانبیست حكومەتی ئێران لەبیری ئەوەدایە كە بە ژمارەیەك كەسانی پشتیوانی شۆڕش‌و دەسەڵات، (شورا)یەك دروست بكات‌و ئەوانە بە نوێنەری شەرعیی خەڵك بیناسێنێت.

بۆیە كاك ئەحمەد لە مانگی ئازاری١٩٨١دا لەگەڵ دەوربەری‌و ژمارەیەك لە كەسایەتییەكانی ناوچەكانی تری ئێران، كەوتە ڕاوێژو بیروڕا گۆڕینەوە، بۆ گرێدانی كۆنگرەیەك بۆ ئەهلی سوننەتی ئێران، بۆ هەڵبژاردنی (شورایەكی شەرعیی) لە نوخبەی زانایان‌و كەسایەتییەكانی ئەهلی سوننەت‌و باسكردنی ئەو ناحەقیی‌و ستەمانەی كە هەر لە سەردەمی شای ئێرانەوە دژی كورد بە تایبەتی‌و ئەهلی سوننەت بە گشتی كراون.

بۆ ئەو مەبەستە، پەیوەندیی كرد بە كەسایەتییە ناودارەكانی ئەهلی سوونەتەوە، وەك: (مەولەوی عبد العزیز) لە بەلوجستان‌و

(مەولەوی عبد الحمید) لە زاهیدانو و (مەولەوی اللّٰه یاری) لە شاری بیرجەندو (مەولەوی سەید فازل) لە مەشهەدو ژمارەیەکی تری زۆر لە زاناو بانگخوازانی ئەهلی سوونەت، لە کوردستانەوە تا ناوچەکانی بەلوجستانو خوراسانو بیرجەندو بەندەرەکانو ناوچەکانی تالّشو.. هتد. سەرەنجام پاش ڕاوێژو گۆڕینەوەیەی زۆری بیروڕا، ڕۆژانی (٤/١ بۆ ١٩٨١/٤/٣) لە شاری تاران، کۆنگرەکە گرێ درا، بەندە لە لایەن کاك ئەحمەدەوە لەگەڵ مامۆستا بورهان ئەمینیو کاك حەمە ئەمین مەحمودو کاك محەممەد ڕەفیق کەرکوکیی، دەعوەت کراین، کە لە عێراقییەکاندا تەنها ئەم چوار کەسە بانگهێشت کرابووین.[١]

لەو کۆنگرەیەدا ژمارەیەکی زۆر زانای ناودارو کەسایەتیی سیاسیو بانگخوازیی سەراسەری ئێران لە کوردستانەوە تا بەندەرەکان، تا زاهیدانو بەلوجستانو تورکمانسەحرا، بانگهێشت کرابوون، لەوانە:

١- کاك ئەحمەدی موفتی زادە، لە کوردستانەوە، (سنە).
٢- مەولەوی عبد العزیز لە زاهیدانەوە.
٣- ناصری سوبحانی، لە کوردستانەوە، (پاوە).
٤- مەلا عبد اللّٰه محمدی، لە کوردستانەوە، (سەقز).

---

[١] بڕوانە بەشی بەڵگەنامەکانی کۆتایی ئەم کتێبە، بۆ بینینی سێ وێنەی ئێمە (لە ئامادەبووانی باشووری کوردستان) لە کۆنگرەی ناوبراودا.

٥- مەلا شێخ عەبدولعەزیزی قەسری شیرین.

٦- مەولەوی عبد الحمید، بەڕێوەبەری (دار العلوم)ی زاهیدان.

٧- مەولەوی عبد الملك، کوڕی مەولەوی عبد العزیز. (زاهیدان).

٨- مەولەوی سید فاضل، لە (خوراسان)ەوە.

٩- مەولەوی (اللّٰه یاری)، لە (بیرجەند)ەوە.

١٠ــ مامۆستا مەلا صالحی خوسرەوی.

ئەوانەو دەیان کەسایەتی تر بەشداری کۆنگرەکە بوون.

لەو کەسایەتییە ناسراوانەی –پاش وتارێکی دوورو درێژو مێژوویی کاك ئەحمەد– وتاریان هەبوو: مەولەوی عبد العزیز لە زاهیدانو مامۆستا ناصری سوبحانی لە کوردستانەوە بوو.

لەو کۆنگرەیەدا کاك ئەحمەد دەعوەتی نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆی ئێرانو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەر بە حکومەتی کرد، بۆ ئەوەی دواتر نەکەونە هەڵەی هەڵسەنگاندنو بڵاوکردنەوەی هەواڵو ڕاپۆرتی چەواشەکارانەو ناڕاست، بەڵام بەداخەوە کەسیان نەهاتنو ڕۆژانی دواتر – وەك پێشبینیمان دەکرد– زۆر بە ئاوەژوو ناو لەو کۆنگرەیە براو نازناوی (شورای **طائف**)یان بەسەردا سەپاند، (شورای **طائف**، کۆنگرەیەك بوو کە لەو سەروبەندەدا لە شاری (**طائف**)ی سعودیە بەسترا بوو، کە بەدڵی بەرپرسانی ئێران نەبوو)..

کۆنگرەی (شەمس) پاش دوو ڕۆژ وتارو گفتوگۆی تێرو پڕ، دوا بەلاغی ڕاگەیاندو بەو پێیەی نوێنەری زۆربەی ناوچەکانی ئەهلی سوننەتی ئێران ئامادەی بوون، داواکارییە بنەڕەتییەکانی ئەهلی سوونەت خرانە ڕوو، لەوانە:

- هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی یەکێتی ئوممەتی ئیسلامیی‌و لەنێوبردنی دیاردەکانی پەرتەوازەیی‌و چەند دەستەیی.
- پێکهێنانی شوراگەلی سەر بە (شورای مەرکەزیی سوننەت) لە تەواوی شارو ناوچە سوننی نشینەکاندا، تا ببنەی ئەڵقەی لێکگرێدانی نیوان (شەمس)و (جەماوەر)ی ئەهلی سوننەت.
- هەوڵدان بۆ هەلگرتنی ستەمی (مەزهەبی)و (نەتەوەیی)و (چینایەتی) لە سەراسەری ئێراندا، لە ڕێی چاکسازیی برگەو مادده جۆراوجۆرەکانی یاسای بنەڕەتی (دەستور)ەوە.
- دامەزراندنی مەرکەزێك، یان مزگەوتێك لە تاران بۆ سوننییەکانی نیشتەجێی ئەو شارە، بە مەبەستی ڕێکخستنی کۆبونەوەو سازدانی بۆنەو خزمەتگوزارییە ئاینییەکانیان، (جومعەو جەماعەت‌و وتارو هتد.).
- بەهێزکردنی قوتابخانەو خوێندنگەی زانستییە شەرعییەکان‌و کردنەوەی خولی فێرکاریی وانەوتنەوە بۆ مامۆستایان‌و فێرکارانی ڕێکارە ئاینییەکان.

- پێکهێنانی گروپی بانگخوازیی، بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوولاَتییانی ئەهلی سوننەت.
- پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ نووسینەوەی مەنهەجی قوتابخانەکانی ئەهلی سوونەت.
- چاپکردنی بلاَوکراوەیەکی هەمیشەیی، بۆ گەیاندنی داواو هیواکانی ئەهلی سوننەت.
- هەنگاونان بۆ ڕێگرتن لە سووکایەتی بە کەسایەتییەکانی ئیسلامو جێکردنەوەی لە دەستوردا.
- داوای تایبەتکردنی ماوەیەك لە پەخشی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی سەراسەریی ئێران بۆ ئەهلی سوننەت.
- دامەزراندنی حاکم شەرعو وتاربێژان، بە ڕاوێژی ناوچەکانی ئەهلی سوننەت بێت.

**هەڵوێستی بەرپرسانی ئێران لە شورای مەرکەزیی سوننەت (شمس):**

دیارە ئەم کۆنگرەیە بێ کاردانەوە نەبوو، هاوڵاتیانی ئەهلی سوننەت– لە کوردستانەوە تا بەندەرەکان، لەوێشەوە تا خوراسان‌و زاهیدان‌و بەلوجستان‌و تورکمان سەحرا– پێی گەشبونەوەو چاوەڕێ بوون ببێتە هۆی گەشەی ئاینیی‌و مەزهەبیی‌و سیاسی‌و ئابوریی ناوچەکانیان، بەڵام بەرپرسانی حکومەتی ئێران زۆر پێی نیگەران بوون. یەکێ لەو هەڵوێستانە لە ڕابەری شۆڕش (خومەینی)یەوە بوو، کە پاش دە ڕۆژ لە کۆنگرەکە، لەگەڵ هەندێ میوانی شاری (گورگان)، کە سەردانیان کردبوو، لە ١٩٨١/٤/١٣، وتی: " لە ناوخۆی ئێران پیلان دەگێڕێ، بە ناوی شیعەو سوننەوە دووبەرەکی دەنرێتەوە، بەکرێگیراوانی ئەمریکا بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا، هەروەها بۆ بەرژەوەندی ڕوسیا، (!)، ئەم باسانە دەوروژێنن. با ئەو برادەرانە –کە بۆ نانەوەی فیتنەی دووبەرەکی کاردەکەن– وریا بن، (!) ئەگەر بەکرێگیراوی ئەمریکاو ڕووسن، ئامۆژگاریی وەرناگرن.."

بەو جۆرە ڕابەری ئێران ئەو کۆنگرەیەی هەڵسەنگاندو وێنای ئەو هەموو کەسایەتیی‌و زانایانەی ئەهلی سوننەتی کرد، بۆ جەماوەری ئێران‌و ڕای گشتیی، لە کاتێکدا کۆنگرەکە کراوەو ئاشکرا بوو، میوانی زۆری لێبوو، بڕیارو ڕاسپاردەکانی بە ئاشکرا ڕاگەیەنران، کە

جگە لە داكۆكیی لە ڕاستییەكانو دڵسۆزیی بۆ شۆڕشی ئێران، ئامانجێكی تری لە دواوە نەبوو.

لە بەشێكی تری قسەكانیدا ڕابەری شۆڕش وتی: "حاڵی حازر كەسانێك هەن دەیانەوێ ئەم ئێرانە بكەنە پاروویەك بۆ گەرووی ئەمریكاو ڕوسیا (!).. لە خودی ئەم تارانە كۆبونەوە دەكەن، خەریكی كاری شەیتانین.. ئاخر ئێوە چ زیانێكتان لە ئەمنیەتو ئاسایشی ئێران دیوە؟ ئیسلامو كۆماری ئیسلامییو قورئانی پیرۆز، چ زیانێكی بە ئێوە گەیاندووە؟ (!)" بەم جۆرە وێنای هەڵبژاردەی زانایانی ئەهلی سوننەتی كرد.. جا بۆ ئەوەی خەڵكی دڵنیا بكاتەوە كە مەبەستی كۆنگرەی (شەمس)ە، وتی: "ئەوانە تاوێك لە (سنە)و تاوێك لە (كرماشان)و تاوێك لە (تاران)، خەریكی فەسادو فیتنەن (!)".[1]

[1] ئەم وتارە سەرپێییەی ئایەتوڵڵا خومەینی، ڕۆژی ١٣/٤/١٩٨١ز ، (٢٤/١/١٣٦٠) هەتاوی، لە دەزگاكانی ڕاگەیاندنی ئێران بڵاوكرایەوە.

-٥-

## پێناسی کاك ئەحمەد لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەسەڵاتدا

بە پێویستی دەبینم کە پێش وەڵامدانەوەی کاك ئەحمەد بۆ ئەو لێدوانو هەڵوێستانەی بەرپرسان، ئەم بڕگەیە لێرەدا دابنێم، تا بزانین کاك ئەحمەد لە دیدی بەرپرسانی ئینقیلابدا –تەنها لەبەر جیاوازیی بیرو ڕا– لە چ ئاستێکەوە، کەوتە چ ئاستێکی تر؟!

لە ڕۆژانی یەکەمی پاش سەرکەوتنی شۆڕشدا، ڕادیۆو تەلەفزیۆنی مەرکەزیی تارانو ڕۆژنامە ناسراوو بەربڵاوەکانی ئێران، وەك: (کیهان، جمهوری اسلامی، اطلاعات، آیندگان..) کاك ئەحمەدیان وەك سەرکردەی ئەهلی سوننەتو نوێنەری ڕاستەقینەی کوردو ڕابەری مەزهەبی دەناساند، بۆ نمونە ئەم نازناوو وەصفانە دەبینین:

" عەللامە ئەحمەدی موفتی زادە لەڕابەرانی پلە یەکی ئێران"[1]

"ڕابەری مەزهەبیو سیاسی.."[2]

" ئەحمەدی موفتی زادە، ڕابەری مەزهەبییو سیاسی گرۆی ئیسلامی.."[1]

---

[1] ڕۆژنامەی کەیهان، ١٣٥٧/١٢/١.

[2] ڕۆژنامەی اطلاعات، ١٣٥٨/١/٢٥.

" عەللامە ئەحمەدی موفتی زادە، نوێنەری واقیعیی خەڵکی کوردستان."[2] "ڕابەری ئەهلی سوننەت.."[3] "ڕابەری مەزهەبیو نەتەوەیی کوردستان."[4]

بەڵام لە برگەی پێشوودا بینیتان کە ئەم "ڕابەرە پلە یەک"ەو ئەم "سەرکردەو نوێنەر"ە ڕاستەقینەیە، تەنها لەبەر بوونی ڕایەکی تری ئازاد –جیاواز لە ڕای بەرپرسان– چۆن ناوی براو چۆن وەصف کرا؟

**وەڵامی کاك ئەحمەد بۆ لێدوانو هەڵوێستی بەرپرسان:**

بەهەرحاڵ، لە وەڵامی ئەو قسانەی ڕابەری شۆڕشدا، کاك ئەحمەد نامەیەکی دوورودرێژی حەوت لاپەڕەیی ڕاستەوخۆ، بۆ خۆی نووسیو تیایدا دەڵێت: "... قسەکانتم گوێ لێبوو، کە بۆ میوانە (گورگان) ییەکانت کردن، دیار بوو ئاماژەت بە منو شورای مەرکەزیی سوننەت کردبوو، هاوشێوەی ئەو قسانەش ڕۆژانە لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنو ڕۆژنامەکاندا دەبیستم، کە خەڵکی چەواشە دەکەنو دەترسن ڕاستییەکان بگەنە خەڵکی، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێ گومانم هەیە– بە

---

[1] ڕۆژنامەی ئایندەکان، ١/٢/ ١٣٥٨.

[2] ڕۆژنامەی کەیهان، ١٣٥٧/١٢/٨.

[3] ڕۆژنامەی کەیهان، ١٣٥٧/١٢/١٥.

[4] ڕۆژنامەی کەیهان، ١٣٥٧/١٢/٢٨.

حوكمی پێگەکەت – قسەکانت کاریگەرییان هەبێ، تاقەتم نەبوو کاتم بەقسەکردن لەسەر درۆو دەلەسەو بوختانەکانی ئاغایانەوە بکوژم.."

پاشان کاك ئەحمەد هۆی نووسینی نامەکەی ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت: " دەمەوێ دڵنیا بن نووسینی ئەم نامەیە بۆ داکۆکی کردن لە خۆم نیە، یان بۆ داپۆشینی ئابڕووچونێك نیە کە ئێوە باسی دەکەن، چونکە سوپاس بۆ خوا لە پێشینەی سیاسیمدا، لەو کاتەوە خوا بەهرەی ئیسلامی پێ بەخشیوم، شتێك نیە کە ڕێزگرتنم دەربخات بۆ هیچ دیکتاتۆرو تاغوتێك، تا کاتی ڕاپەڕینەکەی ئێوەش لەساڵی ١٣٤٢دا ( مەبەستی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٦٣ زاینی خەڵکی ئێرانە دژی ڕژێمی شا).. هەروەها نوسینەکەم پاساویش نیە بۆ کۆنگرەی شورای (شەمس)، چونکە شورای (شەمس) ڕوونەو ئاشکرا گرێدراو بۆ پاراستنی برایەتیو یەکێتی بەسترا..

پاڵنەر بۆ نووسینی ئەم نامەیە دوو شتە.. یەکەم: جێی داخە کە ئێوە دیفاع لە خائینەکان دەکەنو شەڕ دژی دڵسۆزان ڕادەگەیەنن. دووەم: گەلی پاڵەوانی ئێران بەهایەکی گرانی بەخشی، تا ئەم شۆڕشە سەرکەوت، بەهیوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، بەڵام زۆر جێی داخو ئەفسوسە کە سەرەنجامی ئەم گیانفیدابییە ببێتە ناوێکی بێ ناوەڕۆكو شکڵێکی بێ کرۆك. من وەڵامی دوو خاڵ دەدەمەوە:

١ـ گومانتان لەوە کە شورای مەرکەزیی سوونەت، پەیوەندیی بە لایەنانێکی دەرەکییەوە هەبێت.

٢ـ مەسەلەی دەستوور، ئەو هەویرە تێکهەڵشێلراوەی کە تەنانەت لەگەڵ فیقهی جەعفەریش ناگونجێت..

جا ئەگەر ئێمە ئەهلی پیلانو تیرۆرینو بەکرێگیراوی بەعسو ڕوسو ئەمریکاو ڕژێمی پەهلەوین، ئیتر بۆ لە گفتوگۆو پرسینەوە دەترسن؟ کەسانی ئەهلی حەقو ڕاستیو دروستی، نابێت هەرگیز لە ڕووبەڕوبونەوەی گومڕاییو لادانو گەندەڵیی، بسڵەمێنەوە! ئەوەی لە گفتوگۆ ڕادەکات ئەوە بڕوای بە خۆی نیە کە لەسەر ڕاستییو دروستیی بێت.."

لە کۆتاییدا کاك ئەحمەد ڕوو بە ئایەتوڵڵا خومەینی ڕابەری شۆڕش دەڵێت: "ئەگەر ئاغایان لە گفتوگۆی کراوە لە گەڵمان دەترسن، ئێوە تەکلیفیان بکەن بەم بابەتە، چونکە ئێوە سەرکردەی شۆڕشن، با بۆ ئێوەو هەموو خەڵکیی ڕاستو درۆو فێڵو خیانەت، دەرکەوێت. چاوەڕێی بڕیاری یەکلاکەرەوەتانم." [١]

تاران ٣/٢/ ١٣٦٠ ك ١٢/٤/١٩٨١ز

---

[١] أحوال أهل السنة في ايران، محمد سرور زين العابدين، عمان، ٢٠٠٧، ص: ٤٧. ڕوونکردنەوەکەم لە عەرەبییەوە وەرگێڕایە سەر کوردیی.

زانست

-٦-

## كۆنگرەی دووەمی (شمس)

پاش ساڵێكو چوار مانگ له كۆنگرەی یەكەم، كۆنگرەی دووەمی (شمس)، له ماڵی خودی كاك ئەحمەد له شاری كرماشان، له كەش‌و هەوایەكی زۆر ناسازو ئاڵۆزی سیاسی‌و ئەمنیدا، له ڕۆژانی (١٤و١٥/ مرداد/١٣٦١)، (٥و٦/٨/١٩٨٢) زاینی، ساز كرا.

ئەوەندەی بەنده لەو كاتەدا ئاگادار بووم، بەرپرسانی حكومەتی ئێران زۆر دژ بوون به گرێدانی كۆنگرەكه، بۆیه پارێزگاری كرماشان‌و بەرپرسانی ئەمنیی شارەكه، كاك ئەحمەدیان ئاگادار كردەوه كه بڕیاری بەستنی كۆنگره له كرماشان هەڵوەشێنێتەوە، چونكه بەرپرسانی باڵای وڵات ئاگاداریان كردوونەتەوه كه به هیچ شێوەیەك ڕێگا نەدەن ئەو كۆنگرەیه ببەسترێت.

جگه لەوەش -ئێمه ژمارەیەك له برایان، كه لەو كاتەدا دانیشتووی شاری (پاوه) بووین- زانیاریمان هەبوو كه حكومەت زۆر توندو گرژەو ئەگەری زۆره كۆنگرەكه تێكبداتو هەموو ئامادەبووان دەسگیر بكاتو پێشبینیی زۆر خراپتریشمان دەكرد، بۆیه پێمان باش بوو كه كۆنگرەكه دوابخرێت بۆ كاتێكی تر، كه دۆخەكه ئاسایی ببێتەوە،

ئەم بۆچوونەشمان بەشێوەیەکی ڕەسمیی بە کاك ئەحمەد گەیاند، بەڵام بەڕێزیان وەڵامی ئەوە بوو، کە نامەو ئاگادارینامەیەکی زۆری ناردووە بۆ صەدان لە کەسایەتییەکان لە تەواوی ناوچەکانی ئێران‌و ناکرێت ئەو کۆنگرەیە دوا بخرێت.

بەهەر حاڵ، کاك ئەحمەد بە ئامادەبوونی نوێنەرانی سوننی دەیان ناوچەی ئێران، وتارێکی پێشکەش کرد، کە زیاتر لە شەش سەعاتی خایاند، لەسەر ئێران بە گشتی‌و هەڵەکانی دەسەڵاتدارانی حکومەت‌و ناهەقییەکانی سەبارەت بە ئەهلی سوننەت بەگشتیی‌و کوردستان بە تایبەتی، ڕوونکردنەوەی دا.

لە دوای ئەو، نوێنەرانی شوێنە جیاجیاکانیش قسەیان کردو گرفتەکانی ناوچەکانیان خستە ڕوو، سەرئەنجام بەلاغێکی کۆتایی نوسراو تیایدا وێنەی واقعی سیاسی ئێران خرابووە ڕوو.

لە کۆتایی ڕۆژی دووەمدا دووکەس لە برادەرانی کاك ئەحمەد کە دەیانویست لە مزگەوتی گەورەی سوننییەکانی کرماشان (مزگەوتی شافعی)، ئەو بەلاغەی کۆنگرەکە بڵاو بکەنەوە، لە لایەن دەزگاکانی ئاسایشی ئێرانەوە دەستگیر کران. پاش سێ ڕۆژ لە شاری کامیاران نزیکەی (١٠) کەسی تر لە لایەنگرانی کاك ئەحمەد دەسگیر کران، پاش هەفتەیەکی تر لە شاری سنەشدا زیاتر لە (٣٠) کەس گیران.

پاش پێنج مانگو لە (٨) ی شەهریوەری هەمانساڵی ١٣٦١هـ، واتە لە (١٩٨٢/١٢/٢٩) کاك ئەحمەدو هاوکارێکی بە ناوی ئەمینی ئەکبەری، لە ماڵی خوشکی خۆی لە تاران کە هاوسەری بابا مەردۆخی ڕۆحانییە، دەستگیرکران.

دوابەدوای ئەوان ژمارەی دەستگیرکراوان لە تەواوی شارەکانی سنەو مەریوانو سەقزو پاوەو ڕوانسەرو جوانڕۆو کرماشانو دیواندەرەو بۆکانو سەردەشت، لە (٢٠٠) کەس تێپەڕی.

ئەم کەسانە هەموو حوکمدران، حوکمەکان لە نێوان (٢ تا ١٥) ساڵی تێدا بوو، کاك ئەحمەد (٢) ساڵ بە بەبێ دادگاییکردن مایەوە، پاشان حوکمی (٥) ساڵی بەسەردا درا، بەڵام پاش تەواوبوونی ماوەی حوکمەکە، (٥) ساڵی تر مایەوەو (١٠) ساڵ زیندانیی کێشا، تا پاش نەخۆشییەکی زۆر لە (١٣٧١/٥/١٩)، (١٩٩٢/٨/١٠ز) ئازاد کراو لە (١٣٧١/١١/٢٠) بەرامبەر (١٩٩٣/٢/٨ز) لە نەخۆشخانەی (ئاسیا)ی تاران، بە هۆی ئەو نەخۆشییەوە کە لە زینداندا دووچاری بوو بوو، کۆچی دوایی کرد.

-٧-

## دەستگیرکرانی کاك ئەحمەدو بەشێك لە کاردانەوەکان

لەگەڵ دەسگیرکردنی کاك ئەحمەدی موفتی زادەدا – لە ١٢/٢٩/ ١٩٨٢ دا– هەوڵە ناوخۆییەکان دەستیان کرد بە گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی تاران، سەرەتا لە لایەن برایانی مەکتەب قورئانەوە هەواڵەکە بەڕای گشتی ڕاگەیەنراو دۆستو هاوکارانی پێشووی کاك ئەحمەدی لێ ئاگادار کرایەوەو لەڕێی هەندێك میانگیرەوە گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسان کرا، بەڵام دادێکی نەداو ڕۆژ دوای ڕۆژ بازنەی دەسگیریی دۆستو هاوکارانی کاك ئەحمەدی موفتی زادە فراوانتر بوو.

پاش ماوەیەك هێزو کەسایەتییە ئیسلامییەکانی دونیای ئیسلام – لەوانە کۆمەڵەی برایانی موسڵمان، کۆمەڵی ئیسلامیی پاکستان، جەمعیەتی ئیسلامیو حیزبی ئیسلامی ئەفغانیو کەسانێکی وەك: حیکمەتیارو ڕەبانیو سەیافو مستەفا مەشهورو یوسف نەدا لەڕێی جۆراو جۆرەوە، پەیوەندییان کرد بە بەرپرسانی ئێرانەوە، بەڵام لە ڕێی بەڵێندانو ئەمڕۆو سبەی کردنەوە، دۆسیەکەیان دواخستو بەدەم هیچ داوایەکەوە نەهاتن.

ئەم هەڵوێستە وای کرد کە دەنگی ناڕەزایی ئەو لایەنە ئیسلامییانە بەرز ببێتەوەو پەنا بەرنە بەر نووسینی ڕاپۆرتو گلەیینامەو ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی. بۆ نمونە: گۆڤاری (الدعوة)ی ئۆرگانی (برایان) کە لە نەمسا دەردەچوو، لە ژمارە (٧٧)ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٢دا، وتارێکی لە ژێر ناونیشانی (علماء مجاهدون في سجون إسلامية) بڵاوکردەوە، کە تەرخان بوو بۆ هەواڵی دەسگیرکردنی کاک ئەحمەدو دۆخی ئەهلی سوننەتو لە ئێراندا.[١]

وتارەکە هەواڵی سەردانی وەفدەکەی (برایان)ی بۆ تاران بڵاو کردۆتەوە، کە پەیوەندییان کردووە بە سەرۆك کۆماری ئەو کاتە ( أبو الحسن بني صدر)ەوەو هەوڵی ئاشتەواییان داوەو دواتر سەردانی کوردستانیان کردووەو چاویان کەوتووە بە کاك ئەحمەد.

هەروەها وتارەکە پاش ئەو هەواڵە، ئاماژە دەکات کە "ڕۆژ بە ڕۆژ ئاراستەی مەزهەبیی دەسەڵاتدارانی ئێران تۆخ دەبێتەوە، هەرچەند میدیای دەرەوەی ئەو وڵاتە وا دەردەخات کە دەمارگیریی مەزهەبییان تێپەڕاندووە.. بەڵام هەڵسو کەوتی کردەیی شتێکی ترە.

---

[١] بڕوانە پاشکۆی ئەم کتێبە بۆ بینینی بەرگی گۆڤارەکەو مانشێتی وتارەکە.

پاشان بەمجۆرە کاك ئەحمەد دەناسێنێت: "مامۆستا موفتی زادە هەوڵی دا جیاوازیی مەزهەبیی تێپەڕێنێت، ئەویش لە ڕێی دامەزراندنی دەزگای ئیسلامییەوە کە بانگەشە بۆ هۆشیاریی ئیسلامیی دەکەن، دوور لە حەساسیەتی نەتەوەیی‌و مەزهەبی. بەڵام دەسگیرکراو دەستبەسەرکراو خۆی‌و هاوکارانی‌و ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی سوننە تۆمەتبارکران بە مەزهەبگەرایی‌و شوێنکەوتەیی کۆنگرەی تایف.."

لە کۆتایی وتارەکەدا (برایان) داوایان کردووە کە: "مامۆمستای موجاهیدو برازاکانی بەر بدەن‌و ئازادیی بەکاری ئیسلامیی بدەن، لە هەموو بوارو گۆڕەپانەکاندا."

پاش ساڵێك لەو بەرواره دوباره گۆڤاری (الدعوة) لە ژمارەی (٨٣)ی مایسی ١٩٨٣ باسی کاك ئەحمەدی وروژاندەوەو نووسی: "ناکرێ موجاهیدانی ئیسلامیی لە زیندانی ئیسلامیدا بن". لەو ژمارەیەدا ڕەدی گۆڤارێکی لایەنگری ئێرانی دابووەوە، بەناوی (الطليعة الإسلامية) کە لەشاری لەندەن دەردەچوو، چونکە لە وتارێکدا ویستبووی کاك ئەحمەد خەتابار بکات.. بۆیە (الدعوة) ڕەدی دەداتەوەو ڕەخنە لە دەسەڵاتی ئێران دەگرێ‌و دوبارە داوا

دەکاتەوە کە کاك ئەحمەدو هاوکارانی ئازاد بکرێنو قەیدو بەند لەسەر کاری چالاکوانانی ئەهلی سوننەت هەڵگیرێ.."[1]

هەر لەو هەلو مەرجەدا گۆڤاری (المجتمع)ی برایانی (کوەیت)یش چەندین جار وتارو ڕاپۆرتەهەواڵی لەسەر کاك ئەحمەدو دۆخی ئەهلی سوننەت بڵاو کردەوە، بۆ نمونە لە ژمارەیەکدا ساڵی ١٩٨٣ دوو ناونیشانی دانابوو:

" ئەو ستەمانەی کە دژی ئەهلی سوننەت دەکرێن، کێ کۆتاییان پێ دێنێ؟" و "مامۆستا موفتی زادە لە زینداندا".. لەو ژمارەیەدا بە دوورو درێژیی باسی بارودۆخی ئێران بەگشتیو کوردستانو ئەهلی سوننەت بە تایبەتیو کاك ئەحمەدو برایانی زیندانیکراو، بەتایبەتی کرابوو..[2]

---

[1] دەقی وتاری باسکراو، لە پێگەی ڕەسمی (الإخوان المسلمون) دابەزیوە: WWW.ikwhan wiki.com

[2] بڕوانە: بەشی پاشکۆکان بۆ بینینی ژمارەیەکی گۆڤاری (المجتمع).

## -٨-

## مامەڵەی جەللادان‌و کاردانەوەی کاك ئەحمەد

بەپێی گێڕانەوەی خۆی، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی زینداندا، زۆر ئازاری دراوە، چ جەستەیی، چ گیانی‌و مەعنەوی، بەڵام کاك ئەحمەد لە جێی ڕووخان‌و لاواز بوون، ورەی بەرزتر بۆتەوەو متمانەی بە ڕەوایی کارو بەرنامەو ئامانجەکانی زیادی کردووە. بە پێچەوانەوە بەزەیی بەو جەللادو شەللاق وەشێنانەدا هاتۆتەوە، کە بوونە داردەستی کەسانێکی تر.

زۆر جار ڕادەی ئازاردانی جەستەیی کاك ئەحمەد گەیشتۆتە ئاستی لە هۆش خۆچوون، بەڵام سەرەڕای چەند جار دووبارە بوونەوەی ئەو حاڵەتانە، دڵی ئەوانەی خۆش نەکردووە، کە نەزانانە فەرمانی دڵڕەقانیان جێبەجێ کردووە، بەڵکو هەرکات سەرحاڵ بووبێ، ئامۆژگاریی کردوون.

پاش بەربوونی بە ماوەیەك گێڕایەوە کە: "تا توانییان منیان خستە ژێر ئەشکەنجەو سزادانی جەستەیی‌و ڕۆحی، بەڵام بە لوتف‌و

یارمەتی خوای میهرەبان، یەك (ئاخ)م لەدەم دەرنەهاتو ئەو حەسرەتەم برد بە دڵیاندا.."[1]

هەر لەو گێڕانەوەیەدا سەبارەت بە جەللادەکانی دەڵێت: "سوێند بەخوا، نیسبەت بەوانەی لەگەڵ من دوژمنایەتییان کردو ئەوانەش کە بەبێ هیچ گوناهو تاوانێك منیان لە زینداندا بۆ ماوەی دە ساڵ ئەشکەنجەو ئازار دا، جگە لە خۆزگەی هیدایەتو خێر بۆخواستن، هیچی تر لە دڵمدا نییە.."[2]

کاك ئەحمەد لە ئاکامی ئەشکەنجە دانەوە سێ بڕگەی ملی شکابوو، لەبەر ئەوەش کە چارەسەری پزیشکییان نەکردبوو، بۆیە پاش بەربوونیشی چارەسەری پزیشکی سوودی نەبوو، هەرچەند پزیشکانی خەستەخانەی (ئاسیا)ی تاران، هەوڵی زۆریان لەگەڵ دا.

---

١ پێگەی: (مجاهد کرد)، وتاری فارسی: (نگاهی گزرا به مبارزاتو زندگی مرد پولادین، علامه کاك أحمد).

[2] هەمان سەرچاوە.

# بەشی دووەم

## ئەوەی بەندە لە کاك ئەحمەدی

## موفتی زادەم بینی

"ئازادیی مرۆڤ لە دەروونی خۆیدایە، مرۆڤێك لە دەروونەوە ئازاد بوو، تەواوی هێزەکانی دونیا یەکبگرن، ناتوانن ئەسیری بکەن.. خۆ ئەگەر مرۆڤێکیش لە دەروونەوە ئەسیر بوو، تەواوی هێزەکانی دونیا یەکبگرن، ناتونن ئازادی بکەن و ئازادیی پێ بدەن.."

"نەخۆشـی تاکی ئیسلامیی،
کەمیی سـەرچاوەی دینی و کتێب و زانسـتی
ئیسلامیی نیە، بەڵـکو نەخۆشـییەکەی ئەوەیە
پەروەردەیەکی دروسـتی نیە."

**(کاك ئەحمەد)**

**ناساندنی** کەسایەتیی هەر کەسێك -وەك خۆی- ئەرکێکی مێژوویی‌و شایەتیدانێکی ئەخلاقییە، هەروەك بێدەنگبوون لەئاکارە باشەکانیی، شاردنەوەی ڕاستییە مێژووییەکان‌و داپۆشینی شایەتیدانە، بۆیە لە داب‌و ئەدەبیاتی ئیسلامیدا وا باوە کە کارو ئاکارە جوانەکانی کۆچکردووان باس بکرێن‌و بەگوێی نەوەی دوای خۆیاندا بدرێن.

بەندە بۆ خۆم کاك ئەحمەدی موفتیزادەم لە نزیکەوە ناسیوە، لێرەدا خۆم هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەم‌و شایەتیی خۆم دەدەم‌و لەم بەشەدا قسەی کەس ناگوێزمەوە، (ڕەنگە دواتر قسەی کەسانێکی تر دەربارەی بهێنم)، بەڵام لێرەدا ئەوەی لێم دیوە بە ئەمانەتەوە باس دەکەم، پشت بە خوا دوور لە پیاهەڵدان‌و زیادەڕەویی:

* کاك ئەحمەدی موفتی زادە، نمونەیەکی بەرجەستەی خاکییەتی‌و تەوازوع بوو، کەسێکی زۆر میهرەبان‌و نەرم‌و لەسەرخۆ بوو، دژی ئەوەبوو کەس لەبەری هەستێ، چ جای دەستی ماچ بکرێت، یان هەر دەربڕینێکی تری لەو بابەتە. بەداخەوە هەندێك لەوانەی کە لە دەوروبەریدا بوون، نەیاندەزانی کە ئەو خاکییەتییەی کاك ئەحمەد

دەبێ وایان لێ بكات كە ڕێزی زیاتری بگرن‌و سوودی لێ ببینن‌و لەو بچن، بەڵام بەداخەوە ئەو پەیامە كردارییەی كاك ئەحمەد، زۆر نەنرخێنرا، ئەگەر نەڵێم هەندێك جارو لای هەندێك كەس، بەشێوەی ئاوەژوو سوودی لێ دەبینرا.

* كاك ئەحمەد لە ژیانیدا دۆستی هەژاران بوو، زۆر زاهیدو قانیع بوو، دژی ملهوڕیی‌و زیادەڕەویی‌و ڕەفاهیەت بوو، ئەمە لەناو ماڵی خۆی‌و خواردنی‌و جل‌و بەرگی‌و هەڵس‌و كەوتیدا، ڕەنگی دابووەوە، هەرچەند خۆی لە بنەماڵەیەكی بەتواناو داراو بە ئیمكانیەت بوو.

* كاك ئەحمەد لە تێگەیشتن و بەرجەستەكرانی (برایەتی موسڵمانان) دا نمونە بوو، من بۆخۆم شایەتم كە چەندین جار ئەنجومەنێكی سەركرادایەتی برایان كە ساڵی (١٩٨١) پێكمان هێنابوو – لەهەمان ژووردا كە بەڕێزیشیی تێدا بوو– دادەنیشتین، ڕاوێژمان پێ دەكرد، ڕاوێژی پێ دەكردین، بۆیە زۆر دژی دەمارگیریی گروپیی‌و حزبیی‌و ناوچەگەریی‌و تەنانەت تایفیی‌و مەزهەبیش بوو.

* ئەوەی سەرنجی هەموومانی ڕاكێشابوو، خۆشەویستیی كاك ئەحمەد بوو بۆ پێغەمبەری خواو یارانی، لە كۆچبەران‌و یاریدەران، ئەمە بەدرێژایی تەمەنی پێوەی دیاربوو، هەوڵی ئەدا سوننەتی ئەوان زیندوو بكاتەوە.

* تایبەتمەندییەکی تری کاك ئەحمەد، غیرەتو هیممەتو دەروونبەرزیی بوو. ئەمە لە سەردەمی ڕژێمی شاهەنشاییەوە، تا کاتی گرتنیو پاش بەربوونیشی، پێوەی دیاربوو، لە وتارەکانیدا گوێی بە لۆمەی کەس نەدەدا، خۆمان شایەتین کە چەند جارێك سەرانی دەوڵەتی دیبوو – تەنانەت ڕابەری شۆڕش ئایەتوڵڵا خومەینیش– زۆر بە جورئەتەوە ڕەخنەی لێگرتنو گلەییەکانی خەڵکی پێ دەگەیاندن.

* لەڕووی زانستییو لێهاتنو بەهرە زیهنیەکانییەوە: کاك ئەحمەد کەسێکی زۆر زیرەك بوو، حافیزەی بەهێزبوو، زۆربەی وانەکانی سەردەمی فەقێیەتی لەبیربوو، زۆرجار بیرەوەرییەکانی پێش (٤٠– ٥٠) ساڵی بۆ دەگێڕاینەوە.

* تایبەتمەندییەکی تری کاك ئەحمەد ئەوە بوو زۆر ڕێزی لە میوانو غەریب دەگرتو سۆزو خۆشەویستیی بۆ دەردەبڕیو گرنگیی پێ دەدا. هەرکەس یەکەم جار کە دەیبینی شەیدای ڕەوشتی دەبوو، ساڵی (١٩٨١) لەگەڵ دایکم (پیرۆزخان) –کە لە سلێمانییەوە هاتبوو– لە شاری کرماشان چووینە سەردانی کاك ئەحمەد، ئەو ڕۆژە –وەك ڕۆژانی تر– خۆراکێکی زۆر ئاسایی بۆ نیوەڕۆ ئامادە کرابوو، وا دەزانم چێشتی دۆینەی کوردەواری بوو، کاك ئەحمەد کە ئەوەی

بینی، ئەو کەسەی بانگ کرد کە خواردنەکەی ئامادە کردبوو، ویستی وانەی هاوسەنگیی فێر بکات، پێی وت: مەگەر تۆ نازانی میوانێکی عەزیزی دوورەوڵاتمان هەیە؟ بۆچی هەمان خواردنی خۆمانی بۆ دادەنێی.؟ بەوجۆرە وانەی (ئیکرام)و ڕێزی میوانی، فێری قوتابیانی دەکرد.

* ڕەوشتێکی تری کاك ئەحمەد ئەوە بوو کە لە ناخیدا خواناسییەکی عاریفانەی تەڕو پاراوی پێوە دیاربوو، بەبێ ڕووکەش‌و تەکەللوف، هەستی پێدەکرا، نمونەی کەسی (عارف) و(ذاکر)و بەهۆش بوو، بە مەرجێك زۆر دوور بوو لە (مظاهر)و هەڵس‌و کەوتە شکڵییەکان، کە لای زۆربەی ئەو ئەهلە دەبینرێ.

* ئەوەی من هەستم پێکرد، کاك ئەحمەد بیرکردنەوەیەکی ستراتیژیی وردی هەبوو، لەبیری پەروەردەکردنی نەوەیەکی بەئیمان گۆشکراودا بوو، زۆر جەختی دەکردەوە کە دامەزرانی (ئیمان) و (ئەخلاقی جوان)ی تاك، پایەی یەکەم‌و سەرەکیی بونیادی کۆمەڵگەو بەدوایدا (تەمکین)ی ئیسلامییە، بۆیە پێی وابوو هەر پەلەکردنێك، یان تێپەڕاندنێك لە تاکەوە بۆ قۆناغی تر، هەڵەو بێ ئاکام‌و نەزۆکە.

* کاك ئەحمەد لە ڕووی سیاسیشەوە: هەڵپێکانێکی جوانی کردبوو لەنێوان ڕەهەندی ئیسلامیی‌و نەتەوەییدا، لەگەڵ ئەوەی وازی لە

بیری ناسیۆنالیستی تەسك هێنابوو، بەڵام خۆشەویستیی نەتەوەو نیشتمانو زێدی خۆیو خەبات بۆ ڕزگارکردنی، بە ئەرك ئەزانی، ئەمەش لە وتارەکانیو تەنانەت شیعرەکانی سەردەمی زیندانیدا دیارە.

* سەبارەت بە هەڵوێستی کاك ئەحمەد لە ڕێبازی برایان:

پێویستە بۆ مێژوو ئەوە بڵێم: کاك ئەحمەد زۆرترین ئەو کەسانەی لە ماوەی چوارساڵی پاش شۆڕش، واتە لە (١٩٧٩ بۆ کۆتایی ١٩٨٢) لەگەڵیدابوونو لە ئاوارەیی پشتیوانی بوونو لە پلانو بەرنامەکانیدا هاوکاری بوون، چەند کەسێك بوون کە ئەندامی قیادیی (برایان) بوون، وەك مامۆستایان: ئیبراهیم مەردۆخی، عەلی ڕەحمانی، عبد الله ئێرانی، حەسەن حوسەینی، بورهان ئەمینی. بۆ ماوەیەکیش کەسانێکی تر هەر لە برایان، لە شارەکانی پاوەو مەریوانو ڕوانسەرو جوانڕۆ، لە خزمەتی بەرنامەکانیدا بوون.

بۆیە کاتێك باسی قوتابخانەی (برایان) دەکرا، کاك ئەحمەد زۆر بەڕێزەوە ناوی دەبردن، (حەسەن بەننا)ی ڕابەری برایانی بە موجەددیدی سەردەم دەزانی، بۆیە کاتێك کە شاندی برایانی دەولیی، بە نوێنەرایەتی (یوسف نەدا)ی ڕاسپێرراوی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئیخوانو (غالیب هیممەت)ی سەرکردەی ئیخوانی سوری، لە ساڵی (١٩٨١) چوونە ئێرانو لە شاری کرماشان،

سەردانی کاك ئەحمەدیان کرد، بۆ ئەوەی هەوڵی ئاشتەوایی نێوانی ئەو، لەگەڵ دەسەڵات بدەنو سکاڵاو داواکانی بگەیەنن، زۆر بەڕێزەوە پێشوازیی لێکردنو بڕیارەکەی خۆی گۆڕیو پەیوەندیی کرد بە سەرۆك کۆماری ئێرانەوە کە لەو کاتەدا (أبو الحسن بنی صدر) بوو.

شایانی باسە دوای ئازادبوونی کاك ئەحمەد بە دوو هەفتە لە ساڵی ١٩٩٣ دا کە بیستبوویان کاك ئەحمەد زۆر ناساغەو لە زیندانیدا ئازار دراوە، دووبارە (غالب هیممەت) بە نوێنەرایەتی برایان لە تاران، پاش زەحمەتێکی زۆر، بۆ عیادەتو هەواڵپرسی، سەردانی کاك ئەحمەدی کردبوو، کاتێك لە ماڵی کاك ماجدی ڕۆحانی، مێردی خوشکەکەی بوو.[1]

جێگای ئاماژە پێکردنە کە ڕێزو خۆشەویستیی نێوان برایانو کاك ئەحمەد لە ڕادەیەکدا بوو، کە (یوسف ندا) لە بەرنامەیەکدا لە

---

١ (یوسف ندا): یەکێکە لە دەوڵەمەندە ملیاردێرەکانی دونیا، سەرکردەیەکی ناسراوی کۆمەڵی (الإخوان السلمون)ە، لەو کاتەدا ڕاسپێدراوی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئیخوان بوو، دۆستی آیة الله مونتەزەریو برادەری (بنی صدر)ی سەرکۆماری ئەوکاتەی ئێران بوو. (غالب هیممەت)یش سەرکردەیەکی ئیخوانیی سوریە بوو. یوسف ندا لە لاپەڕە: ١٠٣ بۆ ١٠٦ی کتێبی (من داخل الإخوان المسلمین)، چاپی ٣، دار الشروق، ٢٠١٣، بە دوورو درێژی باسی ئەو هەوڵو سەفەرەی بۆ کرماشان دەکات.

کەناڵی (الجزيرة) کاک ئەحمەدی بە یەکێك لە ئەندامانی برایان داناوە، کە ئەوە هەڵەیەکی مێژووییە کە بەڕێز (یوسف نەدا) تێی کەوتووەو سەرکردایەتی ئیخوانیشی بە هەڵەدا بردووە، چونکە پێگەی (ویکیبیدیای ئیخوان)و سایتە مەرکەزییەکەیان، کاک ئەحمەدی بە سەرکردەیەکی ئیخوانی ئێران داناوە، بگرە هەندێك لە سایتەکانیان بە بنیاتنەری ئیخوانی ئێران ناساندوویانە، کە ئەوە زۆر نادروستەو وا دیارە ئەو ڕێزو خۆشەویستییە زۆرەی کاک ئەحمەد بۆ کەسایەتییەکانی ئیخوانو ئەو هاوبیریی‌و هاوئامانجییە کە لە زۆر بواری خزمەتکردن بە ئیسلامو بانگەوازی ئیسلامیدا، کۆی کردبوونەوە، ئەو خوێندنەوە هەڵەیەی دروست کردووە.

بۆیە لە سۆنگەی ئەو خۆشەویستیی‌و هاوبیرییەوە، کاک ئەحمەد گلەیی لە هەندێك برادەرانی خۆی دەکرد، کە ووتبویان: کاک (ناصری سوبحانی) برادەرانی ئەوان دەکاتە (ئیخوان)، کاک ئەحمەد –کە ئەوکاتە لە زینداندا بوو– لە دیدارێکدا کە باسەکەی بیستبوو، ووتبوی: جا، کاک ناصر چییان لێ دەکات؟ مەگەر وایان لێ ناکات کە لە خۆی بچن؟ چی باشترە لەوە کە ئەفرادی ئێمە وەك (کاك ناصر) یان لێ بێت، کە کەسێکی زۆر خواناسو زانایە..؟ هەروەها کاک

ئەحمەد وتبووی: "کاك ناصر موجتەهیدە، هەرچی وتبێت، وەك زانایەکی موجتەهید وتوویەتی."[1]

کاك سیف الله حوسەینی یەکێك لە دۆستە نزیکەکانی مامۆستا ناصری سوبحانی، خۆی شایەتی ئەوە دەدات کە جارێك لە ساڵی ١٩٨٢دا کاك ناصر –کە لە گەنجیداو تەمەنی ٣٠ ساڵیدا بووە– لە ماڵی کاك ئەحمەد لەبەر ڕۆشنایی هەردوو ئایەتی (لا تقربوا الصلاة وأنتم سكارى) و (أقم الصلاة لذكري)، باسی حیکمەتی نوێژ دەکات، بەڕادەیەك بابەتەکەی کاك ناصر بەلای کاك ئەحمەدەوە وردو زانستیی دەبێت، کە باوەش بە کاك ناصردا دەکاتو دەیگوشێت بەخۆیداو دەڵێت: "کاکە ناصر! تۆ موجتەهیدی". کاك ناصریش بە تەوازوعەوە دەڵێت: "نەخێر، قوربان! من ئیددیعام نیە."[2]

لەسەر ئەم بنەمایە، مامۆستا (عەلی ڕەحمانی) یەکێك لە پێشەنگانی کاری برایان لە ئێران، بۆی گێڕامەوە کە "ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی/١٩٨٠ زاینی، کاك ناصری سوبحانی هاتە شاری سنەو

١ ژیاننامەی زانای گەورەی کوردستان، مامۆستا ناصری سوبحانی، عبد الله عبد العزیز عەبدی، لا: ٨٩.

٢ دیداری کاك سەروەت عبد الله، لەگەڵ مامۆستا سیف الله، لە ساڵی ٢٠٠٩دا. بڕوانە: کاك ئەحمەدی موفتی زادە، سەروەت عبد الله، ١/٢٥٧.

سەردانی کاك ئەحمەدی موفتیزادەی کرد، لەو کاتەدا کاك ئەحمەدو هاوکارانی تازە حزبی (موساوات)یان تەشکیل دابوو. هەندێك لە برادەرانی کاك ئەحمەد – کە بیٚ ئاگابوون لەوەی کاك ناصر لەناو تەشکیلاتی براياندايە– وتبوويان: هۆی چیە کاك ناصر نايەتە ناو حزبی موساوات؟ بۆيە کاك ناصر لە کاك ئەحمەدی پرسیوە: "کاك ئەحمەد! من بەيعەتو پەيمانم بە (برايان) داوە، ئايا جائيزە بێمە ناو ئەم حزبەوە؟" کاك ئەحمەد لە وەڵامدا بە کاك ناصری وتووە: "نەخێر کاکە ناصر! جائيز نيە، برايانيش خزمەتی ئيسلام دەكەن."[١]

بەڵیٚ، من ڕاستەوخۆ بۆ خۆيشم شايەتم، کە کاك ئەحمەد، کاك (ناصری سوبحانی) بە زانايەکی موجتەهيد دەزانی، بۆيە کاتێك کاك ئەحمەد دەسگیر کرا، بەرپرسانی (مەکتەبی قورئان)، داوايان لە سەرکردايەتی برايان کرد، کە مۆڵەت بدەن، تا کاك ناصر بۆ ماوەيەك لەگەڵيان بێت، بۆ ئەوەی بۆشايی نەبوونی کاك ئەحمەديان بۆ پڕ بکاتەوە. ئەوەبوو کاك ناصر ساڵی ١٩٨٣ بۆ ماوەيەك چووە شاری (سنە)و خولو وانەی تايبەتيی بۆ برايانی (مەکتەب قورئان) دانا، بەڵام بەداخەوە لەبەرئەوەی زۆرێك لە برادەرانی مەکتەب لەبەر باری

---

١ ديداری نووسەر لەگەڵ ماموٚستا عەلی ڕەحمانی، سلێمانی، ٢٠١٤/٩/١١.

ئەمنیی‌و سیاسی هەردوولا، بەم پەیوەندییە نهێنییەیان نەدەزانی، دواتر گرفتی دروست کردو ئەو دەستەواژە کاڵ‌و کرچە زۆر دووبارە دەکرایەوە کە: "برایان، ئەندامانی مەکتەب دەکەنە ئیخوان."

لێرەدا بۆ مێژوو پێویستە بڵێم: من بۆ خۆم یەکێك بووم لەوانەی ئەم تاڵاوە ڕۆژانە دەکرا بە گەروومدا، (گوایە ئەندامانی مەکتەب دێنینە ڕیزی برایان)؟!، بەڵام لەبەر خۆشەویستیمان بۆ کاك ئەحمەدو پاراستنی برایەتیی‌و ئەو لایەنە ئەمنییەی ئاماژەم پێکرد، هیچ کاردانەوەیەکمان نەبوو، تا دواتر ڕاستییەکان بۆ هەموولا ڕوونبوونەوەو خۆیان زانیان کە کاك ناصرو ئێمەو برا قیادییەکانی تری برایان، بە ئاراستەو فەرمان‌و بڕیاری هاوبەش، هەر لە ساڵی ١٩٧٩و سەرەتای شۆڕشەوە، لە خزمەتی کاك ئەحمەدا بووین، بەڵام ئەوان نەیانزانیبوو، ئێمەش ئەو بێئاگاییەی ئەوانمان بە عوزر لێ قبوڵ کردن.

ماوەتەوە ئەوەش بڵێم: کە لە نزیکەوە ئاگادارم، جەنابی کاك ئەحمەد لەم خاڵەدا جۆرێك لە حەرەج ڕووی تێکردبوو، چونکە نەیدەویست ئەو ڕێکەوتنە نهێنییە، لای دەورو بەرەکەی بدرکێنێ، بۆیە ئاگادارم کە لە ماوەی نێوان کۆنگرەی یەکەم‌و دووەمی

(شەمس)دا (١٩٨١ بۆ ١٩٨٢) ئەم باسە کاك ئەحمەدی زۆر نیگەران کردبوو.

لە ڕاستیدا مەرحومی کاك ئەحمەد، هەوڵیشی دەدا کە بە ئاماژەو هەندێك قسەو کارو بڕیار، ئەم پەیامە نهێنییە بگەیەنێت، بۆ نمونە: وەصیەتنامەیەکی شەخسیی خۆی لە شریتێکدا تۆمار کردو هەندێك لە نهێنییەکانی ژیانی خۆی تێدا باسکردو ڕایگەیاند کە تا پاش مردنی خۆی، کەس بۆی نیە گوێی لێ بگرێت، دواتر ئەو شریتە بە شریتی (ئەمانەت) ناوبانگی دەرکرد. کاك ئەحمەد ئەو شریتەی بە بەرچاوو بە ئاگاداریی چەندین کەس لە هاوکارو نزیکانی خۆی لە برا سەرکردەکانی مەکتەب قورئان، دایە دەستی مامۆستایەکی بەڕێز لە کوردانی باشور کە مامۆستا (بورهان محەممەد ئەمین) بوو، (ناسراو بە بورهان ئەمینی)، کە –وەك پێشتر باسمان کرد– یەکێك بوو لەو برایانەی ڕاسپێردرا بوو کە پشتیوانیی لە کاك ئەحمەدو کارو پرۆژەکانی بکەن.

مامۆستا عەلی ڕەحمانی بۆی گێڕامەوە: "لە سەرەتای ئینقیلابدا (ساڵی ١٩٧٩ ز) کاك عبد الله ئێرانی بە کاك ئەحمەدی وت: ئێمە زۆر باس لەوە ئەکەین کە گەشە بە خوێندنی حوجرەو فەقێیەتی بدەین، ناکرێ ئێمە هەر بڵێین: مەلا فلانو فیسار لابچنو نەمێنن، بەڵام

خۆمان هیچ نەکەین‌و پەروەردەی فەقێ‌و مەلای تر نەکەین. کاك ئەحمەد لە جوابدا وتی: بەخوا کاك عبد الله، ئەگەر خوا عومر بەم عەبدەی خۆی بدا، حەز ئەکەم ئەم ماڵەی خۆم (ماڵەکەی کاك ئەحمەد لە سنە) بکەمە مەدرەسەو فەقێ بگرم، ئەگەر کاکە ناصر ڕازی بێت، لە (پاوە)وە ئەیهێنم بۆ ئێرە، بۆ پەروەردەی فەقێ."[1]

بەڵێ ئەوە پلەوپایەو ئاستی زانستیی کاك ناصر بوو، لە دیدو تێڕوانینی کاك ئەحمەددا، بە مەرجێك لەوکاتەدا –ساڵی ١٩٨١–کاك ناصر گەنجێکی تەمەن ٣٠ ساڵ بوو، واتە هێشتا نەبووبووە ئەو ناصرە زاناو موحەققیقە، کە شایانی نازناوی (عەللامەیی)، شایانی‌و پڕبەپێستی بوو.

نمونەیەکی تر لە مامەڵەی نێوان ئێمەو کاك ئەحمەد ئەوە بوو کە ئێمە بە بەرچاوی بەڕێزیی‌و هەندێك لە هاوڕێیانییەوە لە برایانی (مەکتەب قورئان)، تەنانەت لە هەمان ژووری کتێبخانەکەی بەڕێزی، لە ماڵەکەی کرماشانیدا، کۆبوونەوەی خۆمان دەکرد، زۆرجار بۆ هەندێك پرس‌و بابەتیش ڕاوێژیشمان پێدەکرد.[2] بەڕێزی بەوکارە

---

[1] دیداری پێشوو..

[2] تا نووسینی ئەم بابەتە، دوو بەڵگەنامەی مێژوویی گرنگی ئەو ڕۆژگارە هەستیارەم پاراستووە، کە دوو بەیاننامەن، ئێمە وەك سەرکردایەتی برایان،

دەیویست بەشێوەی کردەیی ئەو ئاماژەیە بۆ هەماهەنگییەکە بگەیەنێت، کە نەدەکرا بە ڕاستەوخۆ باسی بکات، یان ڕوونی بکاتەوە، بۆیە ئەوانەی لەو بابەتە تێگەیشتبوون هیچ گرفتێکیان لەو خاڵە نەبوو، بۆ نمونە سەرکردەیەکی مەکتەب قورئان (کاک حەسەنی ئەمینی) کە زۆر نزیك بوو لە کاك ئەحمەدەوەو ساڵی ١٩٨٢ لەجێی خۆی کردیە حاکم شەرعی کوردستان، بەمجۆرە وێنای ئەو ڕۆژگارە دەکات، دەڵێت: "لەگەڵ برایانی ئیخوان پتر لە هەر ڕێکخراوێك پەیوەندییو هاوکاریمان هەبوو... زۆر بە یەکەوە نزیك بووین، ئەو (منو تۆ)یەی ئێستە هەیە، ئەوکاتە لەبەینا نەبوو... نە مەکتەبو نە ئیخوان، وازمان لە ناوو ئیشو دەرسو تێکۆشانی تایبەتی خۆمان نەهێنا، بە کورتیی بووین بە یەك.."[1]

* تایبەتمەندییەکی زانستیی کاك ئەحمەد –کە خۆم هەستم پێ دەکرد– ئەوەبوو کە تێگەیشتنێکی (مەقاصیدی) هەبوو لە ئیسلام ،

---

لەو ژوورەدا کە لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد، دەرمان کردن، مێژووی مانگەکانی کانونی دووەمو شوباتی ساڵی ١٩٨٢ یان پێوەیە، بەندە بە هاوکاریی مامۆستا (عبد الله ئێرانی) لەسەر ئامێرێکی چاپی دەستیی، نووسیمانننەوە.

[1] بەشێك لە دەقی نامەی بەڕێز حەسەنی ئەمینی، کە لە ٢٠٠٨ بۆ کاك سەروەت عبد الله ی نووسیوە، بۆ ئامادەکردنی کتێبی (کاك ئەحمەدی موفتی زادە).

بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە واتای دەقەکانی قورئانو فەرمودەی دەکرد، هەرئەوەش وایکردبوو کە تەفسیری جیاواز بۆ هەندێك ئایەتی قورئان بکات، یان بەڕاو ئیجتهادی خۆی ژمارەیەك ڕیوایەت ڕەد بکاتەوە، کە بە فەلسەفەی تەشریعو حیکمەتی شارعی حەکیمو کرۆکی ئاین ناخۆن. بۆ نمونە پێی وابوو کە: ئەو ڕیوایەتانەی وشەی (لەعنەت)یان تێدایە بەرامبەر موسڵمانێك کە گوناهی بچوك دەکات، نابێت دروست (صحیح) بن، هەرچەند لە ڕووی سەنەدیشەوە زانایانی فەرمودە لە ڕیزی (صحاح) دایاننابن، چونکە لە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە وسلم) ناوەشێتەوە کە لەعنەت بکات لە موسڵمان – کە بەمانای بێبەشکردنیەتی لە ڕەحمەتی خوا– لەسەر شتێك کە ناچێتە ڕیزی (کەبائر)و گوناهە گەورەکان. لەوەشدا نمونەی بە ڕیوایەتی (لعن الله الواصلة والمستوصلة، والواشمة والمستوشمة..)[1] هتد، دەهێنایەوە، دەیفەرموو: چۆن ئەگونجێت پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) خۆی

---

[1] ئەم ڕیوایەتە لە: (صحیح مسلم، کتاب اللباس والزینة)، بە ژمارە: ٢١٢٥، لە (ابن مسعود)ەوە گێڕراوەتەوە، بەڵام هەندێك لە زانایان وتوویانە: ڕیوایەتەکە لە جۆری (موقوف)ە، واتە قسەی (ابن مسعود)خۆیەتی، نەك فەرموودە.

بفەرموێت: (ليس المؤمن بالطعان ولا اللعان ولا الفاحش ولا البذيء)[1]، بەڵام لەولاوە هەر خۆی لەسەر هەڵكێشانی موویەكی دەمو چاو، یان كوتانی خاڵێك، داوا بكات لە خوا كە موسڵمانێك لە ڕەحمی خۆی مەحروم كات؟!.

# بەشی سێیەم

# نمونەیەك لە زنجیرە پەیامو هەڵوێستەكانی كاك ئەحمەد

[1] ئەم فەرموودەیەش لەم سەرچاوانەدا هاتووە: (الأدب المفرد)ی بوخاری، بە ژمارە: (٣٣٢)، هەروەها: (سنن الترمذي)، بە ژمارە: (١٩٧٧).

کاك ئەحمەد:

" ئیسلام هەر تەنها عیبارەت نیە لە ئایدۆلۆژیا، عیبارەت نیە لە بەرنامەیەکی فیکریی. ئیسلام عیبارەتە لە سیستمی سیاسی، سیستمی کۆمەڵایەتی، سیستمی ئابوریی. عیبارە تە لە سیستمی پەروەردەیی و سیستمی پەیوەندي یەکان لە ناو کۆمەڵگەدا و سیستەمی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی لەگە ڵ ئەوانی تر.. ئیسلام کۆی ئەمانەیە."

**له سه‌ره‌تای** سه‌رهه‌ڵدانی شۆڕشی مێژوویی گه‌لانی ئێرانه‌وه‌، تا کاتی جیابوونه‌وه‌و که‌نارگرتنی، کاك ئه‌حمه‌د ده‌یان په‌یام‌و ڕونکردنه‌وه‌ی سیاسی‌و کۆمه‌ڵایه‌تیی هه‌ن، که‌، یان ئاراسته‌ی به‌رپرسانی ئێرانی کردوون، یان بۆ جه‌ماوه‌ری ئێران‌و کوردستانی نووسیون.. ئه‌مانه‌ی خواره‌وه‌ ئاماژه‌ن بۆ هه‌ندێك له‌و په‌یام‌و نووسراوو ڕونکردنه‌وانه‌:

- ده‌رباره‌ی هۆشیارکردنه‌وه‌ی گه‌لانی ئێران:

ـ له‌ کۆتا مانگی ساڵی ١٣٥٧ دا به‌ یاننامه‌یه‌کی بڵاو کرده‌وه‌و ئاراسته‌ی گه‌لانی ئێرانی کردو داوای لێکردن که‌ نه‌که‌ونه‌ ژێر کاریگه‌ریی فرت‌و فێڵی دوژمنان، چونکه‌ شۆڕشی گه‌لانی ئێران به‌ کاڵیی سه‌رکه‌وتووه‌و ئه‌گه‌ری سه‌رکه‌وتنی پیلانی دوژمنانی هه‌یه‌.

ـ له‌ ١٣٥٨/١/٢٥ ڕۆژنامه‌ی (اطلاعات) په‌یامێکی کاك ئه‌حمه‌دی بڵاو کرده‌وه‌ که‌ تیایدا ده‌ڵێت: "زۆر جار به‌هۆی کارشکێنیی‌و ناله‌باریی جۆارو جۆره‌وه‌ شۆڕشه‌کان بێ به‌رهه‌م بوون‌و ئاکامیان نه‌بووه‌. له‌ ئێرانیش ئه‌گه‌ر میلله‌ت ئه‌وپه‌ڕی هۆشیاریی به‌ خه‌رج نه‌دات، ترسی ئه‌وه‌ هه‌یه‌ ئه‌م شۆڕشه‌ چاره‌نوسی شۆڕشی ٢٨/مرداد/١٣٣٢ی

هەبێت (مەبەستی کودەتای ئابی ساڵی ١٩٥٣ی دەزگا سیخوڕییەکانی بەریتانیاو ئەمریکاو سوپای ئێرانە، دژی دەوڵەتی محەمەد موصەددەق)، بەتایبەتی لە کوردستان ئەگەری ئەوە هەیە کاری چەوتو دووبەرەکیی، هیوای چەندین سەدەی میللەتی ستەملێکراوی کورد ڕووبەڕووی شکست بکاتەوە".

- دەربارەی مافە نەتەوەییەکانی کورد:

ـ لە هەفتەی یەکەمی مانگی ١٣٥٧/١٢ (ئازاری ١٩٧٩ز) –واتە ڕاستەوخۆ پاش سەرکەوتنی شۆڕش– کاک ئەحمەد ڕایگەیاند کە لەگەڵ ڕابەری شۆڕش لەسەر ئازادیی زمانو نەریتو کلتوری کورد قسەیان کردووەو بەڵێنی داوەتیٚ. هەروەها لە ژمارەیەکی ڕۆژنامەی (کەیهان)ی مانگی ١٣٥٧/١٢دا، نوسیویەتی: "لەداواکردنی مافی ئۆتۆنۆمی کوردان چاوپۆشی ناکەمو بێدەنگ نابم، ئەمە سەرەتاییترین مافی ئینسانییە.".

ـ لە سەرێکی ترەوە دەربارەی ئەگەری ڕەدکردنەوەی خودموختاریی لە لایەن دەسەڵاتی تازەی ئێرانەوە، ڕۆژی(١٣٥٧/١٢/٨) ڕۆژنامەی (کەیهان) لە کاک ئەحمەد دەپرسێت: "ئەگەر حکومەتی ئێران خودموختاری نەدا بە کورد چی ئەکەن؟ کاک ئەحمەد لە وەڵامیدا دەڵێت: "بیٚ گومان هیچ نەتەوەیەك مافی ئەوەی نیە لە مافی خۆی

خۆش بێت، چونکە لە لۆژیکی ئیسلامیدا ستەملێکراوێك کە بەستەم ڕازی بێت لە ستەمکار بێزراوترە.!"

- دەربارەی مافە مەزهەبییەکان:

ـ لە مانگی سێی ١٣٥٨ لە وەڵامی ئایەتوولڵا (صادقی حوسەینی)دا کە ئاماژەی بە (مەزهەبی شیعەی جەعفەری) کردبوو بۆ ئێران، کاك ئەحمەد بەیاننامەیەکی دەرکردو ئەوکارەی بە خیانەت لە شۆڕشی گەلانی ئێران ناوبرد.

ـ لە دوا هەفتەی هەمان مانگی سێی ١٣٥٨دا دەربارەی ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتیی (دەستور)ی تازەی ئێران ڕایگەیاند: "هەر پێشنیارێك بۆ یاسای بنەڕەتیی (دەستور) بەبێ ئامادەبوونی نوێنەرانی واقعیی کورد، لە پێشچاو بگیرێتو لە ژووری داخراوو شاراوەدا بنوسرێتەوەو پاشان پیشانی ڕای گشتی بدەن، لەلایەن ئێمەوە ڕەدکراوەو ناپەسەندە".[1] هەروەها وەك هەڵسەنگاندنێك دەربارەی ڕەشنووسی دەستورەکە، دەڵێت: "هەندێکی باشە، هەندێکی ناتەواوە، زۆرێکیشی دژە ئیسلامییو کۆنەپەرستانەو دواکەوتووە."[2]

[1] ڕۆژنامەی (آیندگان)، ١٣٥٨/٣/٢٣.

[2] ڕۆژنامەی (کیهان)، ١٣٥٨/٣/٢٥.

ـ لە ڕووی بەشداریی نوێنەرانی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە – تەنانەت غەیرە ئیسلامییەکانیشە–وە، لە لێژنەی داڕشتنی دەستوری ئێراندا، کاك ئەحمەد بڕواو قەناعەتی وابوو کە دەبێت بۆ نووسینەوەی دەستوری وڵات، نوینەرانی هەموو توێژو ناوەندو ئاستەکان بەشدار بکرێن. تەنانەت لە نامەیەکدا کە لە مانگی (شهریور)ی ساڵی ١٣٥٨دا ئاراستەی کۆنگرەی ڕەخنەگرانی دەستووری کردووە، نوسیویەتی: "بۆ نووسینەوەی یاسای بنەڕەتیی، دەبێ دەستەو تاقمە غەیرە ئیسلامییەکانیش بانگێشت بکرێن بۆ هاوکاریی، چونکە دۆخی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێمە هاوشێوەی شاری مەدینەی پیرۆزە... ئەگەر وا نەکەین ئەوە بە پێودانی ئیسلامیی– ئینقیلابی، نەجووڵاوینەتەوە، بەڵکو کۆنەپەرستیی بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنین"[1]

ـ لە ١٣٥٨/٣/٢٨ دەربارەی مەزهەبی ڕەسمیی ئێران، بروسکەیەکی ئاراستەی ڕابەری شۆڕش ئایەتوڵڵا خومەینی کرد، تیایدا نووسی: ".. چ ئەوکاتەی لە (نەجەف) بوویت، چ پاش گەڕانەوەت بۆ ئێران،

---

١ بەشێك لە دەقی نامەی کاك ئەحمەد بۆ (کۆنگرەی ڕەخنەگرانی دەستور) لە مانگی شەهریوەری ١٣٥٨ هەتاوی. بڕوانە: دەربارەی کوردستان، موفتی زادە، لا: ٢٤٨.

چەندین جار ڕاستەوخۆ، باسو گفتو گۆمان پێکەوە بووە، کە دەبێ لە یاسادانانەدا شیعەو سوننە یەکسان بنو جیاوازیی نەخرێت، بەڵام لە ڕەشنوسی دەستوردا باسی مەزهەبی شیعەی جەعفەری کراوە، ئەمە لەگەڵ حکومەتی ئیسلامیی گونجاو نیە... لە مێژوودا ستەمی صەفەوییەکانو قەتلو عامیان بۆ خەڵکی، بەهۆی مەزهەبەوە بوو، ئێستە کاتیەتی کە ئەو لادانو (انحراف)ە مێژوییە ڕاستکەینەوەو واز لە دووبەرەکیی بهێنینو بەرەو یەکێتیو برایەتی بچین.."

لە کۆتایی بروسکەکەیدا، کاك ئەحمەد بە درێژیی باسی مەترسی لادانو قۆستنەوەی دوبەرەکیی لەلایەن نەیارانەوە، بۆ ڕابەری شۆڕش باسدەکاتو لە چارەنوسی لادانی شۆڕش ئاگاداری دەکاتەوە."[1]

- هەڵوێستی لە خەباتی سیاسی هێزەکانی باشوری کوردستان:

ـ لە دیدارێکی ١٣٥٧/١٢/٨، لەگەڵ ڕۆژنامەی (کەیهان) دەربارەی پرسی کوردو مام جەلال سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، لێیان پرسیوە، وتویەتی:

"ئاغای تاڵەبانی یەکێکە لە ڕابەرانی سیاسی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردستانو نوێنەری داواکارییەکانی گەلی کورد. حەتمەن

---

[1] ڕۆژنامەی (اطلاعات)، ١٣٥٨/٣/٢٩.

ئێوە ئاگادارن کە سەدەیەکە کوردان لە عێراقو ئێران‌و تورکیا، بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی‌و کلتوریی‌و فەرهەنگییەکانی خۆیان خەبات دەکەن. لە عێراق ئەم خەباتە بەهێزترو بەردەوامترو پشتسەریەکە. خەڵکیی لەم دواییانەدا بۆ گێڕانەوەی مافەکانیان لەگەڵ تاڵەبانی ڕێیان گرتووەتە پێش... بۆیە کاتێك دیدارم کرد لەگەڵ ئیمام خومەینی، دەربارەی پرسی کوردو جەلال تاڵەبانی قسەم لەگەڵ کردو پێم وت: ئەتوانن ئاغای تاڵەبانی ببینن‌و ئومێدەواری بکەن‌و بەڵێنی بدەنێ کەئێرانی ئازاد ئەتوانێ ببێتە پشتیوانی تەواوی چەوساوەکانی دونیا، لەوانە گەلی چەوساوەی کورد، کە لە مافە نەتەوەیی‌و فەرهەنگییەکانی خۆی بێبەش کراوە."

ـ لە شوێنێکی تردا بۆ تەواوکردنی وێنای کوردانی باشوری کوردستان‌و سەرکردایەتی کاتیی (قیادە مووەققەتە)، کاك ئەحمەد دەڵێت: "ئەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە (بارزانی) بەهۆی خیانەتی شاهەنشاییەوە شکستی هێنا. جگە لەوە زۆرێك لەو برایانە لە بارێکی زۆر ناخۆشدا لە شارەکانی ئێراندان. سەرکردایەتی کاتیی (قیادە مووەققەتە) وەکو دەوڵەتێکە لە ئاوارەیی‌و غەریبیدا، چونکە لە وڵاتی خۆیاندا نین، ئەمانە بۆ سەرپەرشتیی کاروباری خۆیان سەرکردایەتییەکیان پێکهێناوەو کاریان بەناوخۆی ئێرانەوە نیە، خۆ

ئەگەر هەل‌و مەرجێك بۆ ئاشتەوایی نێوان بەرزانی‌و تاڵەبانی بێتە کایەوە –کە ماوەیەکە لەم زەمینەیەدا هەوڵ ئەدەم– ئەوە ئیحتیمالی زۆرە ئاوارەکان بگەڕێنەوە بۆ عێراق‌و ئاشتەوایی بکەن‌و بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان خەبات بکەن."[1]

ـ لە چاوپێکەوتنێکی تری ڕۆژنامەوانیدا، کاك ئەحمەد دەڵێت: "لە یەکەم دیدارم لەگەڵ ئیمام خومەینی هەوڵمدا مۆڵەتی دیدار بە جەلال تاڵەبانی ڕابەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بدات، پاش ئەوەی ئەویش مەیلی بەوکارە دەرخست، بابەتەکەم لەگەڵ ڕۆژنامەی (کەیهان) ڕاگەیاند، بە دۆستانیشم ڕاسپارد کە دیدارێك لە نێوانی منداڵانی مەلا مستەفا بارزانی (ڕابەرانی قیادە مووقەتە)و جەلال تاڵەبانی حازر بکەن، بۆ ئەوەی ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان کۆتایی پێ بێنن، چونکە خەڵکی کورد لەو ناکۆکییانە زیان دەبینن‌و تەنها دوژمنانن کە سوود دەبینن.."[2]

ـ لە مانگی چواری ١٣٥٨، داواکارییەکانی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی تری ئێرانی لە سێ ڕستەدا ڕوونکردەوە:

---

١ ڕۆژنامەی (اطلاعات)، ١٣٥٨/٣/٢٧.

٢ ڕۆژنامەی (کیهان، ١٣٥٧/١٢/٨).

"١- نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی: کە لە سەردەمی (کۆرش)ی سەرکردەی فارسەوە، تا کۆتایی دەسەڵاتی (ئاریا میهر)، دژی کورد درێژەی هەبووە.

٢ـ ستەمی چینایەتی: کە نابێ لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا جیاوازی چینایەتی ماددیو مەعنەوی هەبێت..

٣- ستەمی مەزهەبی: کە مەعلومە.."[١]

- ڕەدکردنەوەی کاری چەکداریی لەناوخۆدا:

ـ لە کۆتایی مانگی یەکی ١٣٥٨ ئەو پڕوپاگەندەیەی بەدرۆ خستەوە، کە گوایە کاك ئەحمەد جیهادی ڕاگەیاندووەو داوای کرد مەڵبەندو ناوەندە چەکدارەکان چەك دابنێن. جارێکی تریش لە کۆتایی ئەو ساڵەدا نیسبەتدانی هەرجۆرە بەکارهێنانێکی چەكو چەکهەڵگرتنو تەقەکردنێکی بۆ لای ئەو، بەدرۆخستەوە.[٢]

- بەدرۆخستنەوەی خۆکاندیدکردنی بۆ سەرۆك کۆماری ئێران:

لە گەرمەی چالاکییەکانی کاك ئەحمەددا، لەبەر ئەوەی لە ئاست سەرکردە پلە باڵاکانی شۆڕشدا، دەردەکەوتو لە نێوان تارانو

---

[١] ڕۆژنامەی (آیندگان)، ١٣٥٨/٤/٣.

[٢] ڕۆژنامەی (اطلاعات)، ١٣٥٨/١١/١٧.

کوردستاندا جموجووڵی دەکرد، لە بەهاری ١٩٧٩دا نەیارانی دیعایەو پروپاگەندەیان بڵاوکردەوە، کە بە تەمایە خۆی کاندید بکات بۆ پۆستی سەرۆك کۆماریی ئێران. مەبەستی نەیارانی ئەوە بوو، کە بەو کارە هەوڵەکانی کاك ئەحمەد پووچەڵ بکەنەوەو وای وێنا بکەن کە هەموو هەوڵو زەحمەتەکانی بۆ خۆیەتیو دەیەوێ ڕیکلام بۆ خۆی بکات، چونکە بە تەمای خۆپاڵاوتنە.

شاڵاوی پروپاگەندەکە لە ئاستێکدا بوو، کە هەردوو ڕادیۆی جیهانیی (مۆسکۆ) و (لەندەن) لە مانگی پێنجی ئەو ساڵەدا، بڵاویان کردەوە کە "سەرکردەی کورد ئەحمەدی موفتی زادە، بە تەمای خۆپاڵاوتنە بۆ پۆستی سەرۆك کۆماریی ئێران." بۆیە کاك ئەحمەد ناچار بوو هەواڵەکە بەدرۆ بخاتەوەو لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی (سنە)دا ئەم لێدوانە بدا "بابەتی کاندیدبوونی بەندە بۆ پۆستی سەرکۆماریی لە ڕێی ڕادیۆکانی مۆسکۆو لەندەنەوە، بۆ بەلاڕێدابردنی ئەزهانو ئەفکاری ڕای گشتییە، تا خەڵکیی وا خەیاڵ بکەن کە هەوڵو خەباتی من بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرکۆماریی بووە. ئەم باسە لە بنەڕەتەوە ناڕاستەو من شتی وا قبوڵ ناکەم."[١]

---

١ ڕۆژنامەی (اطلاعات)، ١٣٥٨/٣/١٧.

- بۆچوونی دەربارەی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی:

ـ لە مانگی چواری ساڵی ١٣٥٨دا دەربارەی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی، پرسیاری لێکرا، وتی: "تەواوی چاپکراوو ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکان دەبێ ئازاد بن، بەڵام لە نێوان ئازادییو بێ بەندوباریی، تا سانسۆرو ڕیعایەتو ڕێکخستن، جیاوازیی هەیە، کە خەڵکیی کەمتر لێی ورد دەبنەوە. ئازادیی بەواتای خستنەڕووی واقیعو گەیاندنی بیرو بۆچونی ئەرێنییە، نەك بەلاڕێدابردنی واقعیاتو بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو هەڵبەستنی درۆو فرتو فێڵ. سانسۆریش بە واتای ڕێگریی لە بڵاوکردنەوەی بیرو بۆچوونو ڕەخنە نیە، بەڵکو بە واتای ڕێگرییە لە درۆتاشینو پروپاگەندە هەڵچنین، ئەویش ڕێکخستنی پێویستە.."[1]

ـ لە جێیەکی تردا لەمبارەیەوە ئەوەش دەڵێت کە: "هیچ کات ناتوانم مۆڵەت بدەم بە بوونی سانسۆر، بەڵام ڕێکخستن –بەتایبەتی لە هەلو مەرجێکی وەك شۆڕشی ئێراندا– پێداویستییە، بۆ ئەوەی حاڵەتی

---

١ ڕۆژنامەی (آیندگان)، ١٣٥٨/٤/١٠.

هاوشێوەی ڕووداوی ساڵی ١٣٣٢و کودەتای مەشروتیەتو جەنگەڵ، دووبارە نەکەینەوە."[1]

هەر لەو زەمینەیەدا لە مانگی ١٣٥٨/٨ دا ڕەخنەی لە حکومەت گرت، کە ژمارەیەك گۆڤارو ڕۆژنامەی لە ناوچەکانی کوردستاندا داخست.[2]

- گلەییەکانی کاك ئەحمەد لە کارەکانی دەسەڵاتی ئێران:

ـ لە ١٣٥٨/٦/٢٢ کاك ئەحمەد دژی هەڵەکانی دەسەڵاتی ئێرانو دادگا سەرپێییەکانی (خەڵخاڵی)و ئیعدامە فراوانو دەستەجەمعییەکان، لە ژێر ناونیشانی(ئاگادارکردنەوەو پێشنیار)دا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، تیایدا هاتووە:"زۆربەی لایەنو کەسە سیاسییە ئیسلامییەکان – کە لە ڕاپەڕینی ئێراندا ڕۆڵیان بوو– یان کەناریان گرتووە، یان ناچارکراون وڵات بەجێ بهێڵن. لە ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی کوردستاندا، کارەکانی حکومەت نەخوازراون، وەك: تێکەڵکردنی داواو خواستی میللەت، لەگەڵ کەسو لایەنانی نەخوازراوو دژ، نەبوونی ئاسایش لە کوردستان، هەڵهاتنی بکوژانو

---

٢ ڕۆژنامەی (ئیرانی مصوّر) ١٣٥٨/٤/٣١ .

[1] ڕۆژنامەی (کیهان)، ١٣٥٨/٨/١٤.

گێرەشێوێنانو تێوەگلانی بێتاوانانو ئیعدامی سەرپێی ناهەقو چەندین گرفتی تر.."[1]

- لە سەرەتای مانگی ١٣٥٨/٨ کاك ئەحمەد ڕایگەیاند بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ پیاوانی دەسەڵاتی ئێران گفتوگۆو دانیشتن ئەنجام نادات. بۆ نمونە: کاتێك شاندێکی حکومەت بە سەرۆکایەتی (هاشمی صباغیان) لە مانگی ١٣٥٨/٨ چوونە سنە بۆ گفتوگۆ، کاك ئەحمەد وتی: "من ئیتر لەگەڵ حکومەت هیچ قسەیەکم نیە، ئێوە وەك میوان بەخێر بێن بۆ شاری ئێمە، بەڵام من پێشوازیی ئێوە وەك وەزیر ناکەم، تەنانەت حەزم لە وشەی وەزیریش نیە!"[2]

- هەر لەو مانگەدا ڕایگەیاند کە: "من لە لیژنەکانی (ئەنجومەنی شارەزایان)دا هەوڵی زۆرم دا کە یاسای بنەڕەتیی ئێران (دەستور)، گونجاو بێت لەگەڵ یاسا ئیسلامییەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هەستم کرد ئەنجام بەدەست ناهێنم، زنجیرەیەك وتارم لە (حوسەینیەی ئیرشاد)ی (تاران) ڕێکخست... لەگەڵ مەرحومی (تاڵەقانی)ش باسی زۆرم گرد دەربارەی (شورا)و پێم وت: شورا پایەیەکی گەورەیە بۆ هەڵگرتنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵگە، بەڵام

---

[1] ڕۆژنامەی (جمهوری ئیسلامی) ١٣٥٨/٦/٣١

[2] ڕۆژنامەی (اطلاعات)، ١٣٥٨/٨/١٤.

بەرپرسانی ئێستەی وڵات توانای ئاڵوگۆڕیان نیەو ناتوانن لە بازنەی مەزهەب بێنە دەرەوەو بەرەو بازنەی ئیسلام بچن.."[1]

# بەشی چوارەم

# هەستی ئەدەبی کاك ئەحمەدو

# نمونەیەك لە پەخشانو شیعرەکانی

[1] ڕۆژنامەی (کیهان)، ١٣٥٨/٨/١٤.

"هاوار بۆ ئەو کەسانەی داعییەی دینین و پێشەوایی خەڵکیی بگرنە ئەستۆ بەرە و دین، کەچی بەگیان و بە دڵ دۆعای خێر نەکەن بۆ فڵان موئمین، لەبەر ئەوە ی لە خەت و دەستەی ئەمدا نیە."
(کاك ئەحمەد)

**کاك** ئەحمەدی موفتیزادە لە تەمەنی لاوێتییەوە هەستو زەوقو توانای ئەدەبی دەرکەوتووە، هەر لە ساڵانی ١٩٥٩ بۆ ١٩٦٣- کە لاوێکی تەمەن ٢٦ تا ٢٩ساڵ بووە، لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا کە لە تاران دەردەچوو، دەیان وتاری ئەدەبیو شیکردنەوەی وێژەیی هەیە، لەو ڕۆژنامەیەدا دەیان وتاری هەن کە تیایاندا شرۆڤەی ئەدەبیی ناسكو زانستییانەی ژیانو شیعرەکانی شاعیران دەکات.

دیارە لە پاش ئەو گۆڕانکارییە فیکرییەی کە بەسەریدا هاتووە، زومی گرنگیپێدانەکانی خستۆتە سەر لایەنی سیاسیو کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوە چەکەرە ئەدەبییەکانی بۆ ساڵانێك لە گەشەکردن وەستاون. چونکە لەو ساڵانەوە کە لەگەڵ هەردوو مامی (صدیق موفتی زادە)و (د. عبد الرحمن موفتیزادە)و (شکر الله ی بابان)، ڕۆژنامەی (کوردستان)یان دەرکردووەو ئەو وتارە ئەدەبییانەی نووسیوە، تا کاتی دەسگیربوونی، بەرهەمەێکی ئەوتۆی لەبەردەستماندا نیە، بۆیە لاپەڕە سەرەتاییەکانی دەفتەری یەکەمی هۆنراوەکانی، لە هاوینی ساڵی (١٩٨٢)ەوە دەست پێدەکەن.

لێرەدا بەندە بە تەمای کاری شیکارییو شرۆڤەی شیعرو پەخشانی کاك ئەحمەد نیم، بەڵکو لە ڕاسای وێناکردنی قووڵیی هزری ئەو پیاوەو ناسکیی گوزارشتیو جوانیی داڕشتنی پەخشانەکانیو

کوردیزانییو ڕەوانبێژییەکەیدام، ئەویش بە خستنەڕووی چەند نمونەیەك لەو پەخشانو شیعرانەی لەبەردەستماندان.

کاك ئەحمەدی موفتی زادە –وەك مەعلومە– کوردیزانێکی کەموێنە، عەرەبیزانێکی ناوازە، فارسیزانێکی تەواو عەیار بوو، بۆیە سوودی لە هەموو زانیارییە ڕەوانبێژییەکانی زانستی ڕەوانبێژیی لە مەجازو کینایەو خوازراوەو چواندنو نمونەو.. هتد وەرگرتبوو. هەروەها کاك ئەحمەد وتارو شیعری بە فارسی نووسیوە، چەندین دەفتەری شیعریشی بە کوردیی هەیە، زۆربەی شیعرەکانی بە شێوەزاری کرمانجی خواروونو هەندێکیان بۆنو بەرامەی ناوچەی سنەیان پێوە دیارە، لەبەر ئەوەش کە هەورامی بووەو هەورامیزانیش بووە، هەندێك شیعری بە شێوەزاری هەورامی چڕیون، جگە لە چەندین پەخشانی ناسكو نایاب، کە هەوڵی داوە هەموو وشەکانی کوردیی ڕەسەن بنو خۆی لاداوە لە بەکارهێنانی وشەی بیانی، بەتایبەتی عەرەبیو فارسی، کە زۆر تێکەڵن بە زمانەکەمان.

لەم بەشەدا چەند نمونەیەك لەوانەی سەرەوە دەخەمە بەردەستی خوێنەران، لەگەڵ لیستێك بە ناونیشنی دەیان وتاری کاك ئەحمەد کە ساڵانی ١٩٥٩ بۆ ١٩٦٢ لەڕۆژنامەی (کوردستان)ی تاراندا نووسیونیو بڵاوی کردوونەتەوە، کە بەداخەوە تا ئێستە هیچ باسو

لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر نەکراوە. بەو هیوایەی خوێنەرانی بەڕێز چێژ لە ڕادەی شیرینیی نمونەکان بەرن‌و خۆیان بگەڕێنەوە بۆ ژێدەرە ئەسڵییەکان، کە بەرهەمەکانی کاک ئەحمەدیان تێدایە.[١]

---

[١] تا ئێستا ئەوەی بەردەستی بەندە کەوتبێت، چەند دەفتەرێکی خەتین، لەگەڵ دیوانی شیعرەکانی بە ناوی (دیاریی بۆ یاران) کە بە هەوڵی مامۆستا حەسەن ئەمینی – قوتابی‌و دۆستی دێرینی کاک ئەحمەد– لە سنە چاپکراوەو لە ٢٩٧ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

-١-

## نمونەیەك لە چامە شیعرو پەخشانەكانی

**١- چامەی (مافی نیشتمان):**

نیشتمان، ئەی خاكو خۆڵی تۆ كلّەی چاوانمە
نیشتمان، ناوی بەڕێزت هێزی ڕۆحو گیانمە
نیشتمان، ئەی بەربەیانت ڕۆشنی ئیمانمە
نیشتمان، ئێوارەكانت خەڵوەتی عیرفانمە
نیشتمان، قوربانی كوێستانت دڵی پڕ دەردی من
نیشتمان، حەیرانی گەرمێنت هەناسەی سەردی من
نیشتمان، سەرمەشقی بەرزی هیممەتە كۆماری تۆ
مەركەزی زانستیو عیرفانە لادێو شاری تۆ
نیشتمان، باغاتی فیردەوسە هەموو گوڵزاری تۆ
عیززەتو فەخرە هەموو نەخشی دەرو دیواری تۆ
نیشتمان، ئەی شاخو داخانت ئومێدی دڵ هەموو
نیشتمان، دەشتو بیابانت بەهەشتی ئارەزوو
نیشتمان، شەرتە كە تۆزی ڕێت بە ئەم دنیا نەدەم
شەرتە تا ماوم لە شەرتی گیانفیدایی لا نەدەم

نیشتمان، شەرتە لە عەشقی پاکی تۆ سەر بانەدەم

شەرتە قەت گویٚ بۆ ڕەقیبو وەسوەسەی ئەعدا نەدەم

نیشتمان، ئەی فێنکیی قەلبم شنەی کوێستانەکەت

نیشتمان، ئەی ئاوی ژینم خاکی کوردستانەکەت

نیشتمان، ئیحسانی تۆیە خوێنی باو باپیری من

هێزی شانو نوری دیدەو قودرەتی تەدبیری من

نیشتمان گەر خوێنی من پاکەو حەڵاڵە شیری من

هەر لەسەر ڕێی خۆشەویستیی تۆیە بڕواو بێژی من

نیشتمان دایم لەسەر ئاواتی بەرزی ناوی تۆم

خاترت جەم بێ بەڵاگەردانی خاكو ئاوی تۆم

لاوی کورد، ئەر پاکە شیرت هەستە وەك شێری ژیان

ڕاکە مەیدان بۆ بەجێهێنانی مافی نیشتمان

ڕۆڵەکەی سوڵتان سەلاحەدین نەخۆی گۆڵی کەسان

ڕوکنی ئیمان خۆشەویستیی نیشتمانە بێگومان

لاوی کوردم خۆت نەکەیتە داردەستی دوژمنت

دوژمنت نەتباتە مەیدان بۆ برای خۆکوشتنت

کوردە قەت نەنووی بەلایەی دوژمنی عەییارەوە

شیری دوژمن تێکەڵە حەتمەن بە ژاری مارەوە

ڕەنگ نەکەی داوێنی ناموست بە لەککەی عارەوە

نیشتمانت دایکتە، نەیدەی بە دەس ئەغیارەوە

ڕەنجی باوباپیری تۆ ئەم نیشتمانەی دا بە تۆ

کوردە وریا بی، نەکەی باپیرەکانت ڕەنجەڕۆ

کوردە، دین‌و نیشتمانە مایەی بەرزی ژینی تۆ

دوژمنی هەردووکیانە دوژمنی بیٚ دینی تۆ

هەر بژی تۆو نیشتمانت، هەر بژی ئاینی تۆ

با لە داخا شەق ببا بەدخاهی تۆ، بەدبینی تۆ

هەستە سا، هەروەك تریشقە ڕیشەکەن کە دوژمنت

تا بە فێڵ‌و گەڕ لە ڕیشەی دەرنەهێناوە، بنت [1]

**ب- بەشێك لە پەخشانی (بەیتی لانسار):**

کاك ئەحمەدی موفتی زادە، زنجیرە پەخشانێکی حەوت پارچەیی، لەژێر ناونیشانی (بەیتی لانسار)، لە هاوینی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٣ز)، نووسیوە، ئەم پارچە پەخشانەی بەشێکە لەو حەوت پارچە پەخشانە، کە تیایدا تیشك دەخاتە سەر چارەنووسی شۆڕشی ئێران.

---

١ کتێبی: دیاریی بۆ یاران، دیوانی شیعری کاك ئەحمەدی موفتی زادە، سەرپەرشتی: حەسەن ئەمینی، لا: ٢، بەشێك لەم شیعرە لە لایەن هونەرمەند (دەشتی گەرمیانی)یەوە بە ئاوازێگی نایاب، ساڵی ٢٠١٥ دا کراوەتە گۆرانیی.

## "های خاڵۆ ڕێوگار! کۆچ و کاروانی ژیان، ژیانیان لەبیر نەماوە"[1]

شاکارێکی تری ئەدەبیی کاك ئەحمەد، نووسینی چەند لاپەڕە پەخشانێکی کەموێنەن لە ١٦ لاپەڕەدا، لە ژێر ناونیشانی (های، خاڵۆی ڕێوگار)، کە تیایدا بە هەستێکی ناسکی شاعیرانە، لەگەڵ پێغەمبەری ئیسلامدا (درودی خوای لەسەر بێت) گفتوگۆ دەکاتو بەسەرهاتی ژیانی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە.[2]

لایەنی زۆر نایاب لەو پەخشانەدا –کە حەوت کۆپلەیە– ئەوەیە کە تەواوی وشەکانی لە زمانی کوردیی پاراو هەڵبژاردوونو هەوڵی داوە خۆی لابدات لەهەر وشەیەکی غەیرە کوردی. هەروەها بە تەواوی (ڕێنوس)ێکی تایبەت بە خۆی تێدا بەرجەستە کردووە، کە لە زۆر لایەنەوە جیاوازە لەو ڕێنووسە ستاندارە کوردییەی کە لەم سەردەمەدا باوە، ڕەنگە لە زۆر لایەنیشەوە ناوی بنێین: داهێنانێکی نوێی کاك ئەحمەدانە.. بۆ نمونە:

ـ نیشانەی (٨)ی لەسەر هەندێك پیتی (و)و (ی) داناوە، بۆ درێژکردنەوەیان، وەك (تۆڕە)، (بۆچـی٨)، لە جێی دانانی بزوێنی (و) و (ی) کە ئێستە پەیڕەو دەکرێت.

---

[1] دیوانی: دیاریی بۆ یاران، لا: ٢٦٧.

[2] بڕوانە دیوانی (دیاری بۆ یاران)، لا: ٢٥٧–٢٧٢.

ـ یان دانانی نیشانەی (٧) لەسەر (ر)، بۆ قەڵەوکردنی، وەك (ر٧)، لە بری (ڕ)ی باو داینراوە.

ـ یان دانانی نیشانەی (ە) لەجێی نوختەی سەر پیتی (ن)، لە هەندێك شوێندا، بەتایبەتی لە کاتی کۆبونەوەی لەگەڵ پیتی (گ)، وەك (بانگ)، (هەنگ).

ـ یان دانانی نیشانەی (٧) لەسەر پیتی (د)، بۆ ئاخاوتنی چەند وشەیەك لە هەندێك ناوچەی کوردستاندا، وەك: (بێدار، ئامەد، ئومێد..)[1]، چونکە لە هەندێك ناوچەی کوردستاندا پیتی (د) بەتەواوی بەتەواوی دانی پێدا نانرێت، وەك: مەحمود، ئەحمەد، لە شێوەی سلێمانیو سنەدا، یان وشەی (ئەدا) لە هەورامیدا، بەواتای (دایك)، جا دیارە بڕواو بۆچونی کاك ئەحمەد وابووە کە شێوەکان هیچیان کوێر نەکرێنەوەو بمێنن، ئەویش بەزیادکرنی هەندێك نیگارو نیشانە بۆ هەندێك پیتی لەو بابەتە.

ـ قەناعەتیشی وابوو کە پیتی (ص)و (ط) لە کوردیدا بەکارببرێنو بنووسرێن، مادام لە واقعدا هەنو بەکاردەبرێن، وەك وشەی (صۆزی) بە مانای (سبەینێ) لە دیالێکتی سنەدا، یان (طه ڵا)، بە مانای زێڕ.

---

[1] بڕوانە: هەمان سەرچاوە، لا: ٩، کە هەر سێ وشەی: (بازی)و (ئومێد)، (بێدار)ی بەکارهێناوە.

ئەمەی خوارەوەش دەقی نموونەیەکە لەو کۆپلە پەخشانانە، کە بەداخەوە لەبەر نەبوونی هەندێك لە نیشانەکان لە کۆمپیوتەردا، نەمانتوانی بە تەواویی ڕەچاوی ڕێنووسەکەی کاك ئەحمەد بکەین:

"ئەی خالۆی ڕێوگار!

دوێنێ، خەڵکی چەن ئاوایی، کە ئاوایی ئێمەیچیان لەگەڵ بوو، گەلێ گەورەیان بۆ کردو لەشوێن ڕێوەگارەکانا بە خۆڕەتانو تەکانو شەکان، بۆی وەدەرکەوتن. ئاخریی هەرچەن زۆر سەخڵەتیان دی، فرە فرەیچیان نێوەڕێ مردن، بەڵام نە لێ ماندوو بوون، نە بەزین، وچانیان نەدا.. هەتا پڕ چنێ هەتاویان هێنا، لاگوێلێ شنەی بەهاریان پژان بەسەر وڵاتا، بەڵام لە هەر لا، لاوەییو خۆیی، وا لەم سوسە باو لەم مشتە تاوە بەر بوون، وەها تەپو تۆزیان خستگە سەڕێ، چاو چاو ناوینێ! خۆ منیچ لەبەر گێڕیی ڕێگای خۆم، کارێکم لێ نایێ، " خۆ خۆییەکانیش، یا هەر حاڵی نابن، یا گوێ ناگرن" ئەونەم پێ ئەکرێ لە دوورێکەوە، لەناو دڕناڵێ کە هەر بە دەس وان، تێ ترنجاوم، لە دەسو پەلی، تەکان بڕیوم، هەروا جارجارێ، لەژێر لێوەوە، ورتەێی بکەم! ئەویچ کێ بێژی تازەو دوا، ئیتر هەر گوێی بۆ بگرن! دەی، جا، ئیتر، چی؟! مەگەر هەر لە جێی خۆمەوە، لە خۆ بلاڵێمەوە. ئەویچ جا کێ پێ بزانێ دوعای بێ تەکان، قەبوڵ کرێ

لێم! نەبێتە بەردێ، کەوێتە بەرپێم! خۆ خوایش ئەزانێ: چی تر، کە پەسەن بێ، ناکرێ پێم."

**ج – غەزەلی (چەن وەشەن پەردەی دوری وەلادان):**

ئازیزی گیانان! دووریی ئازیزان

سەختەن، تاڵەن، نەك وێنەی دووریی گیان

چەمانی دڵەی جە دووری تارم

چی سیا بەننەی فەزا بیمارم

گیانی بێ ڕەمەق نەڕۆی ژیان زیز

چون گەڵای، گەڵاڕێزانی پاییز

بە جەماڵی ئەو گیان پەسەن ناوە

ڕۆشن کەرەوە زیننە فەرماوە

ئەگەر تۆ قەبوڵ فەرماوی، بە خوا

گیان پێشکەشەن، پێشەکی نەجوا

ئەر بێتو بێتو جار جار هەواڵێ

پەرسۆ جە بەننەی ئاشوفتە حاڵێ

کونجی قەفەزی سەرانسەر مەینەت

مەفاڕونەوە بەرانبەر جەننەت

ئاخ چەنێ وەشەن گیانبەخشی گیانان

ئەمرت شەواوام کەرۆ چراخان

جە گیان ئازیز بەیۆ پەرسۆم حاڵ

گیانی بێحاڵم بارۆوە وە حاڵ

چەن وەشەن پەردەی دوریی وەلادان

وە دیداری گیان صەد گیان وەبادان

ئازیز گیان! بویەر وە زوانی وێمان

بێ ئەدەبیم کەرد، پەنەم واتی: گیان

ئاخر "یُحییکُم" ئامان عونوانت

ئەرنە گیان چێشەن؟ صەد گیان قوربانت[1]

---

[1] کاک ئەحمەدی موفتی زادە، ئەم شیعرەی ساڵی ١٩٨٢ نووسیوە. بڕوانە: دیوانی دیاریی یاران، لا: ٥–٦.

**د- مەولودنامە:**

یەکێکی تر لە شاکارە شیعرییە نەمرەکانی کاك ئەحمەدی موفتی زادەدیوانێکییەتی کە بە ناوی (مەولودنامە) تەرخانی کردووە بۆ ژیاننامەی سەروەری بوونەوەر، پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت)، کە لە ٣٤ لاپەڕەو ٦٥٥ بەیتە شیعری نایابدا، بە باڵی خەیاڵ، خۆیو خوێنەرانی دەگێڕێتەوە بۆ ساڵانی سەردەمی نەفامییو وێنایەکی شاعیرانەی ئەو چاخە دەکاتو پاشان لە چەند غەزەلێکی چڕو نایابو ناسکدا، تیشك دەخاتە سەر ڕۆژانی لەدایکبوونی پێغەمبەری خوا.

ئەم کارە ناوازەیەی کاك ئەحمەد داهێنانێکی گەورە بوو، چونکە دەستەواژەی (مەولودنامە)و پرۆسەی مەولودکردنی، لەجغزێکی کلاسیکی بێ کاریگەریدا دەرهێناو کردییە هەلو بیانوویەك بۆ خستنەڕووی ژیاننامەی پێغەمبەری ئیسلامو ئاکارە بەرزەکانی. لە ڕووی ڕۆحییو عیرفانییشەوە، کاریگەریی ئەو مەولودنامەیە زۆر ئاشکرایەو لە ناوەندە ئیسلامییەکاندا بۆتە ڕاستییەکی باوو حاشا هەڵنەگر، کە هەرکەس ئەو مەولودنامەیە بخوێنێتەوە، یان گوێی لێی بێت، خۆشەویستیی بۆ پێغەمیەری ئیسلام چەند بەرابەر زیاد دەبێت. وا دیارە کاك ئەحمەد خۆی هەستی بەو کاریگەرییەی

مەولودنامەکەی کردووە، بۆیە لە بەشێکی وەصیەتنامەکەیدا خۆی دەڵێت: "... ئەگەر بەشێوەیەکی باش کەڵکیان لێوەربگیرێت، بە یارمەتییو بەرەکەتی خوای گەورە، بۆ ساقو خوێن کردنەوەی کەموکورییەکان کاریگەر دەبێت."[1]

پێویستە ئەوەش ڕوون بکەینەوە کە کاك ئەحمەد ١٢ بەشو کۆپلەشیعری بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کردووە، کە ناوی ناون (غەزەل)، بەڵام، وەك کاك حەسەن ئەمینی باس دەکات: "تەنها سێ غەزەل لەو غەزەلانە لە زیندانەوە، گەیشتووەتە دەرەوە." [2]

---

[1] دەقی ئەو بەشە لەمەولودنامەکە کە گەیشتووەتە دەرەوەی زیندان، ٣٥ لاپەڕەی قەبارە گەورەیەو لەدیوانی (دیاریی بۆ یاران)، لا: ٢٢٠ تا ٢٥٤، بڵاوکراوەتەوە.

[2] بڕوانە: هەمان سەرچاوە، لا: ٢١٩.

**هـ – شيعری عەرەبی (يوم اختيار):**

كثيراً، كثيراً، قد رأيتَ تطوّراً … وذقتَ حياةً تمّ ذقتَ مُنونا

وهاجرتَ ما لا يُبتلى من منازلٍ … وغادرتَ آلاف الأُلوفِ سنينا

قضيتَ بخيرٍ كلَّ ذلك غانما … بغير اختيار منك شأواً وحينا

لك اليوم في شوطك هذا إرادة … تُسيرك مرقىً أو ضلالاً مبينا

مضى ما مضى بالرغم منك كما ترى … ففي الأرض تحظى سيِّداً وأذينا

وحسبك يا إنسان! عاراً وحسرةً … بيوم اختيار منك تسقط دونا [1]

---

[1] بڕوانە: ديوانی (دياريی بۆ ياران)، لا: ١٥٧.

-٢-

## بەشێك لە بەرهەمە زانستییەكانی كاك ئەحمەد

كاك ئەحمەدی موفتی زادە، خاوەنی دەیان سەعات وتارو وانەو بابەتی تۆمار كراوە، بەشێكی كەمیان بە دەنگو ڕەنگ تۆمار كراون، بەشێكی زۆریشیان تەنها بە دەنگ تۆماركراون. هەندێك لەو بەرهەمانەی، لەلایەن قوتابییو دوستانییەوە نووسراونەتەو چاپ كراونو زورێكیشیان ماون كە بنووسرێنەوە، بەڵام چەندین پێگەو پەیجی ئەلیكترۆنیی تەرخانكراون بۆ بڵاوكردنەوەی بەرهەمەكانی.

لێرەدا ئاماژە بە هەندێ لەو بەرهەمانە دەكەم، كە تا كاتی ئامادەكردنی ئەم كتێبە چاپو بڵاوكراونەتەوەو بەرچاومان كەوتوون، هەندێكیان وتاری گشتیی، یان وانەی تایبەتینو نووسراونەتەوە:

١ـ كتێبی دەربارەی كوردستان، بە زمانی فارسی، كە دووجار لە شاری سنە، لە ساڵی ١٩٨٠و ٢٠٠٧ چاپكراوەتەوە.

٢- دیوانە شیعری: دیاریی بۆ یاران.

٣- نامیلكەیەك دەربارەی حكومەتی ئیسلامیی.

٤- نامیلكەی فەلسەفەی حیجاب لە ئیسلامدا.

٥- بابەتی تەزكیەو تەعلیم.

٦- دڵی سازو ناساز.

٧– دەیان وتارو لێکۆڵینەوە لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی تاراندا.

٨– دەیان بەیاننامەو ڕونکردنەوە، لە بۆنەی سیاسیو کەمەڵایەتیدا.

٩ـ دەیان کاتژمێر وتارو وانەی تۆمارکراویی دەنگییو ڕەنگیی.

جگە لەوانە، لە ماوەی زیندانەکەیدا، پێشەکییەکی گرنگی بۆ تەفسیری قورئانی پیرۆز نووسیوە، بەڵام لە کاتی گوێزانەوەیدا لە بەندیخانەیەکەوە بۆ بەندیخانەیەکی تر، لێیان سەندووەو نەیانداوەتەوە. پاش بەربوونی، خۆی باسی ئەم نووسینەی دەکاتو دەڵێت: "لە بەندیخانە، پێشەکی (مقدمە)یەکم بۆ تەفسیری قورئان بە زمانی فارسی نووسی، زۆر بە نرخو پێویست بوو، بەداخەوە لەگوێزانەوەمدا لەبەندێکەوە بۆ بەندێکی تر– بێ پرسو مەصڵەحەت – ناو شتو مەکەکەم گەڕابوونو دەریانهێنابوو، بردیان، هەرچی پێموتن، نەیاندامەوە.." هەروەها دەیوت: "جارێکیان گوێم لێبوو مەلایەکی شیعە لە دەنگو ڕەنگی تاران (تەلەفزیۆنی ئێران)ەوە، ئەو باسەی دەکرد، وردبوومەوە، زانیم کە نوسراوەکەی منە، خۆشحاڵ بووم، وتم: باشە، خۆ هەر کەڵکی لێ وەردەگیرێ.(!)" [١]

---

[١] پێشەکی کاك حەسەن ئەمینی بۆ دیوانی ( دیاریی بۆ یاران)ی کاك ئەحمەد، لا: ٩٩.

زادنست

## -٣-

## ڕۆژنامەی (کوردستان)و لیستی ناونیشانی وتارو کارە مێژووییەکانی کاک ئەحمەد، تێیدا

شاکاری زانستییو فیکرییو ئەدەبیی کاک ئەحمەد- لە پێش شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێراندا- دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٩ ز، کاتێك لەگەڵ هەردوو مامی: محەممەد صدیق موفتی زادەو د. عبد الرحمن موفتی زادە، بە هاوکاریی شکر الله ی بابان، ڕۆژنامەی (کوردستان)یان لە شاری تاران، لە هەلومەرجێکی هێجگار دژواری سیاسیدا، دەردەکرد.

ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیریی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، زۆر سەرکەوتوو بوو، چونکە توانیان لەژێر چنگو چەپۆکی دەزگای سیخوڕیی (ساواك)دا، بۆ ماوەی چوار ساڵ - لە ١٩٥٩ بۆ ١٩٦٣- ڕوژنامەیەکی کوردیی هەمەڕەنگو پڕ لە زانیارییو بابەتی بەسوود دەربکەنو تەنها بە دانانی چەند ناونیشانێکی خەبەریی-کە تەنها هەواڵی سەفەرو بڕیارەکانی شایان لەخۆدەگرت- چاوی ساواك لە ئاستی، کوێر بکەنو هەزاران لاپەڕەی پڕبکەن لە وتارو لێکۆڵینەوەو زانیاریی بەسوودو بیقۆزنەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی ئایینییو نەتەوەیی خوێندەوارانی کورد، بە تایبەتی هاووڵاتیانی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە هیچ کڵاوڕۆژنەیەکی تری هیوایان شک نەدەبرد.

ڕۆژنامەی ناوبراو، ماوەی (چوار) ساڵی تەواو تەمەنی کردو (٢٠٩) ژمارەی لێدەرچوو. ژمارەی یەکەمی لە (١٩٥٩/٥/٦) دەرچووە،[1] دوا ژمارەشی ڕۆژی (١٩٦٣/٥/٢٩ز) دەرچوو.[2] خاوەن ئیمتیازیو بەڕێوەبەری بەرپرسیاری، (عبد الحميد بديع الزماني) بوو، کاك ئەحمەد ئەندامی دەستەی نووسەرانو یەکێك لە نووسەرە هەمیشەییەکانی بوو، ژمارەی وای تێدایە کە کاك ئەحمەد چوار وتاری تێدا نووسیوە.

شایانی باسە کە لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێراندا، هەندێك ناحەز بە کاك ئەحمەد، وێنەی ئەو ڕوژنامەیەی (کوردستان)و وێنەی کاك ئەحمەدیان بڵاوکردەوەو ویستیان وا وێنای بکەن کە کاك ئەحمەدیش لە (ساواك)ەوە هاوکاریی وەرگرتووەو لەگەڵ مامەکانی،

---

[1] بەرواری دەرچوونی ژمارەی یەکەمی (کوردستان)، بە مێژووی کوردییو مانگییو هەتاویی، بەمجۆرە بوو: چوارشەممە، ١٥/گوڵان/٢٥٧١ی کوردی، ٢٧/شوال/١٣٧٨ی مانگیی، ١/أرديبهشت/١٣٣٨ی هەتاوی.

[2] بەرواری دەرچوونی دواژمارەی (کوردستان)، بەمێژووی کوردییو مانگییو هەتاویی، بەمجۆرە بوو: چوارشەممە، ٨/جۆزەردان/٢٥٧٥ کوردیی، ٥/محرم/١٣٨٢ مانگیی، ٨/خرداد/١٣٤٢ هەتاویی.

ئەو ڕۆژنامەیەیان بۆ پشتیوانیی لەڕژێمی (شای ئێران) دەرکردووە. بۆیە لە لایەن پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی (اطلاعات)ەوە دەربارەی ڕاستیی‌و ناڕاستیی هاوکاریی لەگەڵ (ساواک)، پرسیار لە کاك ئەحمەد کرا، لە وەڵامدا سەراپای هەواڵەکەی بەدرۆخستەوەو بە پەیامنێرەکەی وت: "ئەگەر ڕۆژنامەی (کوردستان)ت خوێندبێتەوە، یان کوردیزانێك بۆت وەربگێڕێت، پەی دەبەی کە خودی ڕۆژنامەکە بەڵگەیە دژی ئەو بۆچوونەی سەرەوە. یەکەمجار کە چەند نوسخەیەك لە ڕۆژنامەی (کوردستان)م بڵاوکردەوە، لە کۆبوونەوەیەکدا وتم: چەندە نەزانکارانەو ناشییانە کارەکەیان کردووە! هاتوون بەیاننامەیەکی دوورو درێژیان بەهاوپێچی ڕۆژنامەکە بڵاو کردۆتەوە، گوایە من بە باڵای (شا)دا خوێندوومەو هاوکاریی (ساواك)م کردووە. لە یەکێك لە ژمارەکانی (کوردستان)دا کە وێنەی منی تێدا دانرابوو، ئاماژە بە من کرابوو. من دیارە چەند وتارو چ جۆرە وتارگەلێکم (لەو ڕۆژنامەیەدا) نووسیوە. ئەگەر ئێوە بگەڕێنەوە بۆ ئەرشیفی ڕۆژنامەکە، بۆتان دەردەکەوێت کە هەڵوێستی من دژی ئەو لاف‌و گەزافانەیە کە لەو بەیاننامەیەدا بڵاوکراوەتەوە..[1]

---

1. ڕۆژنامەی (اطلاعات)، ١٣٥٨/٣/٢٧. دیدار لەگەڵ پەیامنێر: ڕەزا خوسرەویی.

لێرەدا بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی کاك ئەحمەدی ڕەحمەتیی – ئەڵبەتە بۆ ئەوانەی کە تاکو ئێستەش گومان دەخەنە سەر قسەکانی ئەو– زۆر جێی خۆیەتی قسەی پیاوی ناسراوی ساواك (عیسا پژمان) بهێنمەوە. خۆی لە گێڕانەوەی یاداشتەکانیدا دەڵێت: "ساواك پارەی دەدا تا ڕۆژنامەی (کوردستان) دەربکەین، بەڵام ئەحمەدی موفتیزادە پارەی وەرنەگرت، تەنها خەریکی وەرگێڕانو نووسینی بابەت بوو... کاتێکیش کە زانی (ڕۆژنامەکە) لەلایەن ساواکەوە بەڕێوە دەچێت، ئیتر بۆ ڕۆژنامەکەی نەنوسی."[١]

ڕۆشنبیری ناسراو (صلاح الدین موهتەدی)ش چەند زانیارییەکی گرنگ لەبارەی ئەم ڕۆژنامەیەوە دەدرکێنێت، دەڵێت: "دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە بەزمانی کوردی، لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، باوەکو مەبەستێکی تەبلیغاتیشی تێدابووبێ، بەڵام بەپێهاتنێکی بەڵگەداربوو سەبارەت بە هەبوون (مەوجودیەت)ی گەلی کوردو زمانو ئەدەبو نیشتمانی." هەروەها دەڵێت: "ڕۆژنامەی (کوردستان) باوەکو لەژێر چاودێری سەختی حکومەتدا دەرئەچوو، لەگەڵ ئەوەش لە ڕاستەقینەدا خزمەتێکی گرنگی بە زمانو ئەدەبو مێژووی گەلی

---

١ پێگەی (کوردستان پۆست نێت)، وتاری: من شۆڕشم هەڵگیرساند، عیسا پژمان، بەڵگەنامەی ٢٠١٠/٣/٥.

کورد ئەکرد. بەڵام پاش (٤) ساڵ بۆ دەوڵەت دەرکەوت کە لە چاپدانی ئەو ڕۆژنامەیە، جگە لەزیان بۆ سیاسەتی دەوڵەت، سوودێکی تێدا نیە، ئینجا لەبەر ئەوە لە سەرەتای بەهاری ١٣٤٢ (١٩٦٣ ز) دا ڕۆژنامەکە داخرا.."[١]

سەبارەت بە مامەڵەی ڕژێمی شا لەگەڵ ڕۆژنامەکەش، بەڕێز موهتەدی بەدوورو درێژیی باس لەوە دەکات کە پاش دەرچوونی دوو سێ ژمارەی، لەلایەن ساواکەوە لە کوردستان یاساغ کراوە، دەڵێت: "ئێمە ماڵمان لە تاران بوو، کاک ئەحمەدی موفتی زادە، یادی بەخێرو گۆڕی بڕ نوور بێ، هەموو هەفتەیەك چەند دانەی دەخستە کیفەکەیەوەو بە دزیی بۆی دەهێنایین.. ڕۆژنامەکە لە ئێران قەدەغە کرا، بەڵام بۆ دوو شوێن بەتایبەت دەنێررا: یەکیان لە ڕێگەی پۆستەوە بۆ خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا. دووەمیان: لە ڕێگای قاچاغچییەوە، لەڕێی ئەسپو ئێسترەوە بۆ کوردستانی عیراقو ئەو شۆڕشگێڕانەی لە شاخ بوون."[٢]

---

[١] پێشەکی ڕۆژنامەی کوردستان، بنکەی ژینو ئەکادیمبای کوردیی، هەولێر، ٢٠١٢ ز، بەرگی ١، لا: ح، خ.

[٢] هەمان سەرچاوە، لا: ص.

بەهەرحاڵ، لەبەر زۆریی‌و هەمەڕەنگیی وتارەکانی کاك ئەحمەدو بایەخی مێژوویی‌و زانستییان، بە پێویستم بینی کە لەم بەشەدا ئەم لیستە بخەمە خزمەتی خوێنەران[١]، کە جگە لە سوودبینین لە ئەندێکسی ئامادەکراو بۆ کۆتایی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە، بۆ خۆیشمان یەك بە یەکی ژمارەکانمان هەڵدێرو وەڵدێر کردووەو سەرەنجام ئەم لیستەمان لەسەر بابەتەکانی کاك ئەحمەد ئامادە کردووە:

١ـ زنجیرە وتارێکی (١٤) ئەڵقەیی، لەژێر ناونیشانی: (دینی ئیسلام موقتەزای تەبیعەتی ئینسانییە).

٢– زنجیرە وتارێکی (٣٨) ئەڵقەیی، لەژێر ناونیشانی: (وتاری ئاینی).

٣– زنجیرە وتارێکی ئەدەبیی (٥٤) ئەڵقەیی، تایبەت بە ژیانی شاعیرە کلاسیکییەکان، بە خستنەڕووی پوختەی ژیاننامەیان‌و توێژینەوەی هەندێك لە چامە شیعرییەکانیان، لەژێر ناونیشانی: (وێژەی کوردستان).

٤– زنجیرە وتارێکی زانستیی (٤٨) ئەڵقەیی، تایبەت بە ئابووریی، لەژێر ناونیشانی: (ئابوریی لە دینی ئیسلامدا).

---

٢ لە ڕێکخراوی (زانست)، بە هاوکاریی برای بەڕێز کاك ئومێد محەممەد ئەمین، لەبەر ڕۆشنایی ژمارەکانی (کوردستان)دا، ئەم لیستەمان ئامادە کرد.

٥- زنجیره وتارێکی زمانەوانییو ڕەوانبێژیی (٥٥) ئەڵقەیی، لەژێر ناونیشانی: (ڕێزکاریی).

٦- ئامادەکردنی (١٧٩) ئەڵقە، لە گۆشەی (چوارقوژبن)، مەبەست خشتەی وشە یەکتربڕەکانە، کە لە هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەکەدا هەیە.

٧- ئامادەکردنی (٧٨) ئەڵقە، لە گۆشەی (باسێکی زانیاریی).

٨- زنجیره وتاری (٧) ئەڵقەیی بابەتی (ئامۆژگاریی).

٩ـ زنجیره وتاری (٥) ئەڵقەیی بابەتی (هەڵبەستی شێواو).

١٠ـ وەرگێڕانی (٦) ئەڵقە، لە وتاری (د.محەممەد موکری)، لە ژێر ناونیشانی: (خۆنواندن بەلای ئەهلی حەققەوە).

١١ـ ئامادەکردنی گۆشەی (دیاری خوێنەران)ی دەیان ژمارەی کوردستان.

١٢ـ ئامادەکردنی (گۆشەی خوێنەران)ی دەیان ژمارەی کوردستان.

زادست

# بەشی پێنجەم

## نمونەیەك لەوەی دەربارەی كاك ئەحمەد وتوویانە

**وەك** لایەنێکی سەرەکیی ئەم بابەتە جێی خۆیەتی **هەڵسەنگاندنی** چەند کەسایەتییەك بۆ کاك ئەحمەد بگوێزمەوە، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان قوتابی یان هاوکارو دۆستی نەبوون، بەڵکو هەندێکیان ڕۆژانێك بە باکگراوندی ئایدیۆلۆژیی، یان تایفیو مەزهەبییو نەژادیی، دوژمنایەتیشیان کردووە:

- **ئەندازیار حوسەینی شاوەیس**، سێهەم پارێزگاری (پارێزگای کوردستان)و نوێنەری ئێران لە یۆنان، ڕوناکبیری کوردی سنەیی:

ناوبراو کە ماوەیەك لە زیندانی (قزڵ حەسار) هاوزیندانیی کاك ئەحمەد بووە، دەڵێت: "موفتی زادەی ڕۆحشاد، لە زانایانی ناوداری کوردستانە، دەزگایەکی بە ناوی (مەکتەبی قورئان) دامەزراند، کە چەندین گەنجی پاکداوێنو ڕاستگۆی پێشکەش بە کۆمەڵگە کرد. موفتی زادەی ڕەحمەتی، لە پشتیوانانی شۆڕش بوو لە کوردستان، بڕوای وابوو دەبێت شۆڕشی ئیسلامیی بە کردەیی خواستەکانی خەڵکی کوردستان وەڵام بداتەوە. لە کتێبی (دەربارەی کوردستان)ەکەیدا پێشبینی دەکاتو هۆشیاریش دەدەات کە ڕەوتی

حکومەتەکان بەرەو تاکڕەوییو دیکتاتۆرییەت، قۆناغ بە قۆناغەو قۆرخکاریی گەورەترین هۆی تێکشکانی دەسەڵاتەکانە.

ئەو، ئازایانەو بە بڕوایەکی پتەوەوە- تەنانەت لە زیندانیشدا- بەشێوەی وتنیشو نووسینیش، جەختی دەکردەوە کە دەبێت شۆڕش لە خەمی چارەی مەحرومیەتو ستەمەکاندا بێت، کە بەرامبەر کوردو نەتەوەکانی تر کراوە، ئەو لەسێ تەوەردا ئەمەی ڕوون دەکردەوە:

- یەکسانیی سیاسیو یاسایی ئەهلی سوننەو شیعە.
- یەکسانیی مافە نەتەوەییو سیاسییەکانی هەموو میللەتەکان.
- یەکسانیی هەموو مافە کۆمەڵایەتییو ئابوورییەکانی تەواوی مرۆڤەکان.

هەروەها تەئکیدی دەکردەوە کە دەبێت شۆڕش دیاری بکات کە چۆن ڕووبەڕوی هەرسێ دەردی ١- ستەمی نەتەوەیی، ٢- ستەمی مەزهەبی، ٣- ستەمی چینایەتی، دەبێتەوە.. موفتی زادە لەسەر ئەم بیروباوەڕانەی بەرەو ڕووی سێ دەستە بوویەوە: ١-جووڵانەوەی نەتەوەگەرەکان، کە ئەویان تۆمەتبار دەکرد بە سازشکاریی. ٢- حکومەتی ناوەندیی (ئێران)، کە تاکلایەنەو دەمارگیرانە دەیڕوانییە

ڕووداوەکان. ٣- هێزە چەپو کۆمۆنیستەکان کە هەمیشە لە پیلاندا بوون دژی موفتی زادە.

دەربارەی زانایی‌و دانایی کاک ئەحمەدیش، (شاوەیس) دەڵێت: "ئەم پیاوە هیوادار بوو کە هاونیشتمانییەکانی سەربەرزو ئازاد بن، بەڵام بەو ئاواتە نەگەیشت. ڕووبەڕووی زیندان کرایەوە، ئەو لە زەمینەی کۆمەڵناسیی‌و سیاسەتدا بەبڕوای من دژی شا هەستایەوە. من لە زیندانی (قزلْ حەسار) ماوەیەك شەرەفی هاوزیندانیم لەگەڵیدا پێ سپێردرا، لەو پیاوەوە زۆرشت فێربووم، ئەوەی شایانی باس بێت بڕوای بێخەوشی ئەو بوو بەزاتی یەکتاو ئیسلام، عاشقی خەڵکی کوردستان بوو، ئارەزووی سەربەرزیی ئەوان بوو لە ئێراندا، ئازایەتیی‌و صەراحەت‌و ڕاستگۆیی ئەو لەبەر زاران بوو، پێشتر بیستبووم کە لە صیفەتەکانی کەسی دروستکار، ڕێککەوتنی گوفتارو کرداری ئەو کەسەیە، ئەم وەصفە لەودا بەشێوەیەکی زیاد هەبوو.."[1]

- **صلاح الدین موهتەدی:**

ڕووناکبیرو سیاسەتمەداری ناسراوی خۆرهەڵاتی کوردستان، کوڕی حاجی مەلا (عبد الرحمن)ی موهتەدی، ئیلخانیزادەی بۆکانی، وەزیری

[1] گۆڤاری: چشم أنداز إيران، پاییزی ١٣٨٤، لا: ٢٥- ٢٦.

کاروباری دەرەوە لە کابینەی کۆماری کوردستانو زانای ئاینییو کادێری چالاکی (ژ.ك)، باسی هاورێیەتی خۆیو کاك ئەحمەد دەکات، لە کاتی بوونیان لە شاری (تاران)، دەربارەی کاك ئەحمەدی موفتی زادە، دەڵێت: "..لەگەڵ کاك ئەحمەد دۆستی هەرە خۆشەویستی یەکتر بووین، خۆی بە موریدو شاگردی باوکم دەزانی... پیاوێکی زیرەكو زاناو خۆپارێزو دوور لە هەموو چەپەڵیو گومانێك.."[١]

- ئەندامێکی ڕێکخراوی چەپی (**چریکەکانی فیدایی خەلق**)، بەناوی **(ع.ب)**:

ناوبراو، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زیندانی ئەوینی تاران، لەگەڵ ژمارەیەك لەسەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوە، هاوزیندانیی کاك ئەحمەد بووە، دەربارەی کاك ئەحمەد دەڵێت:"ئاغای موفتیزادە بۆ ئێمە وەك دەرمانی ئارامبەخش وابوو. ئەو، کەسێکی وەك منی بەدفەڕو شەڕانیی، بەرەو لای خۆی ڕاکێشا، من تینووی ئەو بووم، زۆر بە

---

[١] ئەم دانپێدانانەی (موهتەدی) بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە وەك لە جێیەکی تریشدا گوتم: ناوبراو لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە لەگەڵ کاك ئەحمەددا هاوڕاو هاودەنگ نیە، ئەم شایەتییەشی لە مانگی ئەیلولی ٢٠١١ دا بۆ پێشەکی ژمارە کۆکراوەکانی ڕۆژنامەی (کوردستان) نووسیوە، کە لە ساڵی ١٩٥٩ بە دواوە لە شاری (تاران) دەرچووەو بە سوپاسەوە ساڵی ٢٠١١ لە لایەن (بنکەی ژین)ەوە لە سلێمانی دووبارە چاپو بڵاوکراونەتەوە.

سۆراغی دەڕۆیشتم... لە خراپترین تا چاکترین کەسی ناو زیندان ڕێزیان لێدەگرت، سامو هەیبەتێکی تایبەتی هەبوو. زیندانییەکی پیاوکوژ کە ٢٧ پیاوی کوشتبوو، کاتێك بە لای کاك ئەحمەددا تێدەپەڕی، لە شەرماندا سەری دادەخست، کاك ئەحمەد وەك مرۆڤێك خۆشی دەویستو خۆشەویستیی بۆ دەردەبڕی، بەڵام ئەو لە تاو شەرم، نەیدەتوانی تەماشای چاوەکانی بکات... ئەو کەسانەی ئازارو شکەنجەیان دا، پەشیمان بوونەوە، هەریەکەیان بە بەڵایەك گرفتار بوو. کاك ئەحمەد لەکاتی ئەشکەنجەدانیدا، بە زەردەخەنەوە تەماشای جەللادو ئەشکەنجەدەرانی خۆی دەکرد، زەردەخەنەی بەزەیی، نەك گاڵتەپێکردن، ئەو دڵی بۆ بەدبەختیی ئەشکەنجەدەرەکانی دەسووتا.. بەڕاستی ئاغای موفتی زادە مرۆڤێکی گەورە بوو، هەمیشە دۆعای بۆ هەموو مرۆڤەکان دەکرد، هەندێکجار دەیگوت: خوایە! ئەگەر دەکرێت هەموو دەردو ئازارەکانی خەڵکی دنیا بدە بە من، تا کەسێك لەم دنیایەدا دەردو ئازار نەچێژێت."(!)[١]

---

[١] پێگەی ئەلیکترۆنیی: www.wahdeti slami.com (بەداخەوە لەم دواییانەدا ئەم پێگەیە لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە بەستراوە).

- **عبد الرحمن قاسملۆ:**

سیاسەتمەداری ڕۆژهەڵاتی کوردستانو سکرتێری پێشووتری حزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران، دەربارەی کاك ئەحمەد، وتوویەتی: "جارێك لە تارانو جارێك لە سنە دیدارم لەگەڵی هەبوو، ئەوەندەی من بزانم، گەلی کورد پیاوی ئاوا زاناو دڵسۆزی، کەمتر بەخۆیەوە دیوە، ئەو لە ڕێگەیەکەوە خزمەت بە گەلی کورد دەکات، ئێمەش لە ڕێگەیەکی دیکەوە."[١]

- **(عیسی پژمان)**[٢] کەسایەتی دەزگای سیخوڕیی ساواکی ئێران:

لە بارەی عیففەتو نیکنەفسیو دەرونبەرزیی کاك ئەحمەدەوە، دەڵێت: "ساواك پارەی دەدا تا (ڕۆژنامەی) (کوردستان) دەربکەین،

---

[١] کاك ئەحمەدی موفتی زادە، سەروەت عبد الله، ١٣٩/١.

[٢] عیسا پژمان، کوردێکی خەڵکی شاری (سنە)یە، کەسایەتیی ناسراوی دەزگای (ساواك)ی ئێرانو ڕاسپێرراوی شا بووە لە ناو شۆڕشی باشووری کوردستان، لە ساڵی ١٩٦١ەوە دۆستو ناسراوی مەلا مستەفا بەرزانیو ئیبراهیم ئەحمەدو مامجەلال بووە، بیرەوەرییەکانی بەناوی (تندباد حوادث)، (گەردەلوولی ڕووداوەکان) لە ٦٠٠ لاپەڕەدا بە فارسی چاپ کراوە، کە نهێنی زۆری لەسەر شۆڕشی ئەیلول درکاندووە.

بەڵام ئەحمەدی موفتیزادە پارەی وەرنەگرت، تەنها خەریکی وەرگێڕان‌و نووسینی بابەت بوو، دەربارەی نوێژوو ڕۆژوو.[1] کاتێکیش کە زانی (ڕۆژنامەکە) لەلایەن ساواکەوە بەڕێوەدەچێت، ئیتر بۆ ڕۆژنامەکەی نەنوسی."[2]

- **هەژار موکریانی:**

ئەدیب‌و نووسەرو کەسایەتی ناسراوی کۆماری کوردستان، عبد الرحمن شەرەفکەندیی، ناسراو بە (هەژار)، لە بیرەوەرییەکانیدا لە هەمبەر کاك ئەحمەدی موفتی زادە – لە کاتێکدا کە لە زیندانی (ئەوین) بووە– نووسیویەتی:

"لە هەرای ئازادیخوازیی کوردستانی دوای ئینقیلابی ئیسلامیدا، زۆر کەس لە کوردەکانی سابلاخ‌و سنە، خراپەی (ئەحمەدی موفتیزادە)یان دەگوت، بەڵام کە لەگەڵی ئاشنا بووم، زانیم لە غەرەزێکی نەزانانەوە خراپەی دەڵێن، گوناهی هەر ئەوە بوو کە

---

١ ئەو زانیارییەی (عیسا پژمان) تەواو نیە، چونکە کاك ئەحمەد لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا دەیان وتاری ئەدەبیی‌و ڕۆشنبیریی هەن، کەمێکیان باسی نوێژو ڕۆژوویان تێدایە، کە بەندە بە هیوای لەچاپدانەوەیان، لە ژمارەکاندا دیاریم کردوون.

٢ پێگەی کوردستان پۆست نێت، وتاری: من شۆڕشم هەڵگیرساند، عیسا پژمان، بەڵگەنامەی ٢٠١٠/٣/٥.

موسڵمانی بەڕاستییەو ئەم بڕوایەش بۆ کۆمۆنیستانو زۆر لە لاوانی ئەمڕۆمان قووت ناچێ. (موفتیزادە) بەدڵ ویستی ئازادیی بۆ کوردستان بستێنێ، زۆریش ماندوو بوو، کە قەوڵی ئازادیی کوردستانی پێدەدەن، خۆی کە بێ درۆو دڵپاك بوو، لای وابوو قەوڵدەرەکانیش دڵپاکن.. وا ئێستا کە ئەم پەڕاوانە دەنووسم، کاك ئەحمەد لە زینداندایەو سزا دەدرێت، زۆر لە هاوکارانی – کە زۆربەیان تازەلاون– لە سووچی زینداندا توندکراونو هیچیان لە پەیڕەویی پاشگەز نابنەوەو لەسەر بڕوای خۆیان سوورن. لەوساوە خۆم ڕوو بەڕوو کاك ئەحمەدم دیوەو سەفەرم بۆ شیمال لەگەڵی کردووە، زۆر بەردڵم کەوتووە، لام وایە بە مردووییش، هەزاران کۆمۆنیستی نەزانی، دەبێ بە قوربان بکرێ." [١]

- **یوسف نەدا:**

ڕاسپێرراوی پلە یەکی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی کۆمەڵی (الإخوان المسلمون)و یەکێك لە گەورە بازرگانەکانی جیهان، ئەو کەسەی کە ساڵی ١٩٨١، بە مەبەستی نێوەندگیریی لە نێوان دەسەڵاتدارانی ئێرانو کاك ئەحمەدی موفتیزادەدا، سەردانی

---

١ چێشتی مجێور، هەژار، چاپی ٣، تاران، لا/ ٥٠٩.

کرماشانی کرد، داوای لێکرد کە لە ڕێی (بەنی صەدر)ی سەرکۆماری ئێرانەوە، هەوڵێکی تر بدات بۆ چاکسازیی لە دەسەڵاتدا، دەربارەی کاك ئەحمەد دەڵێت: "بەڕێز ئەحمەدی موفتیزادە کەسێکی ستەملێکراو بوو... چەند داواکارییەکی نەتەوەیی‌و ئیسلامیی لە دەسەڵاتداران هەبوو... لەوانە:

ـ شاری کرماشان، لەبەر ئەوەی (ناوچەیەکی نەوتی)یە. دەیگوت: دەبێت بەشێك لەو نەوتە بۆ کوردان بێت، بەسەر کوردەکانداو بۆ خوێندنگەو نەخۆشخانەو ڕێگەوبان‌و ئەو شتانە دابەش بکرێت..

ـ هەروەها دەیویست لە شاری تاران مزگەوتێکی سوننە هەبێت.

ـ خوێندن‌و فێربوون بە زمانی کوردیی بێت...[١]

- **مامۆستا ناصر سوبحانی:**

چەندین جار دەربارەی کاك ئەحمەدی موفتی زادە، ئەمەی دووبارە دەکردەوە:

"کاك ئەحمەد لە زاناو کەسایەتییە کەموێنەکانی جیهانی ئیسلامە، ئەگەر ئەنجومەنێکی شورا بۆ ئوممەتی ئیسلامیی دروست بکرێت‌و

---

١ ئەم وتانەی (یوسف نەدا) لە دوو توێی زنجیرە بەرنامەیەکدا بوون، لە بەرنامەی (شاهد علی العصر)ی کەناڵی (الجزیرة)، کە ڕاگەیاندکاری ناسراو (د. ئەحمەد مەنصور)، لە ئابی ٢٠٠٨ دا، لە چەند ئەڵقەیەکدا پێشکەشی کردن.

زانایان لە دونیاوە هەڵبژێررێن بۆی‌و کاك ئەحمەدی موفتی زادەی تێدا نەبێت، ئەو ئەنجومەنی شورایە ناتەواوە."

- **پێگەی کۆمەڵی (الإخوان المسلمون):**

بەمجۆرە کاك ئەحمەدی ناساندووە: "مامۆستا ئەحمەدی موفتی زادە، سەرکردەی ئیسلامیی، سوننی، فەقیه، بانگخواز، نمونەو سونبول، سەرکردەی بزافی ئیسلامیی ئێران، دەریای زانستە شەرعییەکان، خاوەنی ڕەوشتێکی ئیسلامیی، دوور لە زیادەڕەوییو خۆبەزلزانیی، پشتیوانی شۆڕش دژی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ئێران.."[1]

- **سایتی (بەحرەین):**

"لە زینداندا داوایان لە کاك ئەحمەد کرد کە نووسراوێك بنووسیٚ بۆ بەرپرسان، کە واز لە کارەکانی دەهێنێت، تا ئازادی بکەن، بەڵام کاری وای نەکرد، چونکە ئەو وا ناسرابوو کە کەسێکی پایەدارەو پابەندە بەڕاستییەوەو هەرگیز دەستبەرداری حەق‌و ڕاستی نابێت، لە پێناوی ئازادبوونی خۆیدا."[2]

- **پێگەی ئەلیکترۆنیی جیهانیی (ویکیبیدیا):**

---

١ ماڵپەڕی ڕەسمیی کۆمەڵی (الإخوان المسلمون).

٢ پێگەی ئەلیکترۆنی: bahrainforums.com

ئەم پێگە جیهانییە بابەتێکی دووردرێژی لەسەر ژیانی کاك ئەحمەدو هەوڵو خەباتیو زانستیو دەسگیرکردنیو حوکمدانیو ئازاردانیو.. هتد، نووسیوە. لە بەشێکی ئەو بابەتەدا هاتووە:

"عەللامە ئەحمەدی موفتیزادە، بە کوردیی (کاك ئەحمەد)، یەکێك بووە لە بیرمەندانو سیاسییە ئاینییەکانو لە داواکردنی مافە نەتەوەییەکانی کوردو مافەکانی ئەهلی سوننەتدا، ڕۆڵی سەرکردانەی هەبووە... ئەو، سەرکردەیەکی نەتەوەییو ئیسلامیی بوو، لە ناو ئەهلی سوننەتدا، کەس هێندەی موفتی زادە، کاریگەریی لە ئێراندا نەبوو، بۆیە بە سەرکردەی ڕۆحیی ئەهلی سوننەتی ئێران، دەژمێردریٚ... موفتیزادە دژی توندوتیژییو شەڕی ناوخۆی حزبە کوردییەکان بوو، بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی دیموکراسیی هەبوو، لەگەڵ ئیدارەی خۆجێیی (ئۆتۆنۆمی) بۆ کورد... هەروەها سەرکەوتوو بوو لە کۆکردنەوەی دەنگی سوننەکانی ئێران، لە کوردو بەلوچو تورکو تاڵشییەکان.

موفتیزادە، لەو جۆرە کەسانە بوو زۆر ڕۆچوو بوو لە زانستە شەرعییەکاندا، بە ڕەوشتە ئیسلامییە بەرزەکانی، جیاواز بوو لە کەسانی دی، دوور بوو لە تەرەف و خۆبەزلزانین..."[1]

- لە ( **تتمة الأعلام)ی زەرکەلی**:

لە پاشکۆی (الأعلام)ی زەرکەلیدا، بەم جۆرە کاك ئەحمەدی موفتیزادە ناسێنراوە: "ئەحمەدی موفتیزادە، سەرکردەی ئیسلامیی، شێخی شەرعناس، زانای بانگخواز، مەشخەڵی بەناوبانگ، ڕۆچوو لە زانستە شەرعییەکان. خاوەنی ڕەوشتێکی ئیسلامیی بەرز، دوور لە تەکەببورو فیزو دەعیە. (لە زینداندا) داوایان لێکرد واژۆیەك بکات کە ناچێتەوە سەر ئەوەی لەسەری بوو، نەیکرد، پایەدار بوو، پابەند بوو بەڕاستییەوە، نەیویست لەبەر ڕزگارکردنی خۆی پشت لە حەق بکات. دوا وەصیەتی ئەوە بوو: ( وەصیەتتان بۆ دەکەم لە خوا زیاتر لە کەس مەترسن).[2]

- کۆتایی ئەم بۆچوونانە بە پەرەگرافێکی خۆم دەهێنم، کە لە یادی ٢٢ساڵەی کۆچی دوایی کاك ئەحمەددا، لە پەیجی تایبەتی خۆم دامبەزاندبوو، بە کەمێك دەسکارییەوە:

"بەندە ساڵی ١٩٨١ کاك ئەحمەدم لە ماڵەکەی خۆی لە شاری کرماشان، ناسی. چەندین کات و شەوو ڕۆژ لە

---

١ پێگەی ئەلیکترۆنی جیهانیی ویکیبیدیا.

٢ تتمة الأعلام للزركلي، محمد خير رمضان، ١/٦٤.

خزمەتیدا بووم. لە کاتەکانی دانیشتنی، گفت و گۆو قسە کردنی، گوێگرتنی،سەفەرکردنی، نووستنی، میوانداريي، نوێژکردنی، گوتاردانی، خواردن و خواردنەوەی، ژیانی ئاسايي.. لەگەڵی ماومەتەوە..

بەپێویستی ئەبینم بۆ مێژوو ئەم شایەتییە بدەم، نەوەکو تەمەن مۆڵەت نەدا بیرەوەرییەکانم تەواو بکەم:

"مەرحومی کاك ئەحمەد موفتیزادە: ڕەمزێکی خەباتگێڕي نەتەوە، موجتەهیدێکی سەردەم، ڕِیفۆرمخوازو چاکسازێکی نەترس، نمونەو سومبولی ڕەوشت، مامۆستای خە مخۆریی، عاشقی پێغەمبەری خوا، هەژارنەوازی کەموێنە، شەیدای ئازادیی کوردو کوردستان، سەرکردەی ڕەوتی ئازادکرنی گەلانی ئێران، دوژمنی ستەمی مەزهەبیی و چینایەتیی و نەتەوەیی بوو. لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا ڕقی بەرامبەر دوژمنانیشی گۆڕی بوو بە سۆزو لوتف و ڕەحمەت بەرامبەریان، حەزی لە هیدایەتیان بوو، خەمی دونیای هە ژاران و قیامەتی نەیارانی بوو.

لە ۱۹۹۳/۲/۹دا، ئەم بیرمەندە گەورەیەی ئیسلام، ئەم سەرکردە خەباتگێڕەی خۆرهەڵاتی کوردستان، پاش خزمە تێکی دەیان ساڵەو بەسەربردنی چەندین ساڵی پڕ ئازار لە زیندانەکانی تاران، پاش ئازادکردنی بەهۆی دابەزینی باری

تەندروستییەوە، کۆچی دوایی کردو بەرەو بارەگای ڕەحمە تی زاتی باری، گەڕایەوە.."

عمر عبد العزيز

٩/ ٢/ ٢٠١٥

باشوری کوردستان، سلێمانی

**سڵاو لە گیانی پاکی کاك ئەحمەدی موفتی زادەو هەموو کۆچکردووانی هاوەڵی‌و تەواوی ئەو ڕێبوارانەش کە ڕێبازی ئەوو پێشەنگانی ئەویان بەرنەداوە.**

**ئەی پەروەرێنی بەسۆزو میهرەبان!**

**لە گوناهی ئێمەو کاکی شەهیدو هەموو ئەو براو خوشکانەمان خۆش ببە، کە بە ئیمان‌و بڕواوە پێشمان کەوتن، هیچ کینەو غەرەزێکیش لە دڵماندا بەرامبەر هیچ یەکێك لەوانەی باوەڕیان هێناوە، مەهێڵە. بە ڕاستی تۆ زۆر میهرەبان‌و سۆزبەخشی.**

﴿رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ﴾

الحشر/ ١٠

# پاشکۆی

# وێنەو بەڵگەنامەکان

کاك ئەحمەد:


"بەشەرییەت بۆ ئەوەی لەم دەردو ئافاتانەی کە تێی کەوتووە ڕزگاری ببێت، دەبێت دوو ڕێگە بگرێتە بەر:

١- ناسینی ئیسلامی حەقیقی (جیاواز لە مەزهەب و مەکتەبە ئیسلامییەکان).. هەروەها ناسینی عورف و فەرهەنگی خەڵك و قسەکردن بە تەناسوبی عورف و فەرهەنگی خەڵك، ئەگەر وا نەکرێت ئەوا خەڵکی لەو قسانەی بۆیان دەکرێت حاڵی نابن و دەرکی ناکەن.."

٢- کۆششکردن بۆ پەروەردەکردنی ژمارەیەك خەڵکی و دامەزراندنیان لەسەر ئەو ڕێگەیەی کە ئیسلام دیاری کردووە. ژمارەیەك -کەم یا زۆر- ئینسانی موسڵمان پەروەردە بکەیت، کە باش و تەواو تێگەیشتبن، ئەمانەببنە سەرمەشق بۆ میللەت و ڕێیان بۆ ڕۆشنکەنەوە."



کاک ئەحمەد لە سەرەتای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتیدا



کاک ئەحمەد بە بەرگی مەلایەتییەوە



وێنەی باوکی کاک ئەحمەد، مەلا مەحمودی موفتی کوردستان



دوو وێنەی پێش زیندانو دوای زیندانی کاک ئەحمەد



کاک ئەحمەدو شاندێکی زانایانی کوردستان لەگەڵ ڕابەرانی شۆڕشی ئێران لە ڕاستەوە: سەرکۆمار بەنی صەدر، ڕەفسەنجانی، بەهشتی، تاڵەقانی، کاک ئەحمەد، مەلا محەممەدی ڕەبیعی.(شاری قوم، ۱۹۷۹ز)




کۆنگرەی ئۆتۆنۆمی کوردستان

لە ڕاستەوە: مظفر پەرتۆما، کاك ئەحمەدی موفتی زادە

(شاری سنە، ١٩٧٩/٦/١)



**کۆنگرەی ئۆتۆنۆمی کوردستان**

**لە ڕاستەوە کاک ئەحمەد، مەلا محەممەدی ڕەبیعی**

**(شاری سنە، ١٩٧٩/٦/١)**





دوو وێنەی کاك ئەحمەد لە ناو ئاپۆرەی جەماوەری خۆپیشاندەری

شاری سنەدا، (١٩٨٠ ز)






کاك ئەحمەدو کوڕی تاقانەی، کاك حەمە ژیان



**کاك ئەحمەد، پێشنوێژی دەکات**



**ژیان لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا**



کۆنگرەی دامەزراندنی شورای مەرکەزیی سوننەت (شمس)، تاران، ١٩٨١/٤/٢

لە ڕاستەوە: محەممەد ئەمین مەحمود، بورهان محەممەد ئەمین، محەممەد ڕەفیق، کاك ئەحمەد موفتی زادە، عومەر عەبدولعەزیز.



کۆنگرەی دامەزراندنی شورای مەرکەزیی سوننەت (شمس)، تاران،

١٩٨١/٤/٢

لە ڕاستەوە: عمر عبد العزیز، برهان محەممەد ئەمین



کۆنگرەی دامەزراندنی شورای مەرکەزیی سوننەت (شمس)، تاران،

١٩٨١/٤/٢

لە ڕاستەوە: عمر عبد العزیز، شێخ عبد العزیزی قەسری شیرین،

**محمد ئەمین محمود.**









**نمونەیەك لە بەرهەمە بڵاوكراوەكانی كاك ئەحمەد**








نمونەیەك لە هەوڵەكانی كاك سەروەت عبد الله


## بۆ ناساندنی بیرو بۆچوونەکانی کاک ئەحمەد

زانست





علماء مجاهدون
في سجون اسلامية




گۆڤاری (المجتمع)ی کوەیتیو (الدعوة)ی برایان، دەربارەی باسی

کاك ئەحمەدو دۆخی ئەهلی سوننەتی ئێران

بسم الله الرحمن الرحیم

هموطنان عزیز

اطلاع دارید که با توجه به شرایط کنونی، و به خاطر جلوگیری از هر گونه برخورد و خونریزی
مدتی پیش عده‌ای از مسلمانان از سنندج و بعضی نقاط دیگر کردستان به شهرهای دیگر
ایران کوچ کردیم.
اکنون که درگیری ملت و انقلاب ایران با امپریالیسم شکل تازه‌ای یافته، بار دیگر ضمن
تأکید اعلامیه‌های گذشته و از جمله اعلامیه‌ای که چند روز پیش عده‌ای از برادران ما
در همین زمینه منتشر کرده بودند، قاطعانه اعلام میکنیم که اینجانب هر گونه درگیری در کردستان
یا در هر گوشه دیگر ایران، و تحریک جنگ داخلی و برخورد با گروه‌ها و قشرهای ملت
تحت هر عنوان که باشد، خواه با عناوین اسلامی یا غیر آن، اقدامی است علیه همه اجزای
ملت ایران؛ و مستقیم و غیر مستقیم، خدمتی است به اهداف ضد خلقی و ضد اسلامی
ابرقدرتهای جهانخوار. و لذا اینگونه اقدامات را شدیداً محکوم میدانم.
ضمناً اخبار پراکنده حکایت از آن دارد که گویا افرادی میخواهند دست به چنین
اقداماتی بزنند؛ و با بکار بردن عناوین اسلامی، یا استفاده از نام و عکس اینجانب،
کار خود را به من نسبت دهند. بدینوسیله انتساب چنین اقدامی را به خود تکذیب
میکنم؛ و چنین اعمالی را مخالف خط مشی اعلام شده خود میشمارم.

والسلام علینا و علی عباد الله الصالحین

۵۸/۱۰/۱۷

احمد مفتی‌زاده

**نامەی کاک ئەحمەد دەربارەی مەحکومکردنی چەکهەلگرتنو شەڕی**

**ناوخۆ (١٩٨٠/١/٧ ن)**

زاد نت

احمد مفتی زاده

بواسطه تفاوت تعبیری که بین اینجانب و جناب آقای شیخ عزالدین حسینی در مورد تشریح
خواسته های ملت مسلمان کرد - با وجود اتفاق در اصل خواسته ها - وجود داشته، افرادی
تصور وجود اختلاف داشته اند. با توجه به اینکه در این شرایط، تصور اختلاف، به زیان
ملت است، در بعد از ظهر روز یکشنبه ۲۷/۱۲/۵۷، با حضور چند نفر از رهبران دینی، در منزل
جناب آقای ملا عبدالله محمدی امام جمعه سقز، نظرات خود را مطرح کردیم و بر سر مسائل اساسی
ملت به توافق رسیدیم، که این توافقنامه بصورت قطعنامه ای ۳ ماده ای، امضاء
شده و تکثیر میشود.

بنابراین، صریحاً اعلام میکنیم که کسی حق ندارد، هیچگونه اعلامیه ای بنام هر یک
از ما علیه دیگری، منتشر کند.

در مورد واقعه ای که هم اکنون در سنندج جریان دارد، بالاتفاق، رأی خود را مبنی بر
ترک فوری حمله و حمله به پادگان، اعلام میداریم. زیرا در این شرایط، تلاش ما برای
حل مسایل ملی با [illegible] حکومت طاغوتی است و اقدامات خشونت آمیز را، مردود
و به زیان ملت و جمهوری اسلامی ایران میشناسیم.

بنابراین، قاطعانه تأکید میکنیم که همه برادران از اطراف پادگان سنندج
دور شوند، و کاری نکنند که مسئله قطعی ما، بصورت پیچیده درآید.

عبدالرحمن ملا ...


سقز ۲۷/۱۲/۱۳۵۷ احمد مفتی زاده

امام جمعه سقز

عزالدین حسینی

**دەقی ڕێکەوتننامەی کاك ئەحمەدو شێخ عز الدین حوسەینی**

**(١٩٧٩/٣/١٨ ن)**



**نمونەی پارچە شیعرێکی (هەورامی) کاک ئەحمەد، بە خەتی خۆی**

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيم

قطعنامه‌ی ۲۰ تا ۲۲ خرداد ۱۳۵۸

# در باره‌ی خودمختاری کُردستان ایران

ملّت‌های مسلمان ایران و از جمله ملّت کُرد، پس از تحمل قرن‌ها فشار اختناق و استثمار، در برابر شاهنشاهی مغرور و افسار گسیخته‌ی پهلوی، قیام نمود؛ قیامی که کمترین نظیرش در تاریخ مبارزات ملّت‌ها علیه رژیم‌های خودکامه‌ی داخلی، رُخ داده است و با جانبازی‌ها و ایثارهای توصیف‌ناپذیر، حکومت طاغوتی را به زانو درآورد و بر زمین فنا افکند و پرچم حکومت اسلامی را بر افراشت. استمرار طبیعی مسیر و تداوم منطقی انقلاب، با توجه به اسلامی بودن آمال و احساس‌های حرکت‌بخش و توان آفرینش، ایجاد جامعه‌ای توحیدی و برانداختن بساط همه گونه استثمار داخلی و خارجی، و ستم فردی و گروهی و طبقاتی است و این وظیفه‌ای بر مردم انقلابی است که به پیروزی نظامی نبالند، و همدوش با رهبران انقلاب، در استمرار مسیر تکاملی انقلاب تا رسیدن به بلندترین قله‌های پیروزی، حرکت را ادامه دهند؛ بدین منظور چند بار کوشش شد تا اجتماعاتی از اشخاص آگاه و مورد اعتماد ملّت کُرد فراهم گردد... و بالأخره پس از تلف شدن ماه‌ها از فرصتی که نظیرش هرگز پیش نیامده، و به هدر دادنش، زیانی است غیر قابل جبران، در دعوتی علنی از عموم صاحب‌نظران کُرد، از هر قشر و هر گروهی درخواست شد که روز ۲۰ خرداد در سنندج حضور به هم رسانند.

با توجه به اینکه این ترتیب دعوت علنی، تنها راه معقول رسیدن به تصمیماتی است که می‌توان آن را منسوب به ملّت دانست، بیش از دو هزار نفر از سراسر مناطق کُردنشین اعم از استان کُردستان و استان‌های هم‌جوار از همه‌ی قشرهای ستم‌کش

ماده‌ی ۲ـ اقلیت مذهبی برابر قوانین اسلام، برای دیانت‌های غیراسلامی اطلاق می‌شود. اما تسنّن و تشیّع دو شاخه از اسلام‌اند که در بین آن دو تعبیر «اقلیّت و اکثریّت» ماصدق اسلامی ندارد. بنا براین، هر دو مذهب در کنار هم در کار تدوین قانون اساسی و وضع قوانین مختلف مملکتی و در اداره‌ی امور کشور بدون امتیاز فعالیت خواهند داشت.

ماده‌ی ۳ـ جامعه‌ی ایران به اقتضای طبیعت نظام طاغوتی گذشته جامعه‌ای است طبقاتی؛ لذا، جمهوری اسلامی برای تبدیل این جامعه، به جامعه‌ی اسلامی، باید سیاست اجتماعی و اقتصادی کشور را طوری تنظیم و اجرا نماید که فواصل طبقاتی یعنی: اتراف و استکبار از یک طرف و استضعاف از طرف دیگر از میان برداشته شود.

ماده‌ی ۴ ــ در گذشته کُردستان از نظر صنعت و عمران و کمک‌های اقتصادی، مورد ستم فراوان بوده است. لذا باید حکومت جمهوری اسلامی، برای این منطقه اولویّتی قائل باشد، تا با مناطق پیشرفته هم سطح شود. آنگاه درآمد عمومی مملکت به نسبت جمعیت و نیازها بین مناطق خودمختار تقسیم خواهد کرد.

ماده‌ی ۵ ـ چون حکومت در اسلام عبارت است از «شورا یا قوه‌ی مقنّنه»، طریقه‌ی معقول تأمین خودمختاری برای ملّت‌های مسلمان ایرانی، به وجود آمدن شوراهای خودمختار است که هر یک از شوراها، در هر منطقه، قوّه‌ی مُجریّه (دولت)، قوّه‌ی قضائیه، و قوّه‌ی مالیّه را جدا از هم تأسیس خواهد کرد و سپس نمایندگان این شوراها به نسبتی معقول (به نسبت اهلیّت یا جمعیّت)، شورای مرکزی یا حکومت مرکزی را تشکیل می‌دهند. شورای مرکزی، قوّه‌ی دفاعیّه (یا ارتش) را تشکیل می‌دهد، خط‌مشی سیاست خارجی ایران را تعیین می‌کند، قوانین عمومی را وضع و تدوین می‌کند، اقتصاد عمومی را تنظیم می‌نماید، درآمد را به نسبت احتیاج به طوری تقسیم می‌کند که مردم در همه‌ی خودمختاری‌های مملکت در یک سطح

زندگی کنند.

مادەی ۶ـ حکومت‌های خودمختار در عین محکوم کردن هرگونه حرکت تجزیه‌طلبانه در امور فرهنگی، اجتماعی، سیاسی و اقتصادی داخلی در حد قوانین عمومی، دارای آزادی کامل هستند (چون حدود آزادی، برای عموم روشن نیست و غالباً با بی‌بند و باری و سلب آزادی دیگران اشتباه می‌شود، حدود آن باید دقیقاً در قوانین معین شود).

مادەی ۷ ـ حکومت‌های خودمختار از رسمیت زبان ملّی خود، در همه‌ی سطح‌ها و شئون برخوردارند؛ منتهی زبان فارسی، در همه جا، در کنار زبان‌های محلّی رسمیت دارد؛ و قدرت وحدت این خودمختاری‌ها در چارچوب جمهوری اسلامی، به وسیله‌ی آیین اسلام و زبان فارسی، روز افزون می‌گردد؛ و به خاطر این وحدت باید از تبلیغات ملّی و مذهبی تفرقه‌انداز در همه جا جلوگیری شود.

مادەی ۸ ـ پلیس خودمختاری‌ها، به خاطر حفظ امنیت داخلی، در اختیار قوه‌ی قضائیه است، ولی ارتش برای مقابله با خارجیان است، و در امور داخلی، حق مداخله ندارد.

مادەی ۹ ـ همه‌ی مناطق خودمختار از مزایای روابط بین‌المللی مانند روابط فرهنگی، باید به نسبت جمعیت و احتیاج بهره گیرند.

مادەی ۱۰ـ حدود خودمختاری کُردستان و سایر مناطق، به مقتضای خواست و تمایل مردم بدون کمترین تحمیل، معین خواهد شد.

مادەی ۱۱ـ دولت جمهوری اسلامی ایران، باید همه‌ی قراردادهای مخالف مصالح ایران و بر ضد ملّت کُرد را ملغی اعلام نماید.

مادەی ۱۲ـ تمام اقلیت‌های مذهبی و ملّی در هر یک ا زخودمختاری‌ها، دارای حق امتیاز کامل در امور فرهنگی و سیاسی و اجتماعی و مذهبی می‌باشند؛ و این حق برای آنان تضمین می‌شود.

(۱۰–۱۲/۶/۱۹۷۹ ن)

بسم الله الرحمن الرحيم

**نامه کاك (أحمد مفتى زاده) به علماى اهل سنت ومسلمانان آگاه ايرانى، أعم از سنى و شيعى، براى تشكيل اجتماعى جهت جلوگيرى از كوته‌بينى وتنگ نظرى عده‌اى كه قانون تفرقه انگيز تصويب كردن.**

﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ (آل عمران/١٠٤).

عرب،خودرا بنورمصطفى سوخت
چراغ مرده مشرق برافروخت
وليكن آن خلافت، راه گم كرد
كه أول، مؤمنان راشاهى آموخت
(إقبال لاهورى)

از زمانى كه ـ به گفته شاعر آگاه اقبال ـ حكومت شورى ودولت خلافت، راه گم كرد وسلطنت جاى آن را گرفت، انواع بدبختيها بسوى

مسلمانان روی آورد، که "تفرق" معلوم مستقیم این انحراف وریشه باقی دردها و"أم الأمراض" بود.

در قرون انحراف، مردانی بزرگوار با بذل تمام تلاش و توان و نیز با ایثار و فدا کردن جان علیه تمام بدبختیها و علیه ریشه آنها: تفرق، و علیه "علة العلل" همه: حکومتهای ضد شورای دانشمندان اسلامی، قیام کردند. اما ذات تفرق، همیشه حربه هائی بدست خود کامگان داده که بوسیله آن از تأثیر مطلوب تلاش قیام کنندگان علیه تفرق وعلیه ریشه وعلت وعلیه پیامد ومعلولهای آن، جلوگیری کرده اند.

قیام با عظمت مردم با ایمان ایران، تا آنجا پیش رفت که به صورت انقلابی حکومتی، تخت یکی از حکومتهای خود کامه تاریخ را سرنگون ساخت.

امید چنان بود که این انقلاب با انداختن علة العلل در ایران بتواند راهش را بسوی درمان دیگر دردها وریشه همه: تفرق، ادامه دهد، تا در نهایت از مذاهب اسلامی وفرقه‌های مسلمان در ایران وسراسر جهان، دین واحد امت واحده را باز سازد. اما از آنجا که: پس از کتاب وسنت تنها وسیله وحدت ورفع تفرق اجتماع أولی الأمر (شورای أهل رأی، یا اهل حل وعقد، یعنی: تمام دانشمندان إسلامی) است، وحکومت در دست گیرنده زمام انقلاب نتوانست شرایط اینچنین اجتماعی راعلیرغم آمادگی مشتاقانه همه دانشمندان إسلامی سراسر عالم ـ فراهم سازد.

انقلاب بجای پیشروی بسوی کارهای اساسی پس از طی اولین مرحله از حیات دچار "ارتجاع" وناتوانی گردید وراهش از مسیر انقلابی که شعارهای ایام قیام تصویر می کرد منحرف شد. زیرا

"کارنامه" این انقلاب بصورت قانونی اساسی درآورد که بجای ریشه کن کردن "تفرق" آنرا تثبیت کرد و با اصول متعدد نیز بر آن مهر"مشروعیت"زد! ـ کاری که حکومتهای ارتجاعی صلاحیت آنرا در خود نمیدیدند، و......و...از پیش از انقلاب أیام تشکیل مجلس "خبرگان" ونیز بهنگام فعالیت آن تلاش فراوان شد که "وارثان انقلاب" بینش اسلامی دردها را بشناسند وبدرمان آنها بپردازند. تنها دو نماینده حدود یک پنجم جمعیت ایران (یعنی: پیروان سنت) که از بلوچستان بودند باز بسیار کوشیدند که سایر نماینده هارا راضی کنند که لا أقل تا حدی از شدت تفرقه اندازی اصل دوازدههمین قانون بکاهند.

أما متأسفانه قدرت پذیرش وحتی درک عمیق حقایق واقعیات در اکثریت نمایندگان تا حد لازم برای استمرار بخشیدن به حرکت انقلاب

گرانقدر ملت ایران نبود. ومجموعا، قانونی تصویب کردند که علاوه بر تفرقه اندازی از جهات مختلف دیگر نیز چندان ایراد ونقص دارد که بهیجوجه صلاحیت "کارنامه شدن" برای انقلاب ملت با ایمان وایثارگر ایران را - که در طول ایام یکساله پیش از انقلابش همواره با "تکبیر" وسایر شعارهای نوید دهنده آینده‌ای اسلامی، به استقبال شهادت میرفت - ندارد.

واکنون بر تمام مسلمانان آگاه ایرانی است، اعم از سنی وشیعی، که از سقوط انقلاب با عظمت خود یا عقیم ماندن آن جلوگیری کنند، ونگذارند که خونبهای دهها هزار شهید ایران ومیلیونها ودهها میلیون شهید تاریخ اسلام وآمال ملت ایران وهمه مسلمانان جهان فدای کوته‌بینی وتنگ نظری عده‌ای شود. وبطور خاص بر پیروان صادق سنت حضرت محمد - ﷺ - است که - علاوه بر تلاش مشترک با تمام مسلمانان

شیعی دلسوز اسلام بخاطر مستقیم گردانیدن راه انقلاب ـ بکوشند تا از استمرار حرکت ارتجاعی انقلاب، در جهت تفرق واعمال هر گونه ستم نسبت به اهل سنت قاطعانه جلوگیری شود. بخصوص که پس از تصویب اصل ۱۲ وسایر اصول تبعیض آمیز وتفرقه انداز قانون اساسی کم وبیش قولا وفعلا در اینجا وآنجا آثار سوء نیت مدافعان استمرار تفرق علیه اهل سنت بچشم می خورد، واعدام مرحوم شهید شکوری، وتوجیه‌های "حاکم شرع" صادر کننده حکم اعدام، نموداری رسمی و علنی از صدها و هزاران نمونه از این آثار است. و به حکم موازین سیاسی واخلاقی إسلام، هر مسلمانی چه شیعی وچه سنی، بتواند علیه این جنایات وستمها اقدامی بکند، ولی دریغ ورزد، در بارگاه حساب الهی شریک جرم شناخته خواهد شد.

با توجه به این مسائل، وبنا به حکم «ما لا یتم الواجب المطلق

إلآ به، فهو واجب« وبدون اجتماع وتبادل نظر وهمفکری صاحب نظران اهل سنت، تصحیح قانون، ورفع هر گونه ستم دیگر از این مسلمانان، مقدرور نیست ـ خود را مکلف دیدیم که مرکزی برای تشکیل چنین اجتماعاتی در تهران فراهم آوریم تا با شرکت همه دلسوزان مسلمانان سنی، شورایی از افراد واجد الشرایط تشکیل گردد.

هم اکنون با استقبال گرم وصمیمانه جمعی از جوانان با ایمان از أهل سنت مناطق مختلف ایران، تشکیلات "دفتر مرکزی" این شوری ترتیب یافته است. امیدوارم با توفیق وتایید خدای متعال، تلاش صمیمانه این جوانان بتواند بزودی به برگزاری اولین اجتماع بینجامد.

والسلام علینا وعلی عباد الله الصالحین.

أحمد مفتی زاده، تهران

۵۹/۱۲/۲۰

دەقی پێڕەوی ناوخۆی شورای مەرکەزیی سوننەت، بە فارسی

## أساسنامه شورای مرکزی سنت (شمس)

### تاریخچه:

انقلاب ایران که در سال ۱۳۵۷ هجری شمسی به پیروزی رسید، حاصل مبارزات تمامی اقوام، اقشار، گروه‌هاو رهبران مذهبی وسیاسی ایران بود. أما زمان زیادی از پیروزی آن نگذشت که عده‌ای تمامیت خواه وقدرت طلب توانست دستگاه‌ها وامکانات اداری دولت را در راستای ترویج باورهای مذهبی خاص خود به خدمت بگیرد؛ و دیگر گرایش‌ها وگروه‌های ایرانی را از هر نظر محاصره ومنزوی کند. یکی از ابزارهای آنان تدوین موادی ازقانون اساسی با هدف تثبیت باورهای خود وتحمیل آن بر تمامی گروه وگرایش‌های فکری، سیاسی ومذهبی دیگران بود.

آن اقدامات عکس العمل‌های متقابلی را همچون مبارزه‌ی مسلحانه، مبارزه سیاسی ومذهبی مردمی را به دنبال داشت، که از نوع اخیر آن گردهمایی نخبگان اهل سنت وجماعت ایران در یک همایش در تاریخ ۱۲-۱۳/۰۱/۱۳۶۰هـ.ش، (۱۹۸۱م) در تهران بود که به تشکیل شورای مرکزی سنت (شمس) انجامید که هدف از آن حمایت از هویت مردم اهل سنت و ادامه فعالیت جمعی و ملی بود.

در آن همایش صدها نفر از علماء، اندیشمندان و نویسندگان اهل سنت حضور و مشارکت داشتند، که در واقع می توان آن را شورای رهبری یا (اهل حل و عقد) اهل سنت به شمار آورد.
شرکت کنندگان در آن گردهمایی با هدف همگرایی و یکپارچه نمودن فعالیت‌های مردم اهل سنت در ارتباط با اصول و بنود زیر به توافق رسیده و تصمیم گیری نمودند:

أساسنامه‌ی شمس (مبادئ شمس):
۱ــ طبق مفاد أساسنامه شمس، وظیفه أول شورای مرکزی سنت کوشش در راه إحیای امت واحده اسلامی وزدودن مظاهر تفرق از قیافه این امت میباشد.
۲-تلاش برای انسجام وتشکیل اهل سنت ایران درجهت وحدت اسلامی.
۳- تشکیل شوراهای تابع مرکزی سنت از افراد واجد الشرایط در تمام شهرها و مناطق سنی نشین به ترتیبی که، رابطه میان مردم و شورای مرکزی سنت باشند.
٤- فعالیت پیگیر و قاطعانه برای رفع ستمهای مذهبی و ملی و طبقاتی در سراسر ایران، از اهل سنت به وسیله اصلاح اصول متعدده قانون اساسی خصوصا اصل دوازده.
٥- تلاش برای ایجاد مرکزی در تهران مانند مسجد برای اجتماعات و برگزاری

مراسم و سایر خدمات دینی (جمعه و جماعت وسخنرانیها ).
٦- سعی برای ایجاد و تقویت مدارس علوم دینی در تمام مناطق سنی نشین و تشکیل دوره‌های کار آموزی برای معلمان تعلیمات دینی.
٧- تشکیل گروههای متعدد از افراد با ایمان و متعهد با شناخت و آگاهی کافی برای تبلیغات در تمام مناطق اهل سنت.
٨- ترتیب یك گروه واجد الشرایط برای نوشتن تعلیمات دینی مدارس اهل سنت در ایران.
٩ـ كوشش در جهت ترتیب دادن یك نشریه دائمی که بازتاب خواستها و آمال جامعه اهل سنت ایران باشد.
١٠ـ اقداماتی در جهت سد باب نمودن اهانت به بزرگان اسلام و گنجانیدن آن در قانون اساسی.
١١ـ کوشش برای تخصیص ساعاتی در شبانه روز از اوقات کار رادیو و تلویزیون سراسری و محلی به برنامه های تبلیغات مذهبی اهل سنت زیر نظر این شوری.
١٢ـ تعین ائمه جمعه و حاکم شرع در تمام مناطق سنی نشین، باید با نظر مردم محل و تأیید این شوری باشد.
١٣ـ تلاش برای جمع آوری و بکار انداختن ثروتهای مسلمانان اهل سنت

در جهت تولید و خود کفائی برای پیشبرد اهداف اسلامی.
۱٤ـ کوشش برای برقراری ارتباط با سایر مسلمانان ایران و جهان در جهت تحکیم مبانی وحدت و اخوت اسلامی و خصوصا استفاده از همکاریهای افراد علاقمند به برنامه کار شورای مرکزی سنت.
۱٥ـ تلاش برای اعزام افراد با استعداد به مراکز اسلامی جهان برای فراگیري معارف و علوم اسلامی.
۱٦- بنا به پیشنهاد و تأیید تمام شرکت کنندگان در جسله، تصمیمات شورای مرکزی سنت باید با نظارت و تصویب حضرت علامه احمد مفتی‌زاده و حضرت مولوی عبدالعزیز ملازاده رهبران اهل سنت ایران ومؤسسین شورای مرکزی سنت، صورت پذیرد.
تبصره: به پاس زحمات این دو بزرگوار و خدمات شایانی که به اهل سنت نموده‌اند، نص این ماده (۱۶) همچنان در اساسنامه باقی می ماند، اما تمامی تصمیمات و قرارات شمس زیر نظر شورای رهبری میباشد. (مصوبه آخرین کنفرانس شمس).
این أساسنامه در ۱۶ماده بتاریخ ۱۲و۱۳فروردین ماه سال۱۳۶۰ هجری شمسی و با حضور علما، اندیشمندان و روشنفکران اهل سنت در

تهران تصویب شده است. (کنگره أول، یا کنگره تأسیس شمس).

زاندست

مادەی ۱۳ـ پس از پایان کار این کنفرانس، به خاطر جلوگیری از تفرّق، تلاش خواهد شد که زمینه برای برگزاری یک کنفرانس دیگر با شرکت برادرانی که در این اجتماعات شرکت نکردەاند، فراهم گردد.

مادەی ۱۴ـ نمایندگانی که در این کنفرانس انتخاب می‌شوند،کوشش خواهند نمود تا با مشورت اشخاص متخصّص، طرحی دقیق و مفصل برای خودمختاری کُردستان تهیه نمایند؛ و پس از کنفرانس دیگر ـکه امیدواریم بزودی تشکیل گردد تا ملّت از سرگردانی و تفرّق نجات یابدـ نمایندگان دیگری نیز به نسبتی معقول انتخاب خواهند شد، تا عموماً کامل‌ترین طرح را برای تصویب آماده سازند.

مادەی ۱۵ـ این قطعنامه در پایان کنفرانس خودمختاری سنندج در روز سه شنبه ۵۸/۳/۲۲ در ۱۵ ماده تنظیم شد، و گامی مؤثر است در راه رفع ستم‌هایی که در طول قرون، بر ملّت کُرد تحمیل شده است.

***

توفیق انقلاب اسلامی ایران را در رفع همه گونەی استثمار فردی و گروهی و طبقاتی از خدای متعال خواستاریم.

به امید پیروزی و بهروزی همه جانبه ـ وَ الْحَمْدُ لله رَبِّ الْعالَمین.


به تاریخ بیست و دوم خرداد ماه ۱۳۵۸ هجری شمسی برابر با ۱۷ رجب ۱۳۹۹ قمری.

«هیئت اداره کنندەی جلسات کنفرانس»

(۱۹۷۹/٦/۱۲ز)




**کاك ئەحمەد، پاش بەردرانی لە زیندان**



**نامەیەکی کاك ئەحمەد لە ناو زیندانەوە، بۆ دۆستانی**



مالّی دێرینی کاک ئەحمەدی موفتی زادە لە شاری سنە.




کاک ئەحمەد پێشنوێژیی دەکات



**دوا هەوارگەی دونیای کاك ئەحمەد، لە ناوجەرگەی شاری سنە**

زانست